روون
گۆڤارێکی فیکری ڕەخنەیی وەرزییە
ژمارە ٧

# داعش بەهاری عەرەبی دەکاتە پایزی خۆرئاوا ؟



## د.ڕاشد غەنوشی :

ئازادی لە پێش شەریعەتدا.



## د.محسین عبدالحمید :

پڕۆژەی بونیاتنانەوەی شارستانییەتی ئیسلامی هاوچەرخ ترسی خستووەتە دڵی خۆرئاوای عەلمانیەوە.



## د.عمر عبدالعزیز :

دەستەواژەی بێناوەڕۆکی (ئاین بۆ تاك) بۆ مەسیحییەت دروستە بەڵام ئیسلام خاوەنی سێزدە سەدە لە حوکمڕانییە.



## مسعود عبدالخالق :

ئەسڵی دیموکراسی ئاینە نەك عەلمانی.



## تۆماس فریدمان :

ئەوەی زیاتر ئازاری موسوڵمانان دەدات سعودییەیە کە لەیەك کاتدا شەڕ لەگەڵ (داعش)دا دەکات و پاڵپشتی ئایدۆلۆژیایەك دەکات کە بەرهەمی دەهێنێت.

گۆڤارێکی فیکری ڕەخنەیی وەرزییە

ژمارە (7) ساڵی شەشەم

2016

**خاوەن ئیمتیاز**

**سەنتەری گەشە پێدانی چالاکی لاوان _ ئۆفیسی سەید سادق**

**سەرنوسەر**

**جەمیل عوسمان**

07702161851

**بەڕێوەبەری نوسین**

**وریا باقر**

07702443551
07501562870

**ستافی نوسین**

**موحەممەد موحەممەد**

**تایپیست**

**کارزان ڕەشید**

**دیزاین**

**محمد دلێر**

07501790519

**بۆ پەیوەندی**

Rwn2010@yahoo.com

**ژمارەی مۆڵەتی یاسایی (453) سەندیکای ڕۆژنامە نوسانی کوردستانی پێدراوە**

# پێڕست


–سەروتار ........................................جەمیل عوسمان.............4

– دیداری (د.محسن عبدالحمید)............... جەمیل عوسمان و وریاباقر ..............7

– شکستخواردنی دەوڵەتی هاوچەرخ..... محمد فەرەج(ئەمین داری یەکگرتوو)..........12

– داعش و جیهانی عەرەبی...............................و:ئیدریس علی..........17

– شیکردنەوەیەکی بابەتیانە بۆ عەلمانیەت....................عوسمان فارس..........20

– دیداری (د.عمر عبدالعزیز)............................... جەمیل عوسمان..........27

– مەلابەختیار لەچی نیگەرانە........ .........وریا باقر............35

– دیداری (مسعود عبدالخالق).............................پەیام نجم الدین..........38

– (ئیسلام ..عەلمانیەت..شەرعیەت...)..................ڕێبەر اکرم فایەق. ........48

– ئازادی پێش شەریعەت (ڕاشد غەننوش)................... و:جەمیل عوسمان.........56

– نامۆبوونی کەسێتی لاوی کورد ................. مەریوان عەلی خواڕەحم.......64

– ئەو شەوەی کە پاریس خەڵتانی خوێن کرا ............ عادل باخەوان ...........81

– ئەوروپا و بومەلەرزەی ئیسلامی ..................... ...عمر علی غفور .............85

– ئیبلاس و جەنگاوەرانی لەڕۆمانێکی کوردیدا.........خوێندنەوەی : وریا باقر.............89

سەروتار

جەمیل عوسمان



# کۆتایی بەهاری عەرەبی و سەرەتای پایزی خۆرئاوا

یەکێك لە ڕووداوە گەورەکانی ئەم دواییەی جیهانی ئیسلامی ورۆژهەلاتی ناوەڕاست،سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی وشۆڕشی گەلان بوو دژ بەدەستەلاتەدیکتاتۆر و گەندەڵەکان،دوای ئەوەی لە هەندێك ولآت داشۆڕش هاتە بەر و گەل لە ڕێگای سندوقی دەنگدان و گەمەی دیموکراسیەوە بڕیاری خۆیدا،زۆری نەبەرد بەکودەتاو خوێنڕشتن و لە گۆڕنانی خەونی خەڵك کۆتایی هات،لەبەرامبەر ئەم ستەمەدا،خۆرئاوای دیموکراسی وماڤی مرۆڤ ،سەرەڕای ئەوەی ئیدانەی ئەو ستەمکاریانەی نەکرد،بۆهێنانەئارای ڕەوشێکی ترسناك لەحوکمی عەسکەر بۆ داپلۆسینی جەماوەری تورەو چەپاندنی ئازای و کەنارخستنی بزاڤ ئیسلامی میانەڕەو ڕێگاخۆشکەربوو،جگەلەوەش بێدەنگبونیان لەئاست ڕشتنی خوێنی سەدان هەزارهاولآتی سوری لەلایەن بەشار الاسدەوە ئەوەندەی تر دۆخەکەی قێزەون کردو گشتمانی لەبەرامبەر مرۆڤ دۆستی خۆئاوادا دڕدۆنگ کرد،ئەوەی لەسوریا وعێراق وناوچەکە دا ئەگوزەرێت گوزراشتە لەبێ حورمەتی و درۆی شاخداری خۆرئاوالەمەڕ دیموکراسی کەرامەتی مرۆڤی جیهانی ئێمە.بێگومان پەراوێزخستنی بزاڤ ئیسلامی میانەڕەو ،سەرهەڵدانی داعشی بەدوای خۆی دا هێنا،مەتەڵێك کە تائێستا حەلنەکراوە ووەك پرسیارێکی بێ وەلآم ماوەتەوە پرسی داعشە،چۆن دروست بوون؟لەکوێ وە هاوکاری مادی وسەربازی وەردەگرێت،داعش چەك و کەرەستەی پێشکەوتوی هەیەوبەتەکنۆلۆجیای سەردەمەوە هاتۆتە گۆڕەپانی جەنگ، وەك دەوڵەتێکی زەبەلاح مامەڵە بە کڕین وفرشتنی نەوتەوە ئەکات،ئەگەر چی بەردەوام ئەگوترێت فاکتەری تیژڕەوی و پەلهاویشتنی داعش بەو خێراییە بۆ پاشخانە فکری و ئاینیەکە ئەگەڕێتەوە،بەلآم ئەگەر لە دروشمبازی دەربچین وپەڕینەوە بۆناو ئەوەی لەواقیعدائەگوزەرێت ،ئەبینین کە ئەم هێزەبەناودینیە ململانێی سیاسی خولقاندویەتی و زیاتر بەرکەوتنی لەگەڵ دەوڵەتانی خاوەن

بەرژەوەندی سیاسی دا هەیە،تەنانەت هەندێك لە دەوڵەتە زلهێزەکانی خۆرئاواو ئیقلیمیش داعش وەك وەرەقەی فشار لە دژی یەکتربەکار ئەهێنن، داعش ئەگەر بەو ڕەهاییەبەرهەمی فکر وئاین بێت ،ئەبوایەزیاتر بەرکەوتنی لەتەك دژەئاین وئایدۆلۆژیا باوەکانی سەردەم دا هەبوایە نەك خاپورکردنی پەرستگا دینیەکان وکوشتنی خواپەرستەکان،داعشەکان بەرلەهەموو کەس خوێنی موسڵمانیان ڕشتوەو ناوچەسونیەکانی عێراق وسوریایان کردۆتە دۆزەخ وجەنگەڵستان،داعش دەستی ئەو شۆڕشگێڕانەی بڕیوە کە بەرلەدەرکەوتنی ئەوان ساڵانێکە دژی دیکتاتۆر وستەم ئەجەنگێن ولەسوچی زینداندان،وەك کوردانی ڕۆژئاواو عەرەبەسونیەکانی سوریا،داعش لە عێراق بۆتە هۆکاری ئاوارەبوونی زۆرینەی سونەکان وبەتاڵانبردنی ماڵ وسەروەت و لەکەدار بوونی ئابڕویان لەلایەن چەکدارەکانی خۆیان وپاشان حەشدی شەعبیەوە، ئەمڕۆ داعش بۆتەبەشێك لە هاوکێشەئابوری وسیاسی وجیهانیەکان وهەموانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە،زۆر نالۆژیکیە ئەگەر تەنها لەڕەهەندە فیکری و ئاینیەکەی داعش بکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ورود وبابەتی بۆ سەرجەم ئەو ڕەهەندە سیاسی وئابوری وئیقلیمیانە نەکەین کە زەمینەسازیان بۆ سەرهەڵدانی داعش کرد،ئێستا ئەوەی ڕوو ئەدات دەرهاویشتەی کۆمەڵێك فاکتەرە کە لەڕابوردوو دا ڕویان داوەو بەرژەوەدنی زلهێزەکان خولقاندویەتی،ڕەنگە قەبارەی کارەسات و تاوانەکانی داعش بەوەندەوە نەوەستێت وزیاتر تەشەنەبکات،ڕەنگە لەبەرامبەر ئەوهێرشەئاسمانیانەی– کەزیاترلەگەمەیەکی منالانە ئەچێت –داعش قۆناغێکی نوێ لەجەنگ و چالاکی تیرۆری بەرپابکات بەرەوخۆرئاوای شارستانەیەت و دیموکراسی،ئەوکات دوور نیە سەرەتای بەریەك کەوتنی شارستانیەتەکانی ئیسلام و خۆرئاوا ڕووبدات،ئەم ڕووداوە خوێناوییانەی ئەم دواییەی فەرەنساو هەندێك وڵاتی دیکە زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ خەڵکی خۆرئاوا،تەقینەوەکانی فەرەنسا خەوی قوڵی هێمنی وئاسایشی لەچاوی ئەو وڵاتە تۆراند و هەموانی خستە حاڵەتی هستریا و تۆقانەوە،ڕەنگە ئەمە سەرەتای ئەو بەزمە بێت کەدەیان ساڵە لەتەك کۆمەڵگای شەرقی دا دەست وپەنجەی نەرم کردوە.ئەوکات دانیشتووانی ئەوروپا بەحوکمی ووشیاربوونیان لەئاست حەقیقەتی ڕوداوەکان خێراتر دەرکی ئەو هێزە ئەکەن کەلەپشتەوە داعش ئەجوڵێنێت،ئەوەش ڕێگا خۆشکەر ئەبێت بۆ ململانێیەکی خوێناوی لەئاست وڵاتانی خاوەن بەرهەم و تەکنۆلۆژیا کەدوور نیە جەنگی جیهانی سێهەمی لێبکەوێتەوە.کاتی ئەوە هاتوە ئەمریکاو هاوپەیمانانی دان بەو ڕاستیەدا بنێن کە لە جەنگی دژی تیرۆر دا شکستیان هێناوە و متمانەی دۆست ودوژمنیان لەدەست داوە،هەندێك جار ئەوەش ڕاستە کە ئەمریکا خۆی سەرچاوەی دروست بونی تیرۆر بووەو بۆ داگیرکاری ولەناوبردنی نەیارەکانی

گروپە تیرۆریستیەکان باشترین میکانیزم بوون بەدیهێنانی ئامانجەکانی،بەلاّم ڕەنگە ئەم وەرەقە ڕەشە چیتر مەفعولی نەمابێت ولەبازاڕی ململاّنێکانا داشکاندنی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت،داعش وەك دوایین ڕەوتی تیرۆریستی کاردانەوەی دونیایەك ناحەقی وبیّ ڕێزیە بە کۆمەڵگای جیهانی ئیسلامی،ئەوانەی بونەتە جەنگاوەر وسەرباز بۆ ئەو دەولّەتە تیرۆریستیە،بریتین لە کۆمەلّێك گەنجی مەحروم لە ژیان وئازادی و مافەسەرەتاییەکانیان،ئەوانەن کە عەیامێك خەونیان بە کەوتنی دیکتاتۆرەوە بینی،بەلاّم کودەتا و خیانەت و بیدەنگی و ناهومیدی خۆر ئاوا نائومێدی کردن و پەراوێزی خستن،کەواتە بەدیلی ئیسلامی میانەڕەو تەنها داعش و تیرۆرە،نەك عەلمانیەتێکی شکست خواردوو قیناوی وتاکڕەو،کە خۆی تیرۆر وتوندو تیژی بەرهەمهێناوە،بۆیە تاکە چارەسەر تەنها ئاوڕدانەوەیە لەبزاڤی ڕەسەنی ئیسلامی میانەڕەو وڕێزگرتن لە ئیرادەی گەلانی موسلّمان و گێڕانەوەی شەرعیەت بۆ دەستەلاّتێك کە گەل متمانەی پێداوە.



# دیداری لەگەڵ

# د.موحسین عبدالحمید :

## سوننەی عەرەب لەعێراق فتوای هەندێك مەلای ناحاڵی و نەزان، توشی ڕاگواستن و کوشتنی کردن.

دیداری: جەمیل عوسمان و وریاباقر

پرۆفایل:

*ناو: موحسین عبد الحمید

*لەدایکبووی 1938.خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەسلێمانی ،وئامادەیی لەکەرکوك و زانکۆی لە بەغداد تەولو کردوە.

* ماستەر ودکتۆرای لە زانکۆی قاهیرە بەدەست هێناوە،

*لە سالّی 1982 بووەتە مامۆستا لەکۆلێژی شەریعەی زانکۆی بەغداد .

*لە چەند زانکۆیەکی هەریەك لە ولاتانی مەغریب و سعودیە وانەی وتۆتەوە.

*زیاتر لە 30 کتێبی لەبواری فکری ئیسلامی دا نوسیوە.

*لە سالّی 2003 دابە ئەمینداری گشتی حزبی ئیسلامی عێراقی هەڵبژێردراوە.

*لەمانگی شوباتی سالّی 2004 بویە ئەندام و دواتر سەرۆکی مەجلیسی حوکم .

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق، یەکێك لەوهێزە دیارو کارگەرانەی کە خاوەن ڕابوردوی خەبات و پاشخانی ئیسلامی وئیخوانی بوون،حزبی ئیسلامی عێراقی بوو،کە لەدوای کەوتنی ڕژێمی بەعس وەك هێزێکی کارا و خاوەن جەماوەر کۆمەڵێك پۆستی هەستیار ی حکومی وپەرلەمانی وەر گرت وجگە لەوەش لە دەزگا مەدەنی ومەعریفیەکنای ولآت دا خاوەن دەیان مامۆستای زانکۆ و کەسایەتی ونوخبەی ئەکادیمی بوو،بولآم زۆری نەبرد ئەم حزبە پاشخان ئیخوانیە ئاستی جەماوەری بەرەو دابەزین وپاشەکشە ی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی ،حزبی ئیسلامی زیاتر لەلاین کۆمەڵێك ڕەوتی سونیەوە دژایەتی ئەکران و کەبریتی بوون لە بەعسیەکان و قاعیدە و ((هیئة العلماء)) وهەندێك خێڵی سونیەوە،تاکار گەشتە ئەوەی زۆرێك لە کەسایەتیە دیارەکانی ئەو حزبەیان تیرۆر کرد.لەم دیمانەی ڕوون دا یەکێك لەسەرکردە وبیرمەندە دیارەکانی حزبی ئیسلامی وەلآمی ئەو پرسیارانە ئەداتەوە کە باس لە هۆکارەکانی پاشەکشە ی حزبی ئیسلامی ئەکات.

**ڕوون:** موحسین عبدالحمید چۆن عەلمانیەن پێناسە ئەکات ،دەربارەی عەلمانیەتی شەرقی ،ئایا میانەڕەون یاخود توندڕەو؟.

**د.محسن:**عەلمانیەت لە خۆرئاوا لە ئەنجامی ململانێی زانست و فکر لەگەڵ کەنیسە دروست بوو،کلێسا لەگەڵ سیستەمی پادشایی ستەمکاری ناکۆك بوو ،وای پێویست ئەکرد کلێسا بکرێتەدەرەوەی دەستەلآت بەسەر کۆمەلگادا تاوەك زانست و فیکر ڕێچکەی خۆی وەربگرێت، عەلمانیەت لای ئەوان بەمانای دونیایی بوون دێت،عەلمانیەت واتەدوور خستنەوەی ئاین لە کاروباری دونیا،لەکاتێك دا عەلمانیەت لای ئێمە لەسنوری خۆی دەرچووەو بۆ دژایەتی کردنی ئیسلام ئاڕاستە کراوە بەبێ ئەوەی هیچ زەرورەت بکات.

**ڕوون:** سەرەڕای ئەو هەموو توندوو تیژیەی ڕووی دا لە کودوتا و کوشتن ودەستگیر کردنی ئیسلامیەکان لەدوای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لەسەر دەستی عەلمانی وچەپەکان،بەلآم هیچ هەڵوێستێکی ڕوونمان لە خۆرئاوا و ئەمریکا بۆ لێپێچینەوەی کودەتاچیەکان نەبینی، تەنانەت ئیدانە وسەرکۆنەشمان نەبینی،هۆکاری ئەمە چیە؟

**د موحسین:** هۆکار ئەوەیە هێزی سەرکەش و تاغووتی خۆرئاوا دەرچوون لە دژی ئیسلام هەڵئەنێت،ڕاگەیاندنی عەلمانیەت واتە دوور خستنەوەی شەریعەتی ئیسلامی لە حوکم،ئەم حاڵەتەش سودی بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆرئاوا هەیە،ئیتر چۆن ئیدانەی سەرکوت کردن ی گەلان و دژایەتی ئیسلامیەکان سەرکۆنە ئەکەن؟ئەو فەرمانڕەواو ڕژێمانەی کە لەولآتانی ئیسلامی دا ئەو ستەمە ئەکەن لەلایەن هێزی ئیستیعماریەوە هەتا ئەمڕۆ پاڵپشت و پشتگیری ئەکرێن.

**ڕوون:** لەبەرچی خۆرئاوا و ولاّتانی زلهێز لە گەشتنی ئیخوان بۆ سەر دەستەلاّت ئەترسن؟

**د موحسین:** لەبەر ئەوەی ئیخوان موسلیمین پرۆژەی ئیسلامێکی تێر وتەواو (موتەکامیل)یان هەیە بۆ خەبەربونەوەی ئومەتی ئیسلامی وبنیاتنانی هێزویەکڕیزی و شارستانیەتی هاوچەرخی ئیسلام،هێزی سەرکەشی خۆرائاواش لەوە ئەترسێت،بۆیە دەستەلاّتە بەکرێگیراوەکانیان زاڵ کرد بەسەریانا.

**ڕوون:** موحسین عبد الحمید وەك بیرمەندێکی ئیسلامی سەبارەت بە ئەهلی سوونە و ڕابوونی ئیسلامی لە عیراق دا بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەت هیواخوازی چیە ؟

د موحسین: هیوادارم موسڵمانان بەگشتی بەخەبەر بێنەوە و یەکبگرن بەتایبەت ئەهلی سوننە تاوەك بتوانن لەبەرامبەر هەرموو ئەوانەدا ڕابوەستن کە لەگەڵ ئاین و ئایندە ویەکڕیزیاندا ڕوبەڕوو ئەبنەوە،وە سەبارەت بە گەلەکەی خۆم گەلی کورد هیواخوازم هەموو ئاواتەکانی بەدەست بهێنێت و بگات بە یەکگرتووی ڕزەکانی ودەوڵتی خۆی .



**ڕوون:** بەڕێزتان چی سوودێکتان لە بەشداری کاری سیاسی دا بینیوە،پێت وانیە بەبۆنەی کاری سیاسیەوە زۆرێك لە جەماوەرەکەتان لەدەست دابێت؟

**د موحسین:** بەلامەوە گرنگ نیە جەماوەرم لەدەست دابیت یان نەدابێت،گرنگ لای من ئەوەیە دڵسۆز بم بۆ ئاین و گەلەکەم،بەشداری سیاسیم بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بوە،بەلاّم زۆربەی ئەهلی سونەی عەرەب بەهۆی پەرتەوازەیی و مانەوەی بیری بەعسیزم تیایاندا پرۆژەکەی ئێمەیان ڕەتکردەوە و دژایەتیان کردین.

**ڕوون:** ئەم سیاسەتەی ئێستا لە عێراق دا پیادە ئەکرێت هێچ بەرهەمێکی بەسوودی بۆ موسڵمانان ئەبێت؟

**د موحسین:** لە ڕاستیدا هەوڵمان دا ئەهلی سوننەی عێراق بهێنینە ناو پرۆسەی سیاسیەوە تاوەك پێگەی خۆیان وەربگرن و نەبنە زەلیلی دەستی ئەوانی تر،بەڵام ئەوان ڕەتیان کردەوە و وایانزانی بەشداری نەکردنیان یەکیان ئەخاتەوە،بۆیە بەهۆی ئەو هەڵوێستەیانەوە هەموو شتێکیان لەدەست دا.

**ڕوون:** بەڕێزت پێتان وانیە ئەوەی ئەمڕۆ سوونەی عەرەب لە ڕاگواستن و کوشتن و دەستگیرکردن دووچاری بوە بەهۆی هەندێك هەڵەی فکری و سیاسی حزبی ئیسلامیەوە بوە؟

**د.موحسین:**تەواو بەپێچەوانەوە،بێگومان هۆکاری دژایەتی کردنمان لەلایەن سوننەی عەرەبەوە، وفەهمنەکردنی پرۆژەکەمان و زاڵبوونی عەقلیەتی خێڵ وبەعسیزم و فەتوای هەندێك مەلای ناحاڵی و نەزان بوو کە تووشی ڕاگواستن و کوشت و گرتنی کردن،خۆ ئەگەر شوێن پرۆژەکەی ئێمە بکەوتنایە وایان لێ بەسەر نەئەهات.

**ڕوون:** هەندێك ئەڵێت: سیاسەتی هەڵەی حزبی ئیسلامی و خراپ بەکارهێنانی پۆستە حکومیەکان و دەمار گیرانە مامەڵە کردنیان لەتەك غەیری خۆیان لە سوننە ،هۆکاری سەرەکی لەدەستدانی متمانە و جەماوەر بوو،بەڕێزت چۆن ڕەتی ئەو گومانە ئەدەیتەوە؟

**د موحسین:** ئەوەی تۆ باسی ئەکەی هۆکار نەبوو ،بەڵکو دژایەتی کردنی بەعسیەکان و هێرش و تۆمەتی ئەوانەی خۆیان ناولێناوە دەستەی زانایانی سوننەو خەڵکی گێلی سوونە وبڕوا کردنیان بەو دەنگۆیانە هەموئەوانە کە خراپ بوون لەئاستی ئێمەدا هۆکار بوو،نکۆڵی لەوەش ناکەم کە هەڵەی هەندێکمان بەڵگەی دابەدەستی ئەوان و جەماوەریشەوە.




**ڕوون:** هەروەها ئەوترێت : لێك نزیکبونەوەوپەیوەندی سیاسی نێوان حزبی ئیسلامی ویەکگرتووی ئیسلامی لەدوای پرۆسەی داگیرکردنی عێراقەوە هۆکارێکی تر بوو لەلاواز بوونی حزبی ئیسلامیدا–بەتایبەت کە ئەمینداری گشتی حزب لەو کاتەداکەسایەتیەکی کورد بوو–وە ڕاشکاوانە وتی: ( فیدراڵیەت مافیکی گەلی کوردەو تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان لەو پرسەدا ئەبێت ڕەچاو بکرێت ) ئەوەبوو زۆرینەی سوننەکان ئەو لێدوانەی بەڕێزتیان بە موزایەدەی سیاسی لەسەر حیسابی سوننەی عەرەب ئەزانی،تۆ لەوبارەوە چی ئەڵێیت؟

**د موحسین :** لاواز بوونی ئێمە هیچ پەیوەندی بەوەوە نەبوە،کوردبونی منیش هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئەوە نەبوە،خەڵکی هەموویان ئەوە ئەزانن کە بوونی پەیوەندیمان لەگەڵ برایانمان لە یەکگرتووی ئیسلامی ڕیشەیەکی ئایدۆلۆژی و ئیسلامی ڕاستەقینەی لە مێژینەی لەبەرژەوەندی موسڵمانان بەگشتی و عێراق بەتایبەت هەیە .

ڕوون: دیدی دکتۆر موحسین بۆ پەیڕەوی ناوخۆی ئێستای حزبی ئیسلامی چیە؟ئایا پەیڕەوی ناوخۆ ڕێگەی پێدابوون موافەقە لەسەر هەندێك بەندی دەستوور بکەن،ئەگەر وەڵام بەڵێیە،پێمان بڵێ ئەو فەقەرە کامەیە کە ڕێگەی داوە بەو موافەقە کردنە،خۆ ئەگەر نەخێرە ئەی کێ لەوپێشێل کردنەی پەیڕەوی ناو حزب بەرپرسە؟

**د موحسین:** موافەقەکردنمان لەسەر دەستوور بۆ ناچاری ئەو ڕۆژگارە بوو،دوای ئەوەی مادەی 142 مان خستە نوا دەستورەوە،وە سیستەم وپەیڕەوی ناوخۆی حزبەکان تەدەخول لە وردەکاری و جوزئیاتی دەستوور ناکات،چونکە هەڵویستی سیاسی: ئیجتیهاد و تێڕوانینە بۆبەرژەوەندی و زیانەکان،بە بڕوای من لە موافەقە کردنمان لەسەر دەستوورهەڵە نەبووین.

**ڕوون :** بۆچونی شەخسی و فیقهی دکتۆر موحسین لەبارەی دابەشکردنی عێراق و پێدانی هەرێمێك بۆ سوننەی عەرەب ،ئایا لە ڕووی ئیداری و ئابوری و سەرکردایەتی کردنەوە بوونی هەرێمێکی سوننی سەرکەوتوو ئەبێت؟

**د موحسین:** بڕوام بە دابەشکردنی بەشێکی عەرەبی لە عێراق دا نیە،من بڕوام بە سیستەمی فیدراڵی دیموکراتی هەیە بۆ عێراق وەك یەکەیەك،کە هیچ بەشێکی ئەودەوڵەتە سەرکەش نەبێت بەسەربەشەکەی تری دا،من وای ئەبینم کە داواکردنی هەرێمێك بۆ سوننەکان لەو دۆخە ئاڵۆزەی عێراق دا هەر بەم شێوە کۆتایی دێت کە ئێستا سوننەی عێراقی تێدایە،ئەمە لە کاتێکدا دەستوری عێراقی دانی بە سیستەمی یەکپارچەیی دا ناوە.

ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان:



## شکستخواردنی دەوڵەتی هاوچەرخ لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا، کۆلۆنیالیزم دەوڵەتی هاوچەرخی کردە ئامراز بۆ بە سیکولاری کردنی ژیان و دابڕاندنی کۆمەڵگا موسلمانەکان لە پەیامی ئیسلام.

وتاری (محەمەد فەرەج ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) کە بەزمانی کوردی لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی وتارێکی پێشکەش کرد لە(24 مین کۆنگرەی نیودەولەتی یەکێتی گردبونەوە ئیسلامیەکانی جیهان) ئیستەنبول..

----------------------

ئێمە ئەم کۆنفرانس و کۆبوونەوەیە لە کاتێکدا دەبەستین کە گەلانی موسڵمان بە بارودۆخێکی ئێجگار ئالۆزو مەترسیداردا تێدەپەڕن، گەلانی موسڵمانی ناوچەکە لە پێناو بەدیهێنانی جیهانێکی دیموکراتو پاکژخواز بە شێوەیەکی مەدەنی ئاشتیخوازانە هاتنە سەر شەقامەکان بۆ ئەوەی خەونو خولیاو ئاواتو ویستو ئیرادەی ئایندەسازی خۆیان پیشانی هەموو دونیا بدەن، بەڵام ئاکامو عاقیبەتی ئەم ڕاپەڕینە مەدەنیە دیموکراتیە ئاشتیخوازانە بریتی بوو لە تووشبوونی کۆمەڵگا موسڵمان نشینەکان بە گێژاوێکی سیاسی سەخت کە چارەنووسی کۆمەڵگا موسڵمان نشینەکانی خستوەتە چارەنوسێکی ئالۆزو نادیارەوە.

ئەگەر سەربوردەیەکی خێرا بکەین بەسەر دۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی و ئابووریو فەرهەنگی وڵاتانی ئیسلامی دەبینین هۆکاری سەرەکی بەرهەم هێنانی ئەم دۆخە نا هەموارەی کۆمەڵگای موسڵمان نشینەکان ئاسەوارو لێکەوتەکانی کۆلۆنیالیزمە لەسەر جیهانی ئیسلامی هەر لە دابەشکردنی کۆمەڵگاکان وە تا داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی جیهانی ئیسلامی بە پێی خواستی سیاسیو بەرژەوەندی ئابووری دەوڵەتە داگیرکەرو زلهێزەکانی ئەو کاتەی جیهان، کە بووە مایەی دروست بوونی کۆمەڵێك دەوڵەتی خاوەن شوناسیو مەرجەعیەتی سیکۆلار لەسەر بنەمای نەتەوە گەرایی بە سروشتێکی پۆلیسی سەربازی کە پێچەوانەی مەرجەعیەتو شوناسی ئیسلامی گەلە موسڵمانەکان بوو، لێرەوە تۆوی دووبەرکیو پێکدادانو دژایەتی یەکتر لەناو بونیادو پێکهاتەی دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامی چێنراو دەوڵەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە کۆکەرەوەی دژەکان کە ئامادەی تەقینەوە بێت لە کەشو هەوا ویستراوەکاندا (ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان ، ئاینو ئاینزا جیاوازەکان، نەتەوە جیاوازەکان ).

ئەم شێوازە پێکهێنانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی ناوچەکە کۆمەڵگا موسڵمان نشینەکانی خستە ڕووبەڕوو بوونەوەو پێکدادان لەگەڵ دەوڵەتو دەوڵەتیش بووە ئامرازی ئابلۆقەدانی و کۆنترۆڵی کۆمەڵگا، هەروەك کۆمەڵگاکانیش گرفتار بوون بە ململانێی ئاینیو ئاینزاییو ئایدۆلۆجیو نەتەوەیی کە چەندین کارەساتی

جینوسایدو پاکتاوی ڕەگەزی وەك کیمیا بارانو پرۆسەکانی بەناو ئەنفال و کۆمەڵکوژیەکانی لێکەوتۆتەوە لەپاڵ بەردەوامی پەستانو پێکدادانو دەست تێوەردانە دەرەکیەکان، ئەم سیاقە مێژووییەی پێکهێنانەوە سیاسەتی جیهانی ئیسلامی کۆمەڵگا موسڵمانەکانی بارگاوی کرد بە بارگەی ئایدۆلۆجی دژ بە یەك و ناکۆك کە تووشی سەراسیمە بوون لە چۆنیەتی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك لە دەرباز بوون لەو دۆخەی گەلانی موسڵمانی تێکەوتووە، هەندێك بە گەڕانەوە بۆ مێژوو، هەندێکی تریش بە دابڕان لە مێژوو بە چارەسەر دەزانی سەر ئەنجام گەلە موسڵمانەکان تووشی شەڕی مێژوویيو پێکدادانی کلتوریو ڕووبەڕوو بوونەوەی نا بەرانبەر کردووە، ئەم شەڕو پێکدادانو ڕووبەڕوو بوونەوانە گەلان ئیسلامی نغرۆ کردووە لە پاشکۆیەتی سیاسیو دەست بەسەراگرتنی سەربازیو لێکترازنی کۆمەڵایەتی و داتەپینی ئابووریو دواکەوتنی کلتوری کە هەژارییو نەخوێندەواریو دەسەپاچەییو دەمارگیری ئاینیو مەزهەبیو ڕەگەزی کردوەتە سیمای دیارو جیاکەرەوەی گەلانی موسڵمان.

دوای تاقیکردنەوەو شکستخواردنی چەندین پرۆژەی لیبڕالیو سوسیالیزمیو نا سیونالیزمی لائیکی جۆراوجۆرەوە بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانانە، ئێستا گەلانی موسڵمان پرۆژەو بزاڤی ئیسلامی هاوچەرخی کردوەتە بژاردەی خۆی بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکانی کە لە بۆنەو دەرفەتە جۆراوجۆرەکانی (هەڵبژاردن ، خێرخوازی، خزمەتگوزاری، خۆپیشاندان) گوزارشتی لێدەکاتو حزبو لایەنە ئیسلامیەکانی کردوەتە کاریگەرترین کاراکتەری سیاسیو دیارترین نوێنەری کۆمەڵگا لە بوارە جیاوازەکاندا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بزاڤی ئیسلامی خستوەتە بەردەم مەسئولیەتی چارەسەرکردنی کۆمەڵێك کێشەی کەڵەکەبوی مێژوویی لە سەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، هەروەك کۆمەڵێك دەرفەتی ڕەخساویشی خستوەتە بەردەست بزاڤەکە، ئەوەی گرنگە بزانرێت ئایا بزاڤی ئیسلامی هاوچەرخ لە جیهانی ئیسلامیدا لە ئاست بەرپرسیاریەتە مێژووییەکەدایە کە سود بەو دەرفەتە ڕەخساوانە وەربگرێت و ئیدارەی ململانێکان بە شێوەیەکی عەقڵانی بکات کە ئاراستەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا لە بەرژەوەندی گەلانی موسڵمان بێت!؟ ئایا بزاڤی ئیسلامی هاوچەرخ مەرج و پێداویستیەکانی ئەم روبەروونەوەی دابین کردوە؟ بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامێکی دروست بۆ ئەم پرسیارانە بدەینەوە، دەخوازێت دەرفەتە ڕەخساوەکان و مەترسی و کێشە دەرەکی و ناوخۆییەکانی جیهانی ئیسلامی دیاری بکەین:

دەرفەتە ڕەخساوەکان:

1-شکستخواردنی دەوڵەتی هاوچەرخ لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا. کۆلۆنیالیزم دەوڵەتی هاوچەرخی کردە ئامرازی دەستی بۆ رازیکردنی گەلانی موسلمان بە پرۆژەی سیاسی رۆژئاوا کە بە سیکولاری کردنی ژیان و دابڕاندنی کۆمەڵگا موسلمانەکان لە پەیام و مەنهەج و مەرجەعی ئیسلامیان، لە بەر ئەوەی گەل و نەتەوە

موسلمانەکان رازی نەبوون بەم پرۆژەیە، بۆیە سەرکوتکردنیان لە لایەن دەوڵەتەوە گیرایەبەرو بەمەش دەوڵەت سروشتێکی سەربازی پۆلیسی وەرگرت و نەیتوانی لە ئاست داواو خواستی گەلانی موسلمان بێت لە هێنانەدی ئازادی و ئۆقرەیی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و سیستمێکی حوکمڕانی دیموکراتی، ئیدی دەوڵەت دەسەڵاتدارێتی و سەروەری خۆی لە دەستداو بۆتە پێکهاتەیەکی خاڵیکراو لە هەموو واتاو دەلالەت و هێماکانی، بۆیە ئێستا ئیرادەی نێودەوڵەتی بە دوای ئەلتەرناتیڤێکی تازەی گونجاودا دەگەڕێت.

2- گۆرینی سیستمی نوێی جیهانی لە تاکجەمسەریەوە بۆ فرەجەمسەری کە دەبێتە مایەی رێکخستنەوەیەکی سیاسی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەمەش لەگەڵ خۆیدا دەرفەتی تازە دەهێنێ هەروەك مەترسی تازەش بەرهەم دەهێنێ واتە دەکرێت ئیرادەی نێودەوڵەتی تەفاهمی لەگەڵ بکرێت.

3- روبەروونەوەی ئیرهاب و بەشداریکردن لە بەرەی دژایەتیکردنی ئیرهاب، چونکە ئیرهاب گەورەترین مەترسیە لە سەر داهاتووی سیاسی گەلانی موسلمان، ئیرهاب سیماو وێنەی ئیسلام دەشێوێنێ و زەمینەی پڕۆژەی چاکسازی سیاسی و راستکردنەوەی هەڵەکان و پێکەوەنانی ئەزمونێکی حوکمرانی راشد فشەڵ و لە بار دەبات. واتە هاوکاری ئیرادەی نێودەوڵەتی بکرێت لە دژایەتی کردنی ئیرهاب، کە بۆ بوارەکانی تریش سودمەند دەبێت .

4- لە دەستدانی متمانەو مێداقیەتی سیاسی هەموو هێزو حزب و پرۆژە لائیکیەکان بە نەتەوەیی و لیبراڵ و سۆسیالیزمەکانەوە .

5- هۆشیاربونەوەو راپەرینی گەلانی موسڵمان لە جیهانی ئیسلامیدا بەرانبەر بە رژێمە دکتاتۆرە گەندەڵەکان، هەڵقوڵانی راپەرین و شۆرشی گەلان لە هەناوی کۆمەڵگاوە بە شێوەیەکی خۆرسك قوڵایی گۆڕانکاری لە ئیرادەی گەلاندا پیشان دەدات کەدەکرێت فاکتەرێکی خودی و بابەتی گرنگ و کاریگەر بێت بۆ بزاڤی ئیسلامی هاوچەرخ .

هەرەشەو کێشە دەرەکیەکان:

1- قۆناغی گواستنەوەی سەرکردایەتیکردنی جیهانی و دەستوەردانی روسیا لە کێشەی سوریاو هاتنە ناوەوەی سەربازی روسیا بۆ ناوچەکە، کە ئەگەری دابەشکردنەوەیەکی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەراستی لێدەکرێت، مەترسی دەست بە سەرداگرتنی سەربازی و ئابوری کلتوری لێدەکرێت .

2- جەنگی ئیرهاب و دەرکەوتنی ئیرهاب بە سیمایەکی ئیسلامی و لە جوگرافیای جیهانی ئیسلامیداو هەر ئەم حاڵەتەش وێنەی شۆرشە جەماوەریەکانی تێکداو عاقبەتی شۆرشەکانی بە ئاراستەیەکی دژوارو نەخوازراودا بردو وڵاتانی بەهاری عەرەبی توشی گێژاوی سیاسی کردوە یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزو مەترسیدارەکانی بەردەم بزاڤی ئیسلامی .

3- تەقینەوەكانی ئەمریكاو ئەوروپا كە بوەتە مایەی دروست كردنی گرێی (عقده) فكری و سیاسی و سایكۆلۆجی لە نێوان گەلانی رۆژئاواو جیهانی ئیسلامی و بزاڤە ئیسلامیەكاندا .

4- پێشكەوتنی تەكنەلۆجی رۆژئاوا كە دەستی گرتوە بە سەر عەقڵ و ئیرادەی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دا مەترسیەكی گەورەی رۆژئاوایە لە سەر عەقڵ و ئیرادەو كلتوری جیهانی ئیسلامی ..

هەڕەشەو كێشە ناوخۆییەكانی بزاڤی ئیسلامی:

1- لە روی كلتوری و زانستەیەوە بە هۆی نەبونی اجتهادەوە لە دۆخێكی ئیجگار خراپداین و بزاڤەكەی توشی بێ ئیرادەیی و بێ توانایی و عەوامی و نەزانی كردوە، ئەم كلتورە روالەتگەرایی و داخراوە و روكەشە بزاڤی ئیسلامی توشی داخران و دابڕان كردوە لە سەردەمەكەی خۆی و ناتوانێت لە ئاست روبەروبەوەو چاوەروانیەكاندا بێت .

2- فرەئاراستەیی و فرەڕەنگی و فرەدەنگی و پەرت بونی بزاڤی ئیسلامی لە سەر ئاستی كۆمەڵگاو جیهانی ئیسلامی بزاڤەكەی توشی (استنزاف) ی تواناكانی كردوەو رۆحی جیاكاری و دژایەتی یەكترو پەرتبونی زاڵ كردوە كە دژە بە فەرمانەكانی خواو پێغەمبەر (صلي الله عليه وسلم )

3- سنورداربونی بزاڤی ئیسلامی هاوچەرخ لە چوارچێوە سیاسیە دەستكردەكان و دەستەبژێرو نەتەوە سەردەستەكاندا .

4- تەبەنی نەكردنی كێشەو خەمەكانی كۆمەڵگا بە تایبەت مافی نەتەوەكانی وەكو (كورد) هەروەها فەرامۆشكردنی مافی كەمینەكان .

5- پاشماوەكانی رژێمە دەسەڵاتدارو شكستخواردەكانی جیهانی ئیسلامی كە هێشتا لە ناو (الدوله العميقه)و هەندێك توێژی كۆمەڵایەتی و كەرتی ئەمنی و سەربازی و دادوەری سەرچاوەی هەرەشەو كێشەن بۆ بزاڤی ئیسلامی وەك لە مێرو لیبیاو تونس و شوێنی تر بینیمان كە ئامادەن نیشتمانەكانیان هەراج بكەن لە پێناو بەرژەوەندیەكانیاندا. هەروەها لەگەڵ جیاوازی نەهج و ئاراستەو نەتەوەو ئاینیان یەكدەگرن دژی هەر پرۆژەیەك بۆن و بەرامەی ئیسلامی پێوە بێت .

6-قەتیسمانی بزاڤی ئیسلامی هاوچەرخ لە چوارچێوەی مەزهەب (شیعەو سنە) كە تائیفەیەتی بەرهەم هێناوە، نەك جیایی بەڵكو دژایەتی و دوژمنایەتی یەكتری دروست كردوە هەروەها قەتیسمانی بزاڤەكە لە چوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و نەتەوەییە جیاوازەكاندا (عەرەب ، تورك ، فارس ، كورد، بلوج....) كە لێكدابڕان و هەندێكجار دوژمنایەتی یەكتر دروست كردوە .

ئەرك و هەنگاوەكانی چارەسەری سەردەمیانە بۆ بزاڤی ئیسلامی

1- اجتهادو نوێكردنەوەی دینی و ژینی موسڵمانان

2- کۆدەنگی و هەماهەنگی و یەکریزی رەوتی میانەرەو .

3- دورکەوتنەوە لە داخران و بێ هەلۆیستی و بێ دەنگی بەرانبەر بە سەرجەم قەزیەو مەسەلەکان و ئیدارەکردنی ململانێکان بە شێوەیەکی عەقلانی دور لە سۆزبازی و روکەشی و روالەتگەرایی .

4- بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان حزب و هێزە ناو بزاڤی ئیسلامی بە مەبەستی ئالوگۆری بیرو راو ئەزمون و شارەزایی بۆ سودمەند بون لە عەقلی و پسپۆریە جۆراوجۆرەکان .

5- دروستکردنی رایەل و پردی پەیوەندی و متمانە لە نێوان بزاڤی ئیسلامی و جەماوەرو چینە جیاوازەکانی کۆمەلگا و هێز و لایەنە نیشتمانیەکانی دیکە.

6- بەشداری کردنی کارای بزاڤی ئیسلامی لە پرۆژەی دروستکردنی بریاری سیاسی و دابەشکردنی دەسەلات و سەروەت و سامانی وولات ، بە بەشدارییەکی جددی و راستەقینە و بۆ ئامانجی پیرۆز بێت.

7- ئامادەکردنی کۆمەلگا بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەرکی چاکسازی واتە (تمكيني اجتماعي) پێش (تمكيني سياسي ).

8- ئامادەکردنی بزاڤی ئیسلامی بۆ قۆناغەکە لە رێی پێگەیاندنی کادرو قیاداتی گەنج و قوتابی و هونەری و راگەیاندکار لە هەردوو رەگەز .

نوهەم و کۆتایی ئەم هەنگاوانە بەشێکن لە پرۆژەی ئیصلاحخوازی کە دەتوانێت گەلانی موسلمان و بزاڤە ئیسلامیەکان زندوو بکاتەوە بە ئەرك و مەسئولیاتیان هەروەها دەتوانێت ئەزمونی ئیسلامی میانەرەو بکاتە یەکێك لە چارەسەرەکانی کێشە و ئالۆزیەکانی گشت مرۆڤایەتیەکان.

بۆیە ئیتر لەکۆتاییدا هیوا خوازم کۆنگرەی تەجەموعاتی ئیسلامی سەرکەوتوبێت لە کارەکانیدا و بتوانێت بریارو راسپاردەکانی بە کرداری بکات لە پێناو رزگار کردنی گەلانی جیهان بەگشتی لە دەست ستەم و زولم و دواکەوتویی........



# داعـــــــــــش و جیهانی عەرەبی

نوسین : تۆماس فرێدمان
لە ئینگلیزییەوە: ئیدریس عەلی

ئەمرۆ لە جیهانی عەرەبیدا ململانێیەکی ووجودی ڕوودەدات، بەڵام ئایا ئەوە هی ئێمەیە یان هی ئەوان؟ پێش ئەوەی هەنگاوی سەربازی لە عێراق و سوریا بنێن ، پرسیارێك هەیە پێویستە وەڵام بدرێتەوە . ئەوەی کە من زۆرتر جەختی لەسەر ئەکەمەوە ئەو بڕیارەی ئۆبامایە بۆ خەریك بوون و سەرقاڵ بوون لە عێراقدا ، ئایا ئەوەی ئەنجام دەدرێت لە وەڵامی هەندێ لەو ترسە لەو ڕادەبەدەرەی سەربڕینی دوو ڕۆژنامە نووسە ئەمریکیەکە لە ڤیدۆکانی یوتتیبدا دەبینرێت یان ترسی داعشە کە لێت نزیك بێتەوە ؟ چەند بە خێرایی دووبارە ترساین، ئایا بەشێکی ئاسایشی نیشتیمانیمان بونیاد نەناوە ؟ من داعش وەلانانیێم و لە یادی ناکەم ئۆباما ڕاست دەکات کە دەڵێت داعش پێویستە تێکبشکێنرێت و لەناو ببرێت بەڵام کاتێك لە دەرەوەی ترس کاردەکەیت ئەوا ستراتیجیانە بیرناکەیتەوە و ڕووبەڕووی پرسیارێکی بنەڕەتی ئەبیتەوە وەکو ئەوەی کە شیعەی ئێران یارمەتی چەکگ و تەقەمەنی هەموو هۆزە سوونیەکان دەدات لە عێراقدا، ئەمە گاڵتەکردن نیە بە ئێمە تەنانەت لەگەڵ ئێمەشدا بەشدارە لە ڕووبەڕووبونەوەی داعش، تورکیاو هەندێ لە وولاتە عەرەبیەکانیش بەشداری کردنی خۆیان سنوردار کردووە، کاتێك ئەوە ئەخوێنمەوە پێم وایە ( نادر موسا ڤیزادێ ) کە سەرکردەی ڕێکخراوی ( ماکرۆ ئەدڤایسەر ) بۆ وەرگرتنی زانیاری جیهانی ، ڕاست ئەکات کە دەڵێت :- لەکاتی ڕوودانی ئەم ململانێ ووجودییەی جیهانی عەرەبیەدا ئێمە پێویستە بوەستین و پرسیار لە خۆمان بکەین کە بۆچی ئێمە ڕووبەڕووی ئەوان ئەبینەوە کە ئەوان داوامان لێ بکەن ڕزگاریان بکەین؟

پێش ئەوەی بگەینە هەر قوڵ بونەوەیەك با هەندێ پرسیاری ڕادیکاڵیانە لە خۆمان بکەین دەست پێبکەین بەوەی چی ئەبێت ئەگەر ئێمە هیچمان نەکرد ؟ جیۆرج فرێدمان سەرۆکی ستراتفۆر (stratfor)ی لە مەقالەکەی خۆیدا stratfor .com بلاوی کردۆتەوە ئەم ڕایەی باسکردووە لە ژێرناونیشانی ئەخلاقیاتی پەسەند the virtue of subtlery ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە

ئۆپۆزیسۆن بونی داعش کە پەرچەکردارێکی سوننە مەزهەبەو هێزێکی توندڕەوەو سەرچاوەی دروستبونەکەی لە لایەن حوکمەتەکانی شیعەی ئێران و هێزە میلیشیا کان لە بەغدادو سوریا بەڵام پاشان پرسیار دەکات ئایا داعش بەڕاستی کێشەیە بۆ ئەمەریکا؟ سودی ئەمەریکیەکان جێگیر نیە بەڵام هەبوونی باڵانسێکی گۆڕاوی هێز کە تیایدا هەموو لایەك کاریگەرییەکی هاوتەریبیان هەبێت بۆ ئەوەی هیچ یەکێك هەڕەشەی لەسەر ئەمەریکا دەرنەکەوێت بەڵام چەمکی باڵانسی هێز مانای ئەوە نیە کە ئەو باڵانسە پێویستە ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵ بکرێت تورکیاو ئێران سعودیەی عەرەبی زیاتر بەشداریان بەردەکەوێت وەك لە ئەمەریکا سەرەڕای ئەوەی پێیان وایە کە ئەمەریکا هەوڵێ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە ئەدات ئەوە بەتەواوی ژیرانەیە بۆ ئەوان کە خۆیان لێ بە دوورگرتووە و تەنها وەك تەماشاکەرێك وان بۆ دەرخستنی تواناى ئەمەریکیەکان ئەمەریکا ئەبێ بگەڕێتەوە لە باڵانسی هێزی نێوان عێراق و سوریا بۆ باڵانسی هێزی نێوان سەرجەم هەرێمەکان پێکەوە ئەوان خۆیان بە دوور گرتووە لە بەشداری کردن و هیچ هەڵبژارنێکی تریان نیە کە خۆیا بگرێتەوە ئەوان ناتوانن بوەستن و تەماشاکار بن کەواتە ئەگاتە ئەو ئەنجامەی کە باشترین ستراتیجیەتی ئەمەریکا لای ئێمە ئەوەیە کە ئەوەندە لە هەوڵ و کارکردندا بن کە بگونجێ و ڕووبە ڕووی هێزی هەرێمەکان ببنەوە لەشەڕەکەدا ئینجا لە پاراستنی باڵانسی هێز لەم کارە گروپیە پێکەوەییەدا دڵنیانیم بەلام پێم وایە دیبەیتێکی گونجاو شیاوە .



پرسیارێکی تر لێرەدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەم شەڕە بەڕاستی دەربارەی چیە ؟ ئەمە شەڕی ڕۆحی ئیسلامە ئەمەیە جیاوازی ئەم لەحزەیە لە هەموو ئەوانی تر . ئەحمەد خالیدی کە لێکۆلەرێکی فەلەستینیە لە کۆلێجی (ست ئەنتۆنی ) لە ئۆکسفۆرد کە دەلێت بۆ دەیان ساڵە سعودی عەرەبی لوتکە پاڵپشتی کردنی مزگەوتەکان و قوتابخانەکانی کردووە بە درێژایی جیهانی ئیسلامی لە هاندانی بیروباوەڕی ئیسلام کە ناسراوە بەسەلەفیزم کەدوژمنی مۆدێرنیەتیە ئافرەتان و گشتاندنی دین تەنانەت گشتاندنی ئیسلام ئابووری سعوددیە بۆ ئەم گروپانە تەرخان دەکرێت بۆ ڕازیبون لە نیوان خێزانی سعودیەو بونیاد نانی دینی سەلەفیەت کە بەوەهابی ناسراوە ، وەهابیەکان هەوڵی بلاوکردنەوە ی ئیسلامی سەلەفیەت ئەدەن لە هەردوو ناوخۆی سعودی عەرەبی جیهانی ئیسلامی سامانی نەوتی سعودییە بەکاردەهێنن . سعودییەی عەرەبی پاڵپشتی ماددی هەردوو ئەو شەڕەی

کەلە دژی داعش دەکرێت و ئیسلامی ئایدۆلۆجی کە ئەندامەکانی داعش دروست دەکات ئەکات . ( هەندێ لە سعودییەکان کە هەزار کەس دەبن ) بڕوایان بەوە هەیە کە شەڕ لەگەڵ گروپە جیهادییەکان بکەن لە سوریا لە نێویاندا مزگەوتی سەلەفیەکان لە ئەوروپاو پاکستان و ناوەندی ئاسیاو جیهانی عەرەبی ئەم یارییە گەیشتۆتە سنوری خۆی یەکەم لەبەر ئەوەی داعش ڕووبەڕووبونەوەیەك پیشان دەدات بۆ سعودییەی عەرەبی داعش ئەڵێت ئەوە ناوەندی ئیسلامە ( حاکمیەتی ئیسلام ) سعودی عەرەبی بڕوای وایە کە ئەوێ سەنتەرە وە دووەم داعش هەڕەشەیە بۆ موسڵمانان لە هەموو شوێنێك خالیدی پێی ووتم دەربارەی ئافرەتێکی موسڵمانێ هاوڕێ ی لەلەندەن کە ئەڵێ ئەترسێ لەوەی بچێتە دەرەوە بە جلوبەرگی موسڵمانانەوە(محاجەبە ) لە ترسی ئەوەی خەڵکی پێیان وابێـ لەگەل ٘داعشدایە ئەمە تەنها لەبەر ئەوەی وەك موسڵمانێك خۆی گۆڕیوە سعودی عەرەبی ناتوانێت بەردەوام بێـت لەشەڕکردن لەگەڵ داعش و پاڵپشتیکردن و هاوکاری کردنی ئایدۆلۆژیایەك کە داعش پێبگەیەنێت ئەوە زیاتر و زیاتر ئازاری موسڵمانان دەدات ئێمە پێویستە بوەستین کە ڕازی بوون بەمە بۆ ساڵانێك کە ئەمەریکا ڕۆڵی کاریگەر ئەبینێت لەسەقامگیری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا مۆساڤێزادێ پێی وایە تەنها وەکو پاڵپشتی بانکی ناوەندی ئەوروپیەکان بە دواخستنی ئەو ڕۆژەی کە فەڕەنسا پێویستە درێژە بدات بە پێکهاتە چاکسازییەکانی لە ژێر چەتری ئاسایشی ئەمەریکادا نابێت بەوە ڕازی بین کە سعودییە هەرچی بکات کێشە نەبێت ئەو ڕۆژەشی دواخستووە کە سعودییەی عەرەبی پێویستە ڕوبەڕووی بیروبۆچونە ناوەکیە دژبەیەکەکان ببێتەوە چاکسازی لەویاسا ناپەسەندانە بکات داهاتووی ئیسلام و سەرکەوتنەکانی ئێمە دژی داعش پشت بەوە دەبەستێت .

# شیکردنەوەیەکی بابەتیانە بۆ عەلمانیەت




**عوسمان فارس**

یەکێ لەبرەشتومرترین بابەتەفکرییەکانی ئەم سەردەمە، بەتایبەت لەوولاتانەدا کە ئیسلام دینی زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکدێنێت، بریتیەلەمەسەلەی سیکۆلاریزم.توێژینەوەلەم چەمکە بەئاگاداربوون لەواتاومەدلولەکانی وشیکردنەوەی ناوەڕۆکەکەی بەتایبەتی بۆدینداران، گرنگی خۆی هەیەوئەرکێت بلێین ئەرکێکی دینی ورۆشنبیرییە، چونکەئەگەرخێربێت یان شەڕئەواسیکۆلاریزم بەپلەی یەك یەخەی دین دەگرێت وڕاڤەیەکی تایبەتەبۆدوونیاودین ودینداری، بۆیەناکرێت رۆشنبیرێکی دیندارچاولەگرنگی ئەم لەسەروەستانە بپۆشێت وبیباکانە تێی بەڕێنێت بۆئەوەی ئەگەرقەبولێدەکات بزانێ چیە وئەگەرڕەدیشی دەکاتەوە بزانێت چی ڕەدکردووەتوەتەوە، یان لانی کەم بزانێت سیکۆلاربوون لەچ مەرتەبەوپلەویەکداقەبولدەکات ولەسەردەمی نوێدا دین ئەبێت ئیشی چیبێت وئەوسنورانەچین کەتایبەتن بە دینەوەوئەوسنورانەش کامانەن کەنابێت دین دەستی تێ وەربدات، ئەوەی کەئەبێت بەوردی هەلوێستەی لەسەربکرێت وبۆدورکەوتنەوەلەهەرتێکەلٚ وپێکەلکردن وتەماوی کردنێك ئەوەیەکە ئەبێت شیکردنەوەی تەواولەسەرئەم بابەتەبکرێت ولەبڕیاردان لەسەرئەم بابەتە جدییەخۆمان لەهەرگشتاندنێك وبڕیارێکی شمولی لەسەربەچاك یان خراپ دانانی ئەم چەمکە بپارێزین، چونکە ئەو وەلامەی کەئەبێت لەژێرهەریەك لەم چەمکەنوێیانەوەبدرێتەوەبەپلەی یەك وەلامێکی تەوسیفیە پێش ئەوەی ئەخلاقی بێت.(1)

چەمکی عەلمانیەت:

چەمکی بەدنیابوون وەکودیاردەیەکی کۆمەلایەتی،بەیەکێك لەسەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی گوتاری مۆدێرنیتەدێتەئەژماردەکرێت.ئەگەرچی ئەم چەمکە بنەمای رۆژئاوایی هەیەولەبواری مەیدانی وتیۆری لەودەقەرەداپێگەشتووە، بەلام سەرەڕای ئەم شتانەبەدنیایی بوون ڕەوتێکی

گشتگیروهەمەلایەنەیەولەحەزوخولیایی مرۆڤەوەبۆکەڵك وەرگرتن لەخێروخۆشی ژیان سەرچاوە دەگرێت وهەمووئەوتاك وکۆمەڵگایانەدەگرێتەوەکەدەیان ئەویَ رەوتی گەشەوپێش کەوتن تێپەڕێنن.(2)

سیکۆلاریزم(Secularism) ووشەیەکی ئینگلزییەولەوشەی (سیکۆلۆم Saeculum)ی لاتینیەوەوەرگیراوە،مەبەستیشیلە(عەلمانیەت_العلمانیة)یاخود(دنیایی_الدنیویة)یە.هەردوواتاکەش دەستەواژەیەکی مانافراوانتروەقوولتردەبەخشێت، کەئاماژەدانە بە(جیاکردنەوەی ئایین لەدەولەت_فصل الدین عن الدولة)،یان لەدەسەلات وژیان وەیان........هتد.لەسالی (1648ز)بۆیەکەم جارلەمێژوودازاراوەی (سیکۆلارSeular)بەکارهێنرا، لەگەلَ کۆتایی هاتنی جەنگی (30)سالّەی نێوان ئاینزای (کاتۆلیك وپرۆتستانت)کەتیایدا ڕێکەوتنامەی(ویستڤالیا)واژۆکرا، واتە مێژووی سەرەتای دەرکەوتنی دەولّەتی نەتەوەیی. زۆرینەی مێژوونوسان جەخت لەسەرئەومێژووە، دەکەنەوەوەك سەرەتایەك بۆلەدایك بوونی دیاردەی عەلمانیەت لەئەوروپای ڕۆژئاوادا.(3)

چەندین پێناسەی جیاوازبۆچەمکی سیکۆلاریزم کراوە، بەلاّم ڕەنگە تەنهاپێناسەیەك نزیکمان بخاتەوەلەتێگەشتن لەم چەمکە.لەئینسکلۆپیدیای بەریتانیدا وشەی سیکۆلاریزم پێناسەدەکات بەوەیی:سیکۆلاریزم جولاّنەوەیەکی کۆمەلاّیەتیە، ئامانجی جیاکردنەوەی ئاینە لەدەسەلات وگرنگیدانە بەژیانی دونیالەڕێگەی پەرەپیدانی ئاڕاستەمرۆییەکانەوە،کەخلّك لەسەردەمی ڕێنسانسەوەبەشێوەیەکی دیارورِوون ئاوێتەوپەیوەستی بوون.(4)

زۆرجارلەزمانی کوردیدایان لەتێکستێکدا، تێکەلّییەك دەبینین لەنێوان هەردوو وشەی (عەلمانیەت)و(عیلمانیەت)دا،کەبەهەمان ناوەڕۆك بەکارهێنراون،بەلاّم لەڕاستیدائەمەهەلّەیەونابێت بەهەمان دەربڕین وتێڕوانین وەك یەك لێکدانەوەی بۆبکەین.لەبەرئەوەی هەردوو وشەکە، لەڕووی چەمکەوەماناى جیاوازدەبەخشن،ئەمەبێجگەلەجیاوازیان لەڕووی فۆنۆتیکەوە.وشەی(عیلمانیەت)بەکەسری حەرفی ال(ع) دەگەڕێتەوەبۆ(عِلم) بەمانای زانست دێت، واتە هەموبابەتێك کەکارێکی زانستی(علمی)لەخۆدەگرێت یان لەڕوانگەی زانستەوەسەیربکرێت یاخودبەزانستی کردنی کارێك یان بابەتێك، ئەم وشەیە پێناسەوشیکردنەوەوشرۆڤەی خۆی لەواتاکەی خۆیداهەلّگرتووە.هەرچی وشەیە(عەلمانیەت)ە بەفەتحی حرفی ال(ع)ئەمەمەبەستی سەرەکی بابەتەکەیەوئاماژەی پێدەدەین، کەلە(العلم)یان(العالم)ەوەهاتووە،

کەبەمانای(جیهان_جیهانی_العالم_العالمی)یاخود(دنیایی_الدنیویة)دەگەیەنێت، کەدواتردەکرێت بەدەربڕینی(عەلمانیەت_سێکۆلار)ناوەزەدی بکەین.(5)

لەزۆربابەتی تایبەت بەعەلمانیەت ووشەی (سیکۆلاریزم)بەدی دەکەین وەك هاوواتاوهاومانای(سیکۆلار)یان(عەلمانیەت)، بەلاّم لەڕاستیدانابێت ووشەی سیکۆلارپاشگری(یزم)ی پێوە بلکێنین، بۆئەوەی نەبێتە ڕێبازیان ئایدیۆلۆژیا، بەڵکومۆدێلێکی حوکمڕانییە .لێرەشدادووچاری ئە وهەڵەیەدەبینەوەکەلەبێشتردابەکارهێتراوەئەمەش بۆئە وەیەکە بابەتەکە زیاترڕونتربێت لەلای خوێنەران.



جۆرەکانی عەلمانیەت

دووجۆرسیکۆلاریزم مان هەیە، سیکۆلاریزمی سیاسی وسیکۆلاریزمی فەلسەفی.سیکۆلاریزمی سیاسی واتەکەی دیارەوبەمانای جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت، واتابەڕێوەبردنی ئەم دوونیایە نەك دوونیایەکی تر.وەك ئەوەی بڵێی کەتەنهائەم دوونیایەهەیەوفەرمانڕەوایانیشی ئێمەی مرۆڤین وبەعەقڵی خۆمان کارەکان بەڕێوەدەبەین.واتەبنیادنانی مەشروعیەتی دەوڵەت بەبێ ئاین یاخود بێ لایەنی دەوڵەت بەرامبەرئاینەکان واتادانەڕشتنی دەستوری دەوڵەت لەسەرشەرعیەتی دینی، بەلاّم سیکۆلاریزمی فەلسەفی واتاخودابوونی نیە، میتافیزیك بوونی نیە، ژیانی کۆتایی بوونی نیە،بەلاّم

لەسیکۆلاریزمی سیاسیداپێویست ناکات کەخودابەلاوەبنێی، بەڵکولەسیاسەتداکارێکمان بەخوداوئاین نیە، لەسیکۆلاریزمی سیاسیداپێویست ناکات ژیانی کۆتایی بەلاوەبنێ،چونکەکارێکمان بەژیانی کۆتایی نیە، بەلأم لەسیکۆلاریزمی فەلسەفی دابڕیاردەردەکرێت وبڕیارەکانیش نەرێی(سلبی)یەوئاینەکان بەدوورلەڕاستی دەزانێت.ئەوەی کە(ماکس ڤێبەر) دەیوت "مۆدێرنیتەواتەپاك کردنەوەی دوونیالەجادوئەفسانە مەبەستی هەمان بابەت بوو.(6)ئاین وعەلمانیەت:یەکەمین بەکارهێنانی وشەی (سیکۆلاریزم) دژایەتی ڕاشکاوانەی ئایینی لەگەڵ خۆی نەهێنا، بەڵکوئاماژەکەی تەنهابەوهزرەبووکەسەرنجی دەوڵەت دەبێت لەسەرژیانی ئەم دوونیایەی خەڵك بێت نەوەکوکەڵکەڵەی ژیانی ئەودنیا، یان بەدڵنیاییەوە ئەم هزرە لەگەڵ زۆریك لەوسیستمانەکەباوەڕیان بەئایین بوو وەکومەسیحیەت ڕێك نەدەکەت، بەلأم هەمووسیستەمە باوەڕەئاینیەکانیشی ڕەت نەدەکردەوە.(7)

ئەوپرسیارەی کەلێرەداسەرهەڵ دەدات ئەوەیە، کەبۆچی سیکۆلاریزم لەسەدەی شانزدەهەم بەدواوە لەڕۆژواداسەری هەڵدەداوەلەجیهانی ڕۆژهەڵاتدابەشێوەیەکی گشتی هێشتاپێی نەگرتوە، هۆکاری سەرهەڵدانی سیکۆلاریزم لەڕۆژئاواداچی بووە؟بەبڕوای (عەبدولکەریم سروشت)سیکۆلاریزم لەڕۆژئاوادالەدایك بوونێکی سروشتی هەبووە، واتالەدایك بوونەکەی ئازاری لەگەڵ نەبوە ئەم بابەتەش دووهۆکاری هەیە:

هۆکاری یەکەم/بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەوبەرهەڵستی نێوان ئاین وزانست بوو، شەڕی زانست وئاین شەڕێکی زۆرچارەنوس سازبوولەمێژووی ئەوروپادا.ئەم شەڕەش لەئەنجامی گومان وناکۆکی وبەرهەڵستی نەبوو، بەڵکوشەڕێکی زۆرسروشتی بووئەوپێشکەوتنەی کەلە بواری زانستی سروشتی داپەیدابوو.لەبوارەکانی زەوی ناسی وبایلۆژی وئەستێرەناسی چەندزانیاریەکی تازە بەدەست هات کەلەگەڵ ناوەڕۆکی کتێبی پیرۆزداجیاوازی هەبووئەم جیاوازیەش بەرەبەرە ڕووی لە زیادی کردبەشێوەیەك کەئیترنەدەتوانرا بشارێتەوەیان پەردەپۆش بکرێت،کۆبەرنیکۆس وگالیلۆونیوتن ولەدوای ئەوانیش داروین وبۆفۆن هاتن.

هۆکاری دووەم/ئەودابڕانەبووکەلەمەسیحیەتداڕوویدا،واتاپرۆتستانتیزم لەپاڵ کاسۆلیکدالەدایك بوو،پرۆتستانتیزم لەهێزی کلێسای کەم کردەوەوڕووبەڕووی کلێساوەستایەوە(مرتین لۆسەر)یەکەمین کەسێك بووکە کتێبی پیرۆزی وەرگێڕایەسەرزمانی ئەڵمانی ودژی هەرکەسێك وەستاکەڕۆحانی بوو.ئەم دووڕووداوەبوبەهۆی لاوازکردنی کلێسای مەسیحی و لەمەیدانی دەسەلأتدادەرچوو،ئەم دەرچوونەی کلێساشی واتاجیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت وحکومەت.(8)

گەرئاوڕێك بۆ مێژووبدەینەوە،ئەوابەئاشکراپێشێلکاری ودەستێوەردانی پیاوانی(ئایینی وسەرمایەداران وکۆمنیستەکان)بەدی دەکەین، دەبینین کەهەریەکەولەلای خۆیەوە، کاری نامرۆڤانەونایاساییانەی دەرهەق بەمرۆڤایەتی ئەنجام داوە، دیارەئەوەش شتێکی بەڵگە نەویست وحاشاهەڵنەگرە.ئەم ئاماژەپێدانانە ئەومەبەستە دەخنەڕوو،کەئەوانەی هاوڕان لەگەڵ عەلمانیەتدالەجیاکردنەوەی دنیاودیندا.دواترهەرخۆشیان لێدەری پرەنسیبەکانی عەلمانیەت بوون.(9)

یەکێك لەوپێشبینیانەی کەلەپشتی سیکۆلاریزمەوە بوونەماسیکۆلاریزمی سیاسی واتەیەکی هەیەکەجیاکردنەوی ئاینەلەدەوڵەت وپێشینەیەکی مێژووی لەگەڵیداهاتبوو،ئەویش ئەوەیەکەئاینەکان بەرەولاوازی دەڕۆشتن بۆیەسیکۆلاریزم هەڕۆژە ئاسانتردەردەکەوت.لەئەمرۆدائەم پێشینەیە بەرەونەمان دەڕوات ئەمەش ئەوبابەتەیە کەلەم(20)ساڵەی کۆتایدالەکۆمەلناسەگەورەکان گوێ بیستی دەبین، کەگوایەئاینەکان لەحاڵەتی بەهێزبوندان.کەسانێکی وەکو(پیتەربرگروخۆزەکازانۆ)بەڕوونی ئەوەدەڵێن کەسیکۆلاریزم چارەنوسی مێژووی نیە.هەروەك چۆن مارکسیزم بانگەشەی ئەوەی دەکردکەسۆشیالیزم چارەنوسی مێژووەکەدەرکەوت بەوشێوەیەنەبوو.هۆی ئەوەی کەبۆچی ئاین دووبارە بەهێزبووەکۆمەڵناسان دەربارەی ئەوەدەڵێن،چونکەلەئێستاداکێشەی شوناس دیارترین کێشەیە، هەندێکیش دەڵێن کێشەی مەعنەویەت سەریهەڵداوە.(10)

عەلمانیەت ودیموکراتی:

لەڕاستیدابۆئەوەی لەمانامەیدانیەکانی عەلمانییەت بگەین، ناچارین لەسەرەتاداسروشتی ئەودۆخەسیاسیەبناسینەوەکەسیستەمێکی وەك عەلمانییەتی تێداپیادەدەکرێت ئاخۆعەلمانییەت وەك سیستەمێك قابیلی خواستنە، یاخۆپێشترپێویستی بەلەبارکردنی زەمینەی کولتوری هەیە؟ پرسیارێك کەبۆسیستەمێکی وەك دیموکراسییەتیش هەمان شتە،پاشان ئاخۆعەلمانییەت بێ دیموکراتییەت دادەمەزرێت، یاخۆبەپێچەوانەوەدەکرێت دیموکراسیەتێکی هەقیقیمان بێ عەلمانییەت دەستگیربێت؟ لەسەرەتاداهەق وایەلەوبێوەندییەبەیەکداچووە بگەین کەلەنێوان چەمکی دیموکراسی وعەلمانییەتداهەیە، بێ ئەوەی خۆمان بەوەوەخەریك بکەین کەکامیان پێش ئەوی تریان دەکەوێت، مادامێك ئێمەدەخوازین لەسروشتی ئۆرگانی ئەوپەیوەندییەبگەین کەئەم دووانە پێکەوەگرێ دەدات لەڕاستیداپرسی عەلمانییەت پرسی کۆمەڵگەیەکی مەدەنییەکۆمەڵگەیەك کەڕێکخستنێکی ئاسۆی وتەندروستی هەیە.لەوڕووەوەی کەمەوداکانی دەربڕینی

لەبەردەمدائاوەلآیەوخاوەنی توێژوگروپێکەبەپێی پێگەوبەرژەوەندی کۆمەلآیەتیی خۆی ڕوخساری تایبەت بەخۆی هەیە.(11)

تەنیامیکانیزمیێکیش بۆپاراستی دەستکەوتەمەدەنیەکانی کۆمەڵگە، سیستەمی دیموکراسیەتە ئەوسیستەمەی پانتایی حوکمکردن لەبەردەم زیادلەهێزێکدائاوەلآدەکات وسندوقی هەڵبژاردن دەکاتەمەحەکی بالآدەستی هێزێك بەسەرهێزێکی تردا، بێ ئەوەی شانسی حوکمکردن لەبەردەم هیچ توێژوگرووپێکدادابخات.هەمووئەوهێزەسیاسیانەی لەدنیاداهەقی نمایندەکردن بەخۆیان دەدەن،دەخوازن هەڵگری شەرعییەتێکی وەهابن کەلەڕێگەیەوەدەستکراوەیی خۆیان پیادەبکەن.ئەم تەرحەش زیاتربۆئەوکۆمەلآنەدەشێت کەستراکتۆرێکی مەدەنییان نییە وتەنیاپەیمانی کۆمەلآیەتی ومتمانەی توێژە کۆمەڵگەییەکانی بەس نییە بۆبەخشینی شەرعییەتی نمایندەیی.(12)

مێژووی عەلمانیەت لەناوچەکەدا:

کاتێك کەسەیری مێژووی گەشەکردنی فیکری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکەین دەبینین زۆربەی زۆری فکرەکانی لەمێژووداتاقی کردوەتەوەیەکێك لەوفکرانەش فکرەی(سیکۆلاریزمە) هەڵبەت زۆرترمەبەستمان ئەو وولآتانەیەکەهەڵگری ئاینی ئیسلامن بەشێوەیەك بۆمان دەردەکەوێت کەسیکۆلاریزم بەشێوەیەکی سروشتی گەشەی نەکردوەکەئەمەش بووەهۆی ئەوەی کەزنجیرەیەك ململانێووناکۆکی جیاوازلەناوچەکەدابەرهەم بهێنێت.

هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانیی وبەهێزبوونی گیانی توندوتیژیی وتێوەگلانی ناوچەکەبەقازانجی لایەنەجۆراوجۆرەدژبەیەکەکانی،ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانیی ودەستپێکردنی قۆناغێکی پڕکێشەوململانێ ودامەزراندنی قەوارەی نوێ وداڕشتنەوەی نەخشەی ڕامیاریی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست لەسەربنەمای هێزوبەرژەوەندی زلێهزەکان ودەوڵەتەکۆلۆنیالیستەکان ودروستکردنی دەوڵەتانێکی دەسەندەخۆری ڕۆژئاواگەرای کۆنەپەرستی نادیموکراتیك کەجگەلەبەهەرمهێنانی توندوتیژیی وسەرکوتکردن ومرۆڤکوژیی نەیانتوانی خشتێك بخەنەسەربونیادی شارستانیەتی مرۆڤایەتی.( 13 )

ڕەنگە تاکەوولآتێك کەعەلمانیەتی تێداتاقی کرابێتەوەولەرۆژهەلآتی ناوەڕاست وناوچەکەداعەلمانیەت بوبێتەئەڵتەرناتیڤی ئیسلاموخۆی وانومایندەکردبێت کەکۆتای بەسەردەمی خورافات وئەفسانەهێنابێت بەمانا(ماکس ڤیبەریە)کەی، بەلآم هەرلەبنیاتنانی دەوڵەتی تورکیالەسەربیروباوەڕی کەمالیزم ولەهەناوی کەمالیزمیشداعەلمانیەت، ئەوابۆمان دەردەکەێت

کەئەم عەلمانیەتەی بوەتەهۆی دروستکردنی تورکیای هاوچەرخ هەتائێستاش نەی توانیوەخۆی قوتاربکات لەدەمارگیری بۆنەتەوەیەکی بالآدەست.چەندین ساڵە عەلمانیەتێکی دەمارگیرلەوولآتی تورکیادابالآدەستە،بەلآم بەهیچ شێوەیەك مافی نەتەوەناتورکەکان بەتایبەتی ماف نەتەوەی کوردی جێ بەجێ نەکردوە نەك ئەوەش بەڵکوبەئاشکراوبەزەبری ئاگروئاسن هەموودەنگێکی ناڕەزای سەرکوت کردوە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1-کۆمەلێك نوسەر:ئیسلام وسیکۆلاریزم،وەرگێڕانی/سامان ساڵح،دەزگای چاپ بلآوکردنەوەی هەژارموکریانی،چاپی یەکەم،سلێمانی،2011،لا3-4.

2-خالیدعەلیزادە:بەدنیایی بوونی ئایین،ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ(کاکێشان)،ژمارە 146،سلێمانی،لا6،2013.

3-ئازادتۆفیق خەیات:سیکۆلارزم وکوردوسیکۆلاریزم،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم،چاپی یەکەم،سلێمانی،2011،لا43.

4-زاهیرشکور:عەلمانیەت چیە؟چاپخانەی حەمدی،سلێمانی2011،لا8-9.

5-هەمان سەرچاوە،لا21.

6-کۆمەلێك نوسەر:سەرچاوەی پێشو،لا145-146.

7-ئاستین کلآین:سیکۆلاریزم بەزمانێکی سادە،وەرگێڕانی/هەژیرکەریمی،بەڕێوبەرایەتی خانەی وەرگێڕان،چاپخانەی کارۆ،سلێمانی2008،لا8.

8-کۆمەلێك نوسەر:سیکۆلاریزم وئاین،وەرگێڕانی/هێرش کەریم،چاپخانەی گەنج،چاپی یەکەم،سلێمانی2009،لا58-59.

9- کۆمەلێك نوسەر:ئیسلام وسیکۆلاریزم،سەرچاوەی لا32-33.

10-کۆمەلێك نوسەر: سەرچاوەی پێشو،لا158.

11-هەمان سەرچاوە،لا9.

12-محەمەدئەرکۆن:ئاین-عەلمانیەت-فێندەمینتالیزم،وەرگێڕانی/شوان ئەحمەد،چاپخانەی ئاراس،چاپی دووەم،هەولێر2012،لا9.

13-سیروان حەمە سەعیدحەمەخورشید:پەیوەندیەکانی ئاسوریەکان وبەریتانیا1918-1932،چاپخانەی (ڕۆژ)ی کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك،چاپی یەکەم،2009کەرکوك،لا6-7.

# دیداری ڕوون لەگەڵ د.عمر عبدالعزیز:



دەستەواژەی بێناوەڕۆکی (ئاین بۆ تاك ) بۆ مەسیحییەت دروستە ،بەڵام ئیسلام خاوەنی سێزدە سەدە لە حوکمڕانیە .

دیدار : جەمیل عوسمان

پرۆفایل:

* لەدایکبوی ساڵی(1958)ی زاینی،

کوردستانی عێراق، هەڵەبجە .

* دەرچووی زانکۆی بەغدا، کۆلێژی شەریعەت، ساڵی (1979).

* خاوەن بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایە لەتوێژینەوە ئیسلامیەکان لەزانکۆی ئەوزاعی لوبنان (2009)- (2013).

* ئەندامی دامەزرێنەرلەیەکیەتی زانایانی جیهان (الاتحاد العالمي لعلماء المسلمين).

* ئەندامی دامەزرێنەرلەڕێکخراوی (المنتدى العالمي للوسطية)، (کۆڕبەندی جیهانیی میانەڕەویی) .

* ئەندامی کۆڕبەندی جیهانیی پەرلەمانتارانی ئیسلامیی.

* ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانتارانی کوردستان.

*بەرپرسیارێتی چەندین پۆستی پەروەردەیی وبانگخوازیی ورۆشنبیریی، لەیەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان هەبووە.

*ئێستا ئەندامی دەستەی باڵای ڕاوێژکاریە لەیەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.

پرۆژەی دابڕان و دروشمی ئاین بۆ تاك و دیموكراسی بۆهەموان ئەگەر چی بەر لەوەی وەلاّم بدرێتەوە لەزاری دامەزرێنەرەكەیەوە تووشی شكست و پاشگەزبونە وە هات بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا كاردانەوە و نیگەرانی زۆرێك لە نوخبەی بزاڤ ئیسلامی بەدوای خۆی دا هێنا،هەندێك ئەو پرۆژەیان بە هەڵچون و عاتیفەی شەخسی وێنا كرد و هەندێكیش بە سیناریۆ و پلانێكی ئامانجدار بۆ پەردەپۆش كردنی قەیرانە فیكری وسیاسیەكانی ڕەوتی عەلمانی لە كوردستان و سەرقاڵ كردنی توێژی خوێنەر بە دەرەوەی بازنەی حیزب و لەوێشەوە بۆ بەزاندنی هێڵە سورەكانی ئیسلام وبریندارکردنی هەستی ئاینی و ڕۆحی كۆمەڵگای كوردی ئیسلامدۆست، هەندێكیش ئەوپرۆژەیان وەك هەوڵی گەڕانەوە بۆعەسری چەپگەرایی ماوە بەسەرچوو زانی،چونكوە هاوكات بوو لەگەڵ كارەقێزەونەكانی گروپی داعش وپرسی پێشمەرگەوبەرگری لە خاك ونەتەوە وچالاكیەسەربەازیەكانی گروپەچەپەكان لەكوردستان وبەتایبەت بەشی ڕۆژئاوا و وكۆبانیێ،،بۆیە ڕەوشەكەیان بەهەل زانی بۆ پەلاماردانی بزاڤ ئیسلامی میانەڕەو وچەواشەكردنی خوێنەر و توێژی گەنج وكەوتنەپەلاماردانی پیرۆزیەكانی ئیسلام.

لەم دیدارە كورتەی ((ڕوون)) دا (عومەر عبدالعزیز) نوسەر و ڕۆشنبیر ودكتۆرالەفكری ئیسلامی .وەلاّمی هەندێك پرسیاری تایبەت بە چەمكی عەلمانیەت و بەشەكانی و قەیرانە فكری وئەخلاقیەكانی ئەو ڕەوتە ئەداتەوە،وەك خۆی ئەڵێت: ئەوەی كە هەندێك گروپی عەلمانی لە كۆمەڵگای ئیسلامی دا كاری بۆ ئەكەن،هستریای فكره و گوزراشت لە دووفاقی سیاسی عەلمانەیكان ئەكات. ئەو پێی وایە پرۆژەی سیاسی میانەڕەوی ئیسلامیی، بۆتە دوو ڕیانی كۆكەرەوەی عەلمانیەتی بۆیەكراو بە ئاین و عەلمانیتی دژە ئاین.

ڕوون : بەڕێزت لەماوەی ئەزمونی مەعریفی و فیكر خۆتا چی لە عەلمانی تێگەشتویت و ئەگەر بكرێت لە دیدی خۆتەوە پێناسەیەكی كورتی ئەو چەمكەمان بۆ بكەی.

وەلاّم: عەلمانیەت پێناسی جیاوازیی نیە، چونكە ڕێبازێكی تایبەتە. پوخت و كورتترین پێناسی، بریتییە لەمە: (عەلمانیەت بریتییە لە جیاكردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و دەسەڵات و كۆمەڵگەو، تەسككردنەوەی ئاین لە پەیوەندییەكی بێ گیان لە نێوان خوداو بەندەدا) .

ڕوون : كاتێك باس لەو چەمكە ئەكرێت ئەوترێت عەلمانیەت: میانەڕەو و تونڕەوی هەیە،ئێوە تاچەند لەگەڵ ئەم دابەشكردنەدان؟

وەڵام: ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە عەلمانیەتیش وەك هەر ڕێبازێکی تری فکریی، توندڕەویی و میانەڕەویی تێدا هەیە. ئەڵبەتە کە دەڵێم میانەڕەو مەبەست وەصفکردنی نیە، مەبەست ئەوەیە هەندێك لە پەیڕەوانی بیری لائیکیی و سیکۆلاریزم – وەك زۆربەی عەلمانیەکانی خۆرئاوای مۆدێرن– بەشێوەیەکی میانەڕەوانە بانگەشە بۆبیری خۆیان دەکەن، یان هەڵس و کەوت دەکەن. لە کاتێکدا زۆربەی عەلمانییەکانی لەمەڕ خۆمان و خۆرهەڵات بەگشتیی، توندڕەوانە بیر دەکەنەوە، یان لەگەڵ بەرانبەرەکانیاندا بە توندیی هەڵس و کەوت دەکەن.

لەبەر ئەوە ئەو دابەشکردنە واقیعە، بەتایبەتی لە ڕەهەندی پراکتیکیدا. وەگەرنا لەڕووی فکریی و جیهانبینییەوە ئاڵۆزییەکی زۆر لە هزری عەلمانییەکاندا دەبینرێت، کە ڕاو بۆچوونی بەرامبەر وەرناگرن و، بە بڕیارو هەڵوێستی پێشوەختەوە، لەگەڵ بەرانبەرەکانیاندا گفت و گۆ دەکەن. بۆیە وێنای توندڕەویی و پەرگیرییان بەسەر دازاڵە. ئەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نیە کە غەیری ئەوان لە خاوەن ڕێبازەکانی تر بەو جۆرە نین. دیاردەکە بەڕێژەی جیا جیا لە شوێنکەوتووانی زۆربەی ڕێبازەکاندا هەیە، بە هەندێك لە ئیسلامییەکانیشەوە.

روون :نوسەرو بیرمەندی ئێرانی (عبد الكريم سروش) لە(کتێبی ئاین و سیکۆلاریزم)دا لە باسی عەلمانیەتدا ئەڵێت :هەر چەندە بانگەشەی عەلمانیەتی میانەڕەو بکرێت ، بەڵام دامەزرێنەرانی قوتابخانەی سیکۆلاریزم–عەلمانیەت–لە بنەڕەتدا مولحید و کۆمۆنیست و دژە ئاین بوون،بۆیە ئەبێت بەردوام بە گومانەوە مامەڵە لەتەك ئەو تەوژمەدا بکەین ،تۆ تا چەند لەگەڵ ئەم بۆچونەدای؟



وەڵام: من ئەو قسەیەی (سروش)م نەدیوەو نەشمبیستووە، هەرچی بێت بەشێك لە بۆچوونەکەی جەختکردنەوەیە لەسەر هەمان ڕاستیی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ

کرد. بەڵام من لەو بەشەیدا ڕام جیاوازە کە دەڵێت: دامەزرێنەری عەلمانیەت مولحیدو کۆمۆنیست بوون، چونکە لەڕووی مێژووییەوە بەو ڕەهاییە نیە، پەیڕەوانی ئاینی مەسیحیەت لە خۆرئاوا کە بەشێوەیەك لە شێوەکان بڕوایانبە خوداو پێغەمبەرایەتی هەبوو، بانگەشەیان کرد بۆ عەلمانیەت، ئەویش وەك دەرهاویشتەیەکی ئاینی مەسیحیەت و تەعالیمەکانی ئینجیل کە هەموو (ئەسفار) و (ئایەتەکان)ی خاڵی کراونەتەوە لە باسی دەسەڵات و حوکم و سیستمەکانی ژیانی کۆمەڵگە.

بۆیە، نە هەموو ڕابەرانی بیری سیکۆلاریزم مولحید بوون، نە ئەو بەشەش لە ڕابەرانی ڕەوتەکە مولحید بوون، هەموویان توندڕەو بوون، تەنها لەبەر ئەوەی مولحید بوون. بە گوزارشتێکی تر دەکرێ بڵێین: توندڕەویی و میانەڕەویی دوو دیاردەو وەصفن، نە بڕواداریی و ئیمان، دەستەبەری لە صەدا صەدی یەکەمیان دەکات، نە بێباوەڕیی و ئیلحاد، تاکە سەرچاوەی یەکەمیانە. چونکە هەردوو دیاردەکە، حاڵەت و وەصفن بۆ پەیڕەوانی هەردوو ڕێبازەکە. هەردوو نمونەکەش لە مێژوودا بینراون و، لە سەردەمی هاوچەرخیشدا لەبەر چاومانن.

روون: عەلمانیەت لە جیهانی خۆرئاوا تاڕادەیەك ی باش ئازادی و ماف و کەرامەتی بۆ توێژەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر کردوە،بەلأم لە جیهانی ئیسلامی لەدوای دەیان ساڵ ئەزموونی حوکمڕانی جگە لە شکست وقەیران و توندو تیژی هیچی بەرهەم نەهێناوە،هۆکاری جیاوازی ئەم دوو مۆدیلەی عەلمانیەت بۆچی ئەگێڕنەوە؟

وەڵام: لەم بابەتەدا بیرکردنەوەو وێناکردنێکی هەڵە هەیە. کە تەواوی عەلمانیەکانی خۆرهەڵاتی بە هەڵەیەکی گەورەدا بردووە. تەنانەت لە پرسیارەکەی بەڕێزیشتاندا ڕەنگی داوەتەوە.ئەویش ئەوەیە: کە بیری عەلمانیەت بە واتای دوورخستنەوەی ئاینی مەسیحیەت لە ژیانی کۆمەڵگەو دەسەڵات و حوکم، کارێکی زۆر باش بوو. بەڵام گوێزانەوەی ئەم ئەزموونە بۆ خۆرهەڵاتی ئیسلامیی سەرلەبەری هەڵە بوو. بۆچی؟

لەبەر تێنەگەیشتن لە هاوکێشەیەکی زۆر ئاسایی و ڕوون و سادە، کە هەندێك کەس پێی نازانن، هەندێك کەسیش باش پێیان زانیوە، بەڵام خۆیانی لێ نابەڵەد دەکەن. ئەویش ئەمەیە: ئەوان ئەو ڕاستییسەیان لێ شێوا کە نە ژینگەکان یەکن، نە ئاینەکان یەکن، نە کتێب و دەقە پیرۆزەکان یەکن. بۆنمونە عەلمانیەکانی لەمەڕ خۆمان بیریان نیە کە: نە قورئان ئینجیلە، نە مزگەوت کڵێسایە، نەمەلا قەشەو حاخامە. نە ئیسلام مەسیحیەتە، نە کوردستا خۆر ئاوایە، نە هیچ لایەنێکی کەش و هەوای کۆمەڵایەتی ئەملا لەولا دەچێت.

بۆنمونە: (قورئان)ەکەی کتێبی پیرۆزی موسڵمانان پڕیەتی لە باسی پرەنسیب و بەهاکانی دەسەڵاتداریی و حوکمڕانیی و دادگەریی و فەرمانڕەوایی و قەزاو سوپاو شوراو، هتد. لە کاتێکدا (ئینجیل) ئەم باسانەی تێدا نیە.

یان (مزگەوتی موسڵمانان) جێی کۆبونەوەو دەردەدڵی کۆمەڵایەتی و، چارەسەری گیرو گرفت و کێشەکان، ڕازو نیازی نێوان خوداو بەندەگان، باوەڕداران و ڕابەریان، باوەڕدارا خۆیان، هتد، بووە. لەکاتێکدا (کڵێسا) قۆرخ بووە بۆ ڕاونیازو (طقوس) یك لە نیوان خوداو بەندەکانی.

یان (مەلاو زانایانی ئیسلام) پشتیوانی زانست، بگرە بڵاوکەرەوەی زانست و مەعریفە بوون، لە کاتێکدا (قەشەی چاخە پێشووەکان) ڕێگری زانست بوون و، بە دەیان زاناو برمەندیان کوشت، چونکە قسەیان لە زانست و گەردوون دەکرد. زانای فیزیایی و گەردونناس (گالیلۆ) باشترین نمونەیە، کە قەشەکانی کلێسا دادگایا کرد لەسەر ئەوەی ڕایگەیاند کە زەوی خرە ! لە کاتێکدا زانایانی ئیسلام خۆیان باسی دەیان تیۆری فیزیاییامن کردووەو، مەلاو دەسەڵاتدرتنی مزگەوت دەزگایەکی وەك (دار الحكمة)یان داناوە کە تەرخان کراوە بۆ وەرگێڕانی کتێبە لاتینی و هیندیی و فارسییەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی.

بە کورتیی، دەرکنەکردنی ئەم دوو هاوکێشە جیاوازەو، ئاشنانەبون بە سروشت و تایبەتمەندییەکانی ئیسلام و پەیامەکەی، تەواوی عەلمانیی و لائیکانی پەیڕەوی بیری سیکۆلاریزمی خۆرهەڵاتی ئیسلامی – بە کوردستانی خۆشمانەوە – بە هەڵەدا بردووە.

روون:.لە زۆرێك لەوڵاتانی ئیسلامی و هەرێمی کوردستانیشا سەلەفیەتی مەدخەلی پشتگیری و پاڵپشتی خۆیان بۆ حوکمڕانیەتی عەلمانی و نەیاری و دژایەتی ئیسلامی میانەڕەو ڕاگەیاند، کاری ئیسلامیەکان تا ئاستێك تووشی پاشەکشێ و قەیران بوە،پێتان وایە هەمان ئەو ئیرادەی کە لە خۆرئاوای مەسیحی دا دین و دونیا ی لە نێوان خودا و قەیسەری عەلمانی دابەش کرد لەپشت ئەم پێکهاتنەی سەلەف و عەلمانیەوە خۆی حەشار دابێت؟.

وەڵام: من وا نابینم کاری ئیسلامییەکان لە پاشەکشێ و قەیراندایە. بە پێچەوانەوە عەلمانیەت و پشتیوانانیان لە ڕەوتە ئاینییەکانی دواکەوتوویان، لە قەیرانی تەواودان، قەیران بە واتای تەواوی قەیران و، لە هەموو ڕەهەندە فکریی و کردەییەکاندا. چونکە گەشەی ڕابوونی ئیسلامیی و، ئامانجداریی رەوتی ئیسلامیی و، پرۆژەی دەوڵەتداریی لای ئیسلامییەکان، عەلمانیەتی نێونەتەوەیی هەراسان کردووە، لە کۆشکی سپییەوە، تا دەگاتە کوڵەسوچی بیری تەسکی عەلمانییەتی دەمامکدار بە ئاین و سیمای دوور لە جەوهەری ئاین.

بۆیە ئەو پێشکەوتنەی ڕەوتی ئیسلامیی میانەڕەوو پرۆژەی سیاسی میانەڕەوی ئیسلامیی، بۆتە دوو ڕیانی کۆکەرەی عەلمانیەتی بۆیەکراو بە ئاین و عەلمانیتی دژە ئاین. ئەوەی لە میصر ڕووی داو، ئەوەی لە لیبیاو تونس ڕوو دەدا، بەشێکە لەو پەلەقاژەیەی کە من پێم وایە بێ ئاکام و نەزۆکەو، لە داهاتوودا شکستی دەبینین.

روون : عەلمانیەکان لە میدیاکانیانەوە باس لەبەرەنگاربوونەوەی فیکر و بیری داعش و سەلەفی تونڕەو ئەکەن، لەولاشەوە ئاسانکاری وپشتگیری سەلەفی مەدخەلی ئەکەن ومینبەرو میحرابی زۆرێك لە مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستانیان پێ سپاردوون وبێشەرمانە تەشهیربە ئیسلامیەکان ئەکەن و هەموو بەشداریەکی سیاسی و خەباتی مەدەنی ودیموکراسی بە بەزاندنی سنوری شەرع و ڕۆشتن بەرەو کوفر و جەهەننەم ئەبیین،ئایادەستەلاتی عەلمانی لەم نیفاقە سیاسیەدا چی دەست کەوتوە،،وتاچەندە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی ونیشتیمانیان ئەکەوێتە ژێر پرسیارەوە؟

وەڵام: من پێم وایە ئەمە قۆناغ و بوارێکە، دەبوایە بیگەینێ و پێیدا تێپەڕین. دەبێت ماهییەتی (نیفاقی سیاسی)، هەمان کات حەقیقەتی (نیفاقی ئاینی) دەرکەوێت. ئەمەش گەورەترین کارەساتە، کە لەیەك کاتدا سیستم و حومکداریی بەئایدیۆژیا دەکرێت و، لەگەڵیدا بەشێك لە ئاین و دروشمەکانی دەکرێنە بووقی خزمەت بە بیرو ئایدیای دژە ئاین؟ بۆیە وەك پێشتر وتم: هەردوو ڕووی عەلمانیەت لە قەیراندان وە هەردوو لا باجی ئەو دوو فاقەییە دەدەن و، دەبێ هەموو ئەوانەی هاوکارو پشتیوانی یەکترن، بەرپرسیارێتی هەموو نسکۆ سیاسی و ئەخلاقی و ئیدارییەکان لە ئەستۆ بگرن

روون: لەم ماوانەی پێشوودا لەلایەن هەندێك میدیای ڕاسپێردراوو کەسایەتی و باڵی ناو عەلمانیەوە لە چوار چێوەی پرۆژەیەك دا بەناوی: ( ئاین بۆ تاك و دیموکراسی بۆ هەموان) لەڕێگەی وروژاندنی کۆمەڵێك بابەتی هەستیارەوە و کەوتنە بەزاندنی هەندێك هێڵی سوور و پەلاماردانی بزاڤی ئیسلامی بە شێوەیەکی ڕەها،بەڵام زۆری نەخایاند کەوتنە هێنانەوەی پۆزش و پەردەپۆش کردنی هەڵەکانیان، کۆمێنتی بەڕێزتان لەبارەی ناونیشان و ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەوە چیە، وە چی مەبەستێکی فیکری وسیاسی لەپشت ئەو هەوڵە نەزۆکانەوە ئەبینن؟

وەڵام: ئەوەی ئاماژەتان بۆ کرد، نمونەیەکی ئەو قەیرانەیە کە باسم کرد. من ئەو حاڵەتەم ناو ناوە (هیستیریای فکریی). تۆ ورد بەرەوە لەو دوو فاقەییەی کە تێی کەوتوون: لە سەرێکەوە داوا دەکەن کە ئاین تەسك بکرێتەوە لە هەندێ شەعائردا، کە ناویان ناوە پەیوەندی نێوان خواو تاك، کەچی لە لایەکی ترەوە داوا دەکەن مەلای مزگەوتەکان قسە لە ماف و پرسەکانی ئافرەت بکەن و،

پشتیوانیی پێشمەرگە بکەن و، یارمەتی دام دەزگاکانی حکومەت بدەن و، هتد. ئەمە ئەگەر هیستیریا نیە، چی ترە؟!



ئەم دەستەواژە بێ ناوەڕۆکە (ئاین بۆ تاك)، بۆ مەسیحەت دروستە، چونکە سروشتی ئاینەکە وایە، بەڵام ئیسلامێك کە 13 سەدە حوکمی دونیای کردووەو، گەورەترین ئیمپراتۆریەتی پێك هێناوەو، دەقە پیرۆزەکانی پڕن لە باسی دەوڵەتداریی و سیاسەت و حوکم و دەسەڵات، چۆن بەزۆر بچوك دەکرێتەوە لەو بازنە تەسکەدا؟

ئەمە ئەوپەڕی نیشانەی نەزانینە، کە ئەو عەلمانییە توندڕەوانە خۆیان گێل دەکەن لەو ڕاستییەی کە بە هەزاران کتێبی ئیسلامیی لەسەر (دەسەڵات)و (حوکم)و (دادگەریی) و(قەزا)و (شورا)و (أولوا الامر)و (سوپا)و (میزان) و (حدید) و سیستمی ئابوری و کۆمەڵایەتیی و سیاسی و ئیداریی و هتد، نوسراون.

ئایا مەعقول و ڕەوایە کە ئەو کتێب و مەوسوعە زانستییانەی بە ملیۆنها لاپەڕە دەخەملێنرێن، هەموو شرۆڤەو ڕاڤەی چەند ئایەتێك بن کە باسی پەیوەندیی نێوان خواو تاکە؟

ئایا ڕەواو پەسەندی عەقڵە کە سێزدە سەدە لە ئەزموونی حوکم و دەسەڵات، هەڵقوڵاوی ئاینێك بێت کە تەنها تایبەت بێت بەباسی نێوان خواو تاکەوە؟

بەڕاستی ئەمە غەیری پەیڕەوکردنی سیاسەتی گەوجاندن نەبێت شتێکی تر نیەو، تا زیاتر ئەم قەوانەش لێ بدرێتەوە، زیاتر ئیفلاسی فکریی و بێ تفاقی دەگەیەنێت. هیوادارم ئەو کەس و دەزگایانە کە بەو جۆرە وێنای ئاین دەکەن، چاوێکبە گەشەی ڕەوتی ئاینپەروەریی ناو گەنجاندا بخشێنن و، لە دوورەوە سەیرێکی مزگەوتەکان و زانکۆو پەیمانگاکان و هۆڵی پەرلەمان و کابینەی

حكومەتی هەرێم بكەن و، كارامەیی گەنجانی ئیسلامدۆست و، خەللاقیەتی فكریی ئیسلامییەكان و، میصداقیەتی ئەخلاقییان و، دوورییان لە گەندەڵییەكانی ئەوان، ببینن و، هەندێك داتاو زانیاریی و ئاماری ورد لەسەر تیراژو فرۆشی كتێبی ئیسلامی و، ڕووكردنە ئاین و، زیادبوونی دیاردە ئاینییەكان پەیدا بكەن، تا بۆیان مەعلوم ببێت كە هەموو سیاسەتەكانیان لە ڕوبەڕوبونەوەدا شكستی هێناوە.

بۆیە لە كۆتاییدا دەڵێم: تاكە ڕێگەی دروست بریتییە لە ڕێگەی دایەلۆك و یەكتر خوێندنەوەو، داننانبە ئەمری واقیعداو، وازهێنان لە گەوجێتیی و تاكتیكی شكستخواردووی گەوجاندن.




دووفاقی عەلمانی لەوەدایە لە سەرێكەوە داوا دەكەن كە ئاین تەسك بكرێتەوە لە هەندێ شەعائردا، كە ناویان ناوە پەیوەندی نێوان خواو تاك، كەچی لە لایەكی ترەوە داوا دەكەن مەلای مزگەوتەكان قسە لە ماف و پرسەكانی ئافرەت بكەن و، پشتیوانیی پێشمەرگە بكەن و، یارمەتی دام دەزگاكانی حكومەت بدەن دەستەواژەی بێ ناوەرۆكی (ئاین بۆ تاك)، بۆ مەسیحەت دروستە، بەڵام ئیسلام كە 13 سەدە حوكمی دونیای كردووەو، هەزاران كتێبی ئیسلامیی لەسەر (دەسەڵات)و (حوكم)و (دادگەریی) و(قەزا)و (شورا)و (أولوا الامر)و (سوپا)و (میزان) و (حدید) و سیستمی ئابوری و كۆمەڵایەتیی و سیاسی و ئیداریی و هتد، نوسراون.ئایا مەعقول وڕەوایە بوترێت ئیسلام تەنها بۆ پەیوەندی نێوان تاك وخودا هاتوە؟!!.



# مەلابەختیار

# لەچی نیگەرانە ...؟

## وریا باقر

دەبێت بپرسین نیگەرانی مەلابەختیار لەکوێوە سەرهەڵدەدات لەگەشەکردنی ئاینی ئیسلام یاخود لەدەرکەوتنی ڕوی ڕاستەقینەی عەلمانییەتی شکست خواردووی ڕۆژهەلاّت کەهاوبیرانی ئەو پێشوازی لێدەکەن ،یان شکستی سیاسی وبالّبالّێنی حیزبەکەی، کەدەیەوێت بەم جۆرەقسانە سەرنجی خەڵکی لەسەر حیزبەکەی دوربخاتەوە بۆسەر گومانکردن لەحەلاّیی وحەرامی گۆشتی بەراز .

لەماوەی ڕابردوودا لەسەر پرسی ئاین و کۆمەڵگە، مەلابەختیار (سیّ) کۆڕی گرتووە کەیەکەمیان لەزانکۆی سلێمانی بوو لەم کۆڕەیدا هێرشێکی گەورەی کردە سەر سەلەفییەکان وتوندڕەوی داعش بەو کۆڕەوەدیار بوو مەلابختیار قسە وباسی تری دەبیت، چونکە ئەو داعش و سەلەفی بەدەرفەت دەزانیّ تاوەکولەخودی دین بدات نەك ڕەخەلەمێژووی ئیسلام بگرێت.بگاتە ئەوەی بەگاڵتە ئامێزەوە بلّی (گۆشتی بەراز خۆشترە یان گۆشتی حوشتر).

هەرلەکۆڕەکەی زانکۆی سلێمانی دەڵێت ئێمە پشتگیری سەلەفی نەبووین ،خودی ئەم قسەیە بەڵگەیەلەسەر پشتگیری کردنی سەلەفیەتی مەتخەلی ئەگەر ئەو پشتگیریان ناکات ئەی کێن ئەوانەی پشگیری لّی دەکەن و بەشان باڵیاندا هەڵدەدەن و لەکۆبوونەوەی نهێنی لەگەڵیاندادەنیشن.کێشەی کاك مەلا لەوەدایە کەتوندڕەوییەکانی بەناوئیسلامی وەك خودی ئیسلام دەناسێنێت، ئەوەی سەرنجەو دەبێت بوترێت کۆمەڵە کەسێك هەستاون بەبەستنی ئەوکۆنفرانسەکە هەموویان بەدەوری کاك مەلابەختیارەوەن بەناوناونیشانی جیاوە،دەمێکە بەناوناونیشانی جیاجیا لەم جۆرە قسەو کۆنفرانسەیان ئەنجام داوە .ئەو نوسەرورۆژنامەنوسانەی کەدەوری کاك مەلایان گرتووە هیچیان لەسەر ئەساسی فکری کۆنەبوونەتەوە، بڵکو لەسەر بەرژەوەندی شەخسی وبژیوی ژیان کۆی کردونەتەوە ئەگەرنادەمێکە ئەوبرادەرانەدەنوسن وقسەدەکەن بەلاّم بچوکترین کاریگەریان نەبووە .هەرئەمەش بوەهۆکار کەدووبارە بەناونیشانێکی نوێوە بێنەوە سەر شانۆ(ستەیج). بۆئەوەی هاوچەرخ وڕشنبیربین دەبێت ئاینی ئیسلام ڕەتبکرێتەوە لەکۆمەڵگەی

دابڕین بەبیانوی نەهاتنەوەی ئاینی ئیسلام بەوەی کەنەتوانێت لێبوردەی کۆمەڵگەدیاری بکات بۆیەپێویستمان بەبەدیلی ئاین هەیە. لەکۆڕی سێیەمیدا کەلەهۆڵی هونەر ئەنجامی دا ڕونکردنەویەك بوولەسەر قسەکانی خۆی کە لەکۆنفرانسەکەدا کردبووی .زۆربەڕوونی هەستی بەنیگەرانی وڕەخنەکانی خەڵکی کردبوو، وەخڵك دەزانێت قسەکانی مەلا بەختیار لەکوی وەسەرچاوەدەگرێ بۆیەناچاربوو روونکردنەوە بدات لەسەر قسەکانی خۆی بگاتە ئەوەی کەبڵێ (ئێمەش هێلی سورمان هەیە ) کەئەویش( خوای گەورەو قورئان وپێغەمبەر (د.خ) ) . نیگەرانی مەلابەختیار لەوەدایە کەچون دەکرێت کۆمەڵگە ئەوەندە پەیوەست بێت بەئاینەوە وە قسەکانی ئەوی پێ هەزم نەکرێت هەرلەوکۆڕەدا کەوای دەرخست پەشێمان نەبۆتەوە لەسەر قسەکانی کۆنفرانسەکە وتی من ڕەخنەم لە مێژووی ئیسلام گرتووە نەك خودی ئاینی ئیسلام پاشان وتی باشترین سیستەم عیلمانییە بۆ ئەوەی هەمووان کۆبکاتەوە داوای نمونەی دەکرد وتی لەکوی دنیادا عیلمانیەت بۆتە



هەڕەشە . هەرئەوەندەبەسە کەبیری مەلابەختیاری بخەینەوە وپێی بلێن سەرهەڵدانی (مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە ) بەرئەنجامی ڕەخنەیەلەعلمانییەت ، چونکە عەلمانییەتی توندڕەوی هیچی کەمترنییە لەتوندڕەوی دینی تەنهاهەوڵ بۆبەرژەوەندی تاك لایەنی بۆخۆیدەدات، کەئێستا مۆدێرنە ئەم دوجۆرە مۆدێلەی تێپەڕاندووە ،هیوادارم کاك مەلابەختیار کتێبی (دین ودنیاکەی ) مەریوانی وریاقانع بخوێنێتەوە چونکە بەباشی باسی خەوشەکانی عەلمانییەتکردووە. دەبرسین عەلمانییەتکەی یەکێتی وپارتی نەبوو کوردستانیانکردە دووبەشەو کەتا کوئێستا بەدەست قەیرانەکانیانەوە دەناڵێنین ، ئەی دەسەڵاتی قەزافی و بەشار عەلمانی نەبوون کەولاتیان کردەگۆمی خوێن ، هەرکودەتا چییەکانی عەلمانییەت نەبوون مورسییان لە میسر ڕووخان و چاوەڕیی هەڵبژاردنی داهاتوویان نەکرد. من لەمەلابەختیاردەبرسم نمونەی دەسەڵاتیکی عەلمانیمان بێبلێ لەڕۆژهەلاتی ناووەڕاست کە بەهەڵبژاردن هاتبێتە سەرحوکم کامییە ئەونمونە جوانەی عەلمانییەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەدەتانەوێت بۆمان بگوازنەوە، دروست بوونی بزوتنەوەی ئیسلامی توندڕەو پڕگیر هەمووی ئەنجامی ئەو فسشارەزۆررەی ئێوەبووکەخستبووتانەتە سەرکۆمەڵگە و گەنجانی داوێن پاك وبەئەخلاق .من دەزانم نیگەرانی کاکە ملاو هاوڕێکانی لەوەدایەکەبۆچی تاکوئیستا کۆمەڵگەی کوردەواری بەدڵی ئەوان نەبۆتە کۆمەڵگەیەکی عەلمانی بۆیە منیش پێیان دەڵیم کۆمەڵگە

عەلمانییەتکەی ئێوە لەیەکێتی و پارتییەوە دەبینێت کەچەند نەموونەیەکی ناشیرین بۆ عەلمانییەت وەك مەریەوانی وریاقانع دەنوسێت ( پارتی ویەکێتی نمونەیەکی ناشرینی عەلمانییەتن ).ئەوەی کەپێویستە مەلابختیار بزانێت ئەوڕەخنانەی ئەو لەئیسلامی دەگرێت بەتەواوی ڕەخنەیەکن لەپشتییەوە ئایدۆلۆژیایەکی عەلمانی لەپشتیەوەیە بۆ سوکردنی خودی دین ، خۆی باش دەزانێت چاکسازی ئاینی لە دەروەی خودی ئاین ناکرێت .دەبێت لەناخۆی ئاینەوەچاکسازی بکرێت واتە کەسێك بۆهەیە ڕەخنەی ئاینی هەبێت کە بەتەواوەتی خۆی شارەزای ئاینی ئیسلام بێت . وەك نوسەرێك دەڵێت دەتوانێت ئەو ئیش لەسەر گەشکردنی پێشخستنی عەلمانییەت و قوڵبوونەوەی دیموکراسی بکات لەکۆمەڵگەدا تانەرمووبنەوەی عەلمانییەت بۆ ئاستی پێکەوژیان .

ئێمەچاك دەزانیین ئەو قەد مەبەستی نەبووە ڕەخنە لەمێژووی ئیسلام بگرێت ، بەڵکو مەبەستی پێی لێدان بووە لەئیسلام ، ئەگینا بۆچی کۆمەڵێك ماستاوچی و فەریکەنوسەری خستۆتەشوێن خۆی لەبەینی هەرقسەیەکیدا چەپڵەی بۆ لێدەدەن کەی باوی ئەم جۆرە کۆڕبەندانەماوە مەگەرلەنێوکۆیلەکانی زەمانی کۆندا نەبێت کەچەپڵەیان بۆ سەرۆك دەکوتا. پێشنیاری بۆدەکەم کەکاك بەختیار قسەلەسەر ئازادی عەقڵی چواردەوری بکات هەموو ئەونوسەرانەی چواردەوری کردۆتە کۆیلەی خۆی وتەنها بۆچەپڵەو جوێندان بەئیسلام بەکاری دەهێنێت.

ئەگینا ئەوڕەخنانەی مەلابەختیار زۆربچوکن لەچاو ئەو ڕەخنەی موعتەزیلەکان و عبدالکریم سروشت و ناصر حامید ئەبوزەید وباقی فەیلەسوفانی ئیسلام کەدەی گرن لەئیسلام .

لەکۆتایدا دەمەوێت بڵێم یەکەم مەرجی سەرکەوتنی قوتابخانەی فرانکفۆرت سەربەخۆبونی بوولەڕووی ئابوورییەوە بۆئەوەی نەکوێتە ژێرکارتێکردنی لایەنی سیاسی وئایدۆلۆژییەوە ، بەڵام ئەوکەسانەی لەچواردەوری مەلابەختیار کۆبونەتەوە ئەوەندەلاوازن نەك کەوتونەتەژێرکاریگەری ئایدۆلۆژیاوە ، بەڵکو کەوتونەتەژێر کارەکتەرێکی سیاسی نەك ڕۆشنبیرێکی قوڵ و فراون لەمەوداکانی دیموکراسی وپێکەوژیان. دەبێت بپرسین لەم بارودۆخەی کەهەرێمی کوردستانی پێدا تێ دەپەڕێی کە قەیرانی سیاسی وئابوورییە، کەچی کاك مەلابەختیار بەناوی هەڵوێست وەرگرتنەوە دەیەوێت دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بشێوێنێ کەئەمەش لەقازانجی هیچ کەس ولایەنێکدانییە . لەمسەروبەندەدا کەمووچەی فەرمان بەران سێ مانگە دواکەوتووە بەڵام بۆکۆنفرانسەکەی ئەو ( یەك ملیارد و دووسەد ملیۆن دینار) خەرج دەکرێت ، کەبەڕاستی ئەمە بەهەدەردانێکی ئاشکرای سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەیە.



# دیداری ڕوون لەگەڵ مسعود عبدالخالق: ئەسڵی دیموکراسی ئاینە نەك عەلمانی.

**دیداری : پەیام نەجمەدین**

لەم دیدارەی گۆڤارەکەماندا نوسەر و ڕوناکبیر مسعودعبدالخالق باس لە عەلمانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عەلمانیەت لە کوردستان بەتایبەتی ،چۆنیەتی گواستنەوەی عەلمانیەتی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین .

ڕوون:خاڵی جیاوازی عەلمانیەتی رۆژ هەلات و رۆژ ئاوا چین؟ئایا جیاوازن؟یان خالی هاوبەشیان،؟

مەسعودعبدالخالق: ئەو تیبینیە هەیە گوایە سەرچاوەی عەقلانیەت و عەلمانیەت رۆژئاواییەو ئاینیش بۆ رۆژهەلات، (فارنکتون) دەلێ: (مامن أن فكر إذا ظهر في الغرب كان فيلسوفا وإذا ظهر في الشرق كان نبياً) ، بۆیەش دەلین هەرچی زانیاری وشارستانی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە کۆنەکانی ئەوروپی بە چەمکی عەلمانیشەوە، کەچی بەسەرنجێکی ووردتر دەردەکەوێ زۆربەی زانیاریەکانی یۆنانی کۆن سەرچاوەکانی رۆژهەلاتین لەویش بۆ ئاینی نەك عەلمانی ،بەنمونە هەندێکی وەردەگرین: أ– ئەسلی دیموکراسی لە عەجەم وەرگیراوە بە پێی ئەو مشت ومڕەی نیوان زانایانی فارسی کەلەلایەن (هیرۆدۆتس)ەوە لە522پ ز لە کتیبە میژووییەکەی نەقل کراوە لەدوای ئەوەی فارس ناوچەکانی ئەوانی داگیر کردوە 7 زانای فارسی سێ جۆر حوکم باس دەکەن و لەکۆتایی دا لەسەر پیشنیاری(ئۆتانۆس شێوەی ئیزۆنومیا)هەلدەبژێرن کە هاوشێوەی دیموکراسیە. بڕوانە:( thought p36 Greekpolitical of T.Asinclair-Ahistory )، واپێدەچێ هەر ئەسڵی دیموکراسی ئاینی بێت نەك عەلمانی ،چونکە ئەمبادیقلس بە باوکی

دیموکراسی وەسف دەکرێ ،ئەویش قوتابی (ح داود) بوە ، کەواتە لیبڕال دیموکراسی زادەی بیری ڕۆژئاوایە بەڵام دیموکراسی مولکی هەموو مرۆڤایەتیە ، ناوی یۆنانیش لە(یونس) پێغمبەرهاتووە ، لە سەر ئەو بنچینە قووڵانە( ڕۆسۆ لە کتیبی: العقد الإجتماعی) دەڵێت یەکەم دەسەڵات وشارستانی ئاینی بوە، ئاینیەکانیش زیاتر ڕۆژهەڵاتین چونکە دانیشتوان وشارستانی لە ڕۆژهەڵات بوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە ڕۆژهەڵات عاقڵ تر بن لە ڕۆژئاوا ،بەڵکو زیاتر مانای ئەوە دەدا کە یەکەم جار ئادەمیزاد بەعەقڵ وشارستانیەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە لە جودیەوە بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتون(بڕوانە: ڕۆڵی عەلمانی لە دروست بوونی مەینەتی کورد ،عەلمانیەت و علم لێکجیان ، لە ئەسڵدا مانای (سیکولاریزم–دنیا ویستی) مانای زانستی نیە (علم scince) ناگرێتەوە، بەڵکو لە (سایکولم )ی ئەگریکی هاتووە، فەرەنسیەکەش (لائیکی–Laigue)، یونانیەکەشی (لایکسی) هاتوە، بەمانای رەمەکی (عامی )، لە بنەچەدا بەپێ ی هەندێ سەرچاوە (سیکولار) لەڕۆمای کۆن و دواتر ئەو عەوام و کەسانە بووینە کە پایەی ئاینیان نەبووە لە کەنیسە ، یان پابەندیەکی ئاینی تەواویان نەبوە، بۆیە عەلمانیەتیش نوێ نیە وەك وا دەردەکەوێ کەلەگەڵ عەقلانی ومەدەنیەت ورینیسانسی ئەورویی پەیدابووبی، نەخێر،بەڵام ڕوو لە کەنیسەو ئاینی مەسیحی بوو زیاتر ،

وا باو بوو بە خۆماڵی کردنی دام و دەزگاکانی کڵێسە بۆ دەوڵەت یان مەدەنیەت دەگوترا بەعەلمانی کردن(سکولارکردن) ،لەنێو یەهودیەکانیش ئەنجومەنێکیان بە ناوی "عەلمانی" هەبوە لەبەغدا لەبەرامبەر ئەنجومەنی ڕۆحانی ، یەکەم جار سیکولار بەڕەسمی لە ساڵی (1648) لە مۆرکردنی ئاشتی (وستڤالیا) بەکارهات کە دەوڵەتی نەتەوەیی پێ دروست بوو لەجیاتی سیوکراتی، یەکەم کۆماری عەلمانیش لەدوای شۆڕشی 1789 لە فەڕەنسا دروست بوو، لە دوای ڕابوونی ئەورووپیش باوی وەرگرت ، عەلمانیەت لە دوولاوە دێت بۆ ڕۆژهەڵات ، زەمینەی سەرمایەداری و داگیرکاری خۆشتر دەکات ،بۆیە عەلمانیەت وەك پێشرەوی سوپای داگیرکەر هاتوە لە ئەسڵدا ،ئەوە وەك فاکتەری دەرەکی ،وەك فاکتەری ناوەکیش هەر میلەتێك ئاینێکی دروستی نەبێت یان ئەگەر دروستیشی هەبێت پەیڕەوی نەکا ئەوا عەلمانیەت بە خێرایی ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە ، هەندێجاریش وایە بەکارهێنانی ئاینی لای ئاینپەروەران بەهەڵەیی ونەفامی هەمان زەمینە بۆ عەلمانیەت دروست دەکات ، جیهانی ئیسلامی تووشی کۆمەڵێك دەردی دواکەوتەیی بوە لەڕووی فقهی و فکری وتەکنیکی وتا دەگاتە سیاسی وقانونی وکۆمەڵایەتی ،بەو دۆخە عەلمانی بوە پێویستی ئەو وولاتانە ،جیاوازی عەلمانی لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات لەوە وە دێت کە ڕۆژئاوا ئاینی مەسیحی پەیڕەو دەکات تشریعی تێدا نیە بەسانایی عەلمانی ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە،هەرچی

جیهانی ئیسلامیە ئاینەکەی هەم ئەکتیڤوهەم تەشریعیشە ،توندوتیژی وڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆری دەوێ تا عەلمانیەت جێگیر بکەی ،بۆیە تائیستاش لە جیهانی ئیسلامی عەلمانیەتیکی ڕۆژئاوایی پەیرەو نەبوە ،سەرچاوەی زۆربەی جیاوازیەکانی ئەزمونی عەلمانی ڕۆژئاواو جیهانی ئیسلامی لەو سەرچاوەیە دێت ...خاڵە هاوبەشەکانیان زیاتر پانتاییەکی زانستی هەیە نەك ڕێبازو مەدرەسەو باوەڕ.



ڕوون:ئەزمونی فکری و سیاسی عەلمانیەت لە ڕۆژهەڵاتدا جۆن هەڵدەسەنگێنن؟

مەسعودعبدالخالق: لە وەڵامی سەروو هەندێکی وەڵامی ئەو پرسیارەشە، ئەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا هەستی پێ دەکرێت ئەوەیە کە عەلمانییەکان بەشێوەی دیکتاتۆرەکان دەتوانن دەسەلاتی خۆیان بەڕێوە بەرن، یانی ئەگەر دیکتاتۆرو خاوەن هێز نەبن ناتوانن پیادەی دەسەڵاتەکەیان بکەن، خەریکە عەلمانییەت و دیکتاتۆرییەت لەم ناوچەیەدا تەنها پێکەوە بتوانن بوونی خۆیان بپارێزن.

دەبێ واقعی بین ئەو وەسفە ڕۆژئاوا ناگرێتەوە ، بەڵام عەلمانیەتی جیهانی ئیسلامی (بە تایبەتی عەلمانی عەربی ) دەگرێتەوە ، لە ڕووی واقیعیش پێچەوانەی ئەو بۆ چوونەی خۆیان بوون هەریەکەیان هەتا مردن سەرۆك بوو، هەتا لەیەکێ لە دەنگدانەکانی کۆنگرەیان (ستالین) لە (101٪)ی دەنگی هێنا بوو!، لە دوایدا نموونەی سەیرتریشی لێ پەیدابوو (کیم ئیل سونگ) سەرۆکی کۆریای شیوعی مرد کوڕەکەی هێنا جێی خۆی ئەویش مرد کوڕێکی خۆی هێنا..، هەروەها (کابیلا)ش لە کۆنگۆ، ڕاول کاسترۆش برای ڤیدل کاسترۆ هاتە جێی،لە نموونەی

سوشیالیستیش لە سوریا (حافز الاسد) مرد کوڕی هاتە جێی ئێستا بوەتە دیاردەیەکی ئاسایی ناو عەلمانیەت بە کوردستانیشەوە، سەرۆکایەتی وەك (موڵکیەتی) لێ هاتووە هەتا لە حزبی سیاسیش ئێستا ئەو سەرۆکانە لە جێی باوکیانن، ولید جنبلاگ–لبنان، بێنەزیر بۆتۆ–پاکستان، سونیا غاندی–هیند.. زۆری تریش،

خەریکە بڵێین لەناو بزوتنەوە ئیسلامیەکان کەمێك باشترە، لە ئێران (أ.خمینی) مرد (علی خامنائی) هاتە جێی هەر لە نەتەوەی یەکیش نین، لە ئێران ئەوا حەوتەمین سەرۆك کۆمار دەگۆڕێ، لە چیچان لە جێی جەوهەر دۆدایف سەلیم خان یاندەربایف هات هیچی یەك نین، ئینجا لەدوای ئەویش لە هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەسلان مەسخادۆف دەرچوو بە هێمنی دەسەڵاتی دادەست، هەروەها دەستگۆڕی دەسەڵات لە بۆسنیا لەلایەن (علی عزت بیگۆڤیچ) و تاڕادەیەك (عبدالرحمن وحید) لە ئەندۆنیسیا،ئەگەر چی لە مێژووی خەلافەت دیاردەی دەست گۆڕی جێی شانازی نیە بەڵام ئیستا نمونەی ئیسلامی زیاترە.. لە کوردستانیش تەنیا لەناو حزبە ئیسلامیەکان دیاردەی سەرۆك گۆڕین هەیە ئەگەرچی هەندێ گیروگرفتیشی هەبووە، ئەگینا حزبەکانی تر تا ئێستا نەگۆڕاون و شمولی هەڵبژاردنی کۆنگرەش نین .

عەلمانیەتی جیهانی ئیسلامی(زیاتر عەربی) لایەنی پۆزەتیڤی ئەو ئەزموونی ڕۆژئاوایان نەگوازتۆتەوە، بەڵکو لایەنە نێگەتیڤەکە، تا ئەو ساتەش، لە مارکسیەت لایەنی ئۆرۆشیوعیەکە زۆر ڕێکتر بوو لە لایەنی ستالینیە شیوعیەکە، کەچی ئەوان لایەنە ستالینیە توندەکەیان هێنابوو، لایەنی تری ڕزگاری تیابوو فەرامۆشیان کردبوو، لایەنی ئابووریەکەی سۆشیالیستی دیسان چاك بوو پەیڕەویان نەدەکرد ، سەرنج بدە (تەیاری وجودیەکانی) نەهاتبوون لایەنی (وجودی کیرکیجاردی) بگوازنەوە، هاتن لایەنی (سارتەر)یەکەیان دەهێنا کە سەلبیە، تا ئەو ساتەش یەکڕا نابن لە ئاست دیموکراسی و هەڵبژاردن و شەفافیەت و دەستگۆڕی دەسەڵاتی ڕاستەقینە، لایەنی ئەزموونی زانستی و خۆشەویستی وڵاتانمان بۆناهێنن، دڵسۆزی و سەروەری یاسامان بۆ ناهێنن، کەچی لایەنە سەلبیەکانی ئەزموونی لیبرالی دیموکراسیمان بۆ دەهێنن لە بازاڕی ئازاد و بەرژەوەندی بازی زیادەڕەو و، دیکتاتۆریەت و یەکتر نەخوێندنەوە.

ڕوون:ئایا عەلمانیەکانی کوردستان گوێزەرەوەو کۆپی کراوی فکری رۆژئاوایین؟هیچ ئیزافەیەکی فکرییان هەیە بۆ رۆشنبیری و فکری کورد؟؟

مەسعودعبدالخالق : دیسان بەشیکی زۆری وەلاّمی پێشوو وەلاّمیشە بۆ ئێرە ، کە باسی ئەزمونی کوردستان دەکرێ مانای باسی ئەزمونی حزب وسەرکردەو ڕوشنبیرەکانە،ئایدۆلۆجیای حزبە عەلمانیەکانی کوردستان بریتین لە سۆشیالیستی و لیبراڵی وشیوعی وئاینی یان تێکەڵەیەك لەوانە ، هیچیان لە داهێنانی خۆیان نیە هەرهەمووی هێنراوە ، بۆیەش بە خێرایی لەگەل گۆڕینی نەخشەی دەولی ورۆلی ئەو مەدرەسەو ئایدیۆلۆجیانە ڕاستەوخۆ دەگۆڕێن کە نیشانەی چری پاشکۆیی حزبە کوردستانیەکانە ،ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ئایدیۆلۆجیا جیاجیایەی لە کوردستان هەیە بەو ماوە کورتە زۆربەی تاقم وحزبە کوردستانیەکان چەندین ئەوبەرو ئەوبەریان کردووە لە لاسایی کردنەوە، تاڕادەی پێچەوانە، بەووردی دەری دەخا کە ئەوانەی لاسایی کەرەوەن بەرهەمی فکری خۆیان نیە، بەدوای پێخوستی خەڵکی ترن لەدوورەوە، بۆیە گەلێ جار دەگەنە کۆلە ڕێ، گەلێ جاریش کارەسات، جاری واش هەیە ئەوەندەی ڕۆیشتونە دەگەڕێینەوەو لەعنەت لەو ڕابوردووە دەکەن.

هەتا لەناوو ڕێبازیشا کۆپین نەك داهینان، سەرچاوەی زۆربەی حزبە کوردستانیەکان بۆ (پ د ك)دەگەڕێتەوە کە سەروەری هەلگیرسێنەری شۆڕشی ئەیلولی هەیە، ئەویش بۆ (هیوا)، هیواش بۆ(حزبی دارکەر) بە سەرۆکایەتی رفیق حلمی، (دارکەر)یش کت ومت کۆپی (کاربۆناری ئیتالیایەلەساڵی 1807) کە(تورکیای لاو)ی لەچاوکرایەوە،دوایش (ئیتحادولتەرەقی) دژ بەکوردی لەتورکیا هێنا ئارایەوە، چ لەوە چەوت تر هەڵسیت موعجەب بیت بە دوژمنت ولاسایی داگیرکەرت بکەیتەوە،چ لاساییەك ئەزمونی شکست خواردووی نێوان 1807–1830، لێرەدا دەبێ تەسلیمی ڕایەکەی ئیبن خەلدوون ببین کە دەلێت (بأن المغلوب مولع أبداً بالأقتداء بالغالب).

بەکورتی قسەلەسەر باقی ئەزمونی عەلمانی کوردستانی دەکەین، لەسەر (ی ن ك) زیاتر دەوەستین چونکە ئەگەر کاریگەری ئەزمونی (پ د ك) لەسەر یان بۆ قۆناغێك ئەوا لەقۆناغی نوێ ئەوەی (ی ن ك) زیاترە :

**1–** حزبی سوشیالیستی یەکگرتوو هەبوو لاسایی حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی ئەلمانیای 1919 بە سەرۆکایەتی روزا لوکسمبورگ ،دوای حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی فرنسی 1961دروست بوە.

- حزبی زەحمەتکێش وکریکاران ورەنجدەران هەبوو ئەوەتا ناوەئەسڵیەکانیان: ،حزبی زەحمەتکیشانی ئەلبانی،کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی لاوس.

- پاسۆك هەبوو لە کوردستان هەبو ناوەکەی لەحزبی سۆشیالیست و پاسۆك لە یۆنان وەرگیراوە.
- پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان هەبوو ناوو ناوەڕۆکی لە پارتی کاری سەربەخۆی کۆریاوەرگیراوە بە سەرۆکایەتی کیم ئیل سونگ،
- لە کوردستان ڕەوتی کۆمەنیست هەبوو ئەوەش لە ڕەوتی کۆمەنیستی ئیتالیاوەرگیراوە
- پارتی گەل ودوای پارتی گەلی دیموکراسی هەبوو ئەوە لە پارتی گەلی ئەفغانستان وەرگیراوە کە لە 1946 دامەزراوەلە سالی 1920 (حزب الشعب السوری)یش هەبوە، پارتی گەلی تورکیاش هەبوولە سالی 1962 دروست بوو ،
- پارتی کریکارانی کوردستان(پ ك ك) کە سەروەری گەورەی هەڵگیرسێنەری شۆڕش و بەرخودانی نوێ لە کوردستانی باکوڕ بۆ ئەو دەگەڕێتەوە ، لە جیهانی شیوعی زۆر بڵاوە پارتی کریکارانی بلجیکی لە1885 دروست بوە،پارتی کریکارانی مەجەری لە1918 دروست بوە، پارتی کریکارانی ڤیتنامی پارتی کریکارانی ئەلبانی ...زۆری تر .
- با سەرنج بدەینە ناوی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و پێکهاتەو ئەو تیۆرەی لەسەری دەرۆیشت و وا لەسەری دەڕوا، وەك ئەزموونێکی نوێیە لە کوردستان، کەچی دەبینین ئەوەش کت و مت (کۆپی) ناوو ناوەڕۆك و ئەزموونی هەندێ حزبی جیهانە، لەوانە:
- ئەزمون وناوی (یەکێتی نیشتمانی سودانی(سانو) کە لە 1958 دروست ببو بە سەرۆکایەتی جوزیفئۆدوهو ،دروشمی دیموکراسی بۆ سودان وفیدراڵی بۆ خواروو بوو .
- ئەزموونی( یەکێتی نیشتمانی ئەنگۆلی)کە لە سالی 1966 دروست بووە بە سەرۆکایەتی سافیمبی(لە دایك بووی 1934).
- ئەزموونی یەکێتی نیشتمانی زیمبابۆی(زانۆ)کە لە (زابۆ) جیا بۆوە لە سالی 1961،لە سەرەتا ڕێبازێکی مارکسی ماویانەی هەبوو.
- ئەزموونی یەکێتی نیشتمانی کینی لە ساڵی 1960 دروست بوو لە 3 باڵ (بزوتنەوەی سەربەخۆی کینیا، کۆمەڵەی هەڵبژاردە، هێڵی گشتی ئەفریقیا) ئەی ئەوە کت ومت و ناو و ناوەڕۆکی یەکێتی نیە کە پێکهاتبوو لە سێ باڵ (بزوتنەوە، کۆمەڵە، خەتی گشتی).

- ئەزموونی (اتحاد الوطنی عیراقی– یەکیتی نیشتمانی عیراقی)بەسەروکایەتی عبدالفتاح ابراهیم لە سالی 1946 وەك ڕەوتێکی مارکسی لەژیر پەردەی یەکێتی هێزە نیشتمانیەکانی نەتەوەگەری وبەعسی وشیوعی .

حزبە ئیسلامیەکانیش ئەو دەردەیان هەیە بەلاْم تەوەرەکەمان تایبەتە بە عەلمانیەت .

کۆمەڵگەی کورد ڕاستەوخۆ لەو دەردە بەرپرسیار نیە، بەڵکو مونەزیرەکانن، موفەکیر وسەرکردە عەلمانیەگەورەکانی کوردە، لەگەل بلیمەتی و قارەمانیەتیان لە کۆتایدا تووشی پاشکۆیەتی ولاسایی سەخت بووینەوە تا ڕادەی کۆپی بوون، مام جلال (کەدواپلەی گەیشتەسەرۆك کۆماری عیراق) گەورەترین مونەزیری ئەو سەردەمەیە لە بەراوردی نیوان ئیسلام وسۆشیالیستی ڕای وایە کە :( سۆشیالیست بەهەشتی پێیە بۆ ئەو دنیایە ، هەرچی ئیسلامە دەڵێ خۆ ڕاگرن بەهەشتان لە دوارۆژ پێ دەدەم )،ئەوە دەقی ڕای ئەنجلسە لەبارەی مەسیحی دەڵێ :

(أن الفارق بين الحركتين يتمثل في أن المسيحيين الأوائل قد نقلوا الخلاص إلي الآخرة بينما تتصوره الاشتراكية في هذا العالم الدنيوي)

،هەمان بەراورد موفەکیری گەورەی کورد عبدالله ئۆجەلان دەیکا دەڵێ:(پیغمبەرو ئیمام علی لە ئێمە سۆشیالیزم تر بوونە) ئەوە دەقی وەسفی مارکس وئەنجلس لە مانیفیستی شیوعی دەڵێن (سەرکەوتنی ئاینی مەسیحی لەکاتی خۆی سەرکەوتن بوو بۆ مێژووش) ، د جورج حناش لە کتیبی(قصة الإنسان) دەڵێ (پیغەمبەرەکان سۆشیالیستی بووینە پێش ئەوەی سۆشیالیستی بێتە کایەوە) ،.. لەوەوە زیاتر ئەو دەردە شۆڕ بوویتەوە بۆ خوارەوە، کتێبی (سەگوەڕ)کە لەساڵی 1982 لەلایەن نوسەرێکی گەورەی کورد نوسرایتەوە و شۆڕشی کوردی بە (سەگوەڕ)شوبهانبوو .. لە بنەچەدا ئەوە کت ومت لە (بروتوکولات حكماو الصهيون) شۆڕش بە سەگوەڕ واهاتوە:(ان الثورة ليس أكثر من نباح كلب على فيل، ففي الحكومة المنظمة تنظيماً حسناً من وجهة النظر الاجتماعية لا من وجهة النظر إلى بوليسها، ينبح الكلب على الفيل من غير أن يحقق قدرته. وليس على الفيل الا ان يظهر قدرته بمثل واحد متقن

حتی تكف الكلاب عن النباح، وتشرع في البصبصةبأذنابها عندما ترى الفيل) ،هەمو ئەوانە بریتیە لە پرۆسەیەك پێی دەووترێ لاسایی كردنەوە و پاشكۆیەتی عەلمانی كورد تا ڕادەی كۆپی.

ڕوون:زۆركەس پێی وایە عەلمانیەت لە كوردستان بەدی ناكرێت واتە ئەزمونێكی عەلمانی پڕاوبڕ نییە بەڵكو پێچەوانەی بنەماكانی خودی عەلمانیەت كاردەكەن بەناو عەلمانییەكانی كوردستانن ،بۆچونتان چیە لە سەر ئەوە تاچەندە لەگەڵ ئەو ڕایەدان؟؟

مەسعودعبدالخالق: بە پێی پێناسی عەلمانی مانا فراوانەكەی (فصل المطلق بين السياسة و الدين) بووە عەلمانیەت هەریەكە لە (یاساناسی فەرەنسی ڤۆدین، سیاسەتمەداری ئەڵمانی–ئەتسیوی، پارێزەری هۆڵەندی چۆرتیۆس) دەوری هەرە گرنگیان هەبووە لە بە دەولی كردن و داڕشتنەوەی یاسای عەلمانیەت، لە دوای تاوتۆكردنێكی زۆری تر (جۆن هیلۆك–1817–1906) وەك چەمكێكی سیاسی ماناكەی (گوایە بەبێ لایەنانە) داڕشت كە تا ئێستاش زیاتر بە گشتیەكەی ئەو مانایە دەبەخشێ: <u>دەتوانرێ بە لەباری ئاین دووربخرێ لە چاكردنی كاروباری مادیانەی مرۆڤ</u>، واتە جم و جۆڵی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و دروست كردنی دام و دەزگاو پارتی سیاسی بێ ئەوەی پەیوەندی بە ئاینەوە چ دوور چ نزیكەوە چ سەلبی چ ئیجابی نەبێ، ئاینیش لە گۆڕەپان بكشێتەوە ناو كڵێسە و دڵی ئادەمیزاد، یان وەك (د.كەیالی) دەڵێت: مانای مرۆڤ بەخۆی ببێتە خاوەنی خۆی،بەرەو مرۆڤایەتی ،بەرەو ئەوەی مرۆڤ دوامەبەست بێت لەو گەردوونە ،بە پێی ئەو پێناسە گشتیە عەلمانیەتی كورد عەلمانی بوینە ،دەكرێ لەمەدرەسە عەلمانیەكان لادان وپەیرەوكاری تەواو نەبووبن بەڵام عەلمانیەتەكەیان وەك ئەو ڕێكەوتنەی كەلەنێوان موسولینی وپاپا كرا لە 1929بەو شێوەیە : مرۆڤ لەبوونیەوە بۆ موسۆلینی بێت تا مردن لەوی بەدواوە هەتا قیامەت ببتە عایدی پاپا ، عەلمانیەتی كوردی ئاوای لەگەڵ ئاین كردوە كەچی سەركەوتووش نەبووینە .

ڕوون باڵی توندڕەوی عەلمانیەكانی كوردستان هۆكار نەبون بۆ بەپەرەسەندنی توندڕەوی ئیسلامی وپاڵنانی گەنجان وهاندان و یاری كردن بە شعوری ئایندارییان؟

مەسعود عبدالخالق: عەلمانیەتی كوردی بەخۆیان بەو ئایدیۆلۆجیە كۆپیكراوە لەلایەك ولەلایەكی تریش كاریگەری ئەزمونی دەسەڵاتی عەرەبی بەسەر دەسەلاتی كوردی وای كردوە كاردانەوەیەكی ناسروشتی ئیسلامی بەرامبەر دروست بێت ،بەلام توند ڕەوی ئاینی هەر بەوەندە دروست نابیت، لە چەند لایەكی تریش دێت ،جارێ لە پەراویزی زۆربەی ئایدیۆلۆجیەجیاجیاكان توندڕەوی لێپەیدا

دەبێت،چەندین ریکخراو سەری هەڵدا ،لەوانە: (الوية الحمراء- إيطاليا)، (خلايا المسلحة لاتحاد لشعبى -فرنسا)و ڕێکخراوی (بادرمانیهۆف) لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا هەبووە-...، لەلایەکی تریش ئیسلامیەکانی کوردستان تووشی لاسایی وکۆپی بزوتنەوە ئیسلامیەکانی عەرەب بوونە ،وای کردوە عەقڵ وکەلتوری عەرەبی وئاینیان لێ تێکەڵ بێت ، بەکورتی هۆکارەکانی توندڕەوی هەمان ئەو هۆکارانەی ئیسلامی عەرەبە کە بریتین لە :

- :لەدەقەکان پشت بە ئایەتەکانی (قتال)دەبەستن
- لە زانیاری قورئانپشت بە تفسیری(تجزیئی)دەبەستن نەك تفسیری (موزوعی).
- لەفقهدا پشت بە فتواکانی ئیمامی احمدی بن حنبل و ابن تیمیە ومحمد کوڕی عبدالوهاب و زانایانی ئێستای خەتی سعودی دەبەستن نەك بە زانایانی تر .
- سوود لەزەمینەی ئیسلامی سیاسی کاریگەر بە (عەقلی عروبی)وگوتارو وانەی ئەو مزگەوتانەی کە مامۆستایانیان هەمان کاریگەریان لەسەرە ، سوود لەسەلەفی ناجیهادیش وەردەگرن بە هەموارکرنیکی سادەوە .
- ئەو ئیجرائەتە توندانەی بەرامبەر ئیسلامی دەکریت بە تایبەتی لە وولآتانی عەرەبی وبوار نەدان بەدیموکراسیانە وئازادیانە کارکردنیان ..لەبەرامبەردا توندی بەرهەم دێنیٚ .
- سەقەتی مەنهەجی تعلیم و بوونی گەندەڵی وچینایەتی وبێ سەرو بەری وشکستی شارستانی
- دژایەتی ئاین وپەیڕەو کردنی عەلمانییەکی توندڕەو لەبەرامبەردا ئیسلامی توندڕەو بەرهەم دەهێنیٚ .
- ڕوون:تەعمیمکردنی کۆی ئیسلام بە توندڕەوی داعشیزم لەلایەن عەلمانیەکانی کوردستان جۆن دەبینن؟؟

مەسعودعبدالخالق : عەلمانی کوردی هەوڵی داوە چ لەگەڵ یەکتر چ لەگەڵ ئیسلامیەکان نمونەی بچوك بگشتێنیٚ بێئەوەی گوێ بداتە بەرژەوەندی گشتی یان پێوەری گشتی ،بۆیە زۆرجۆرە تۆمەتی مەترسی وەك تیرۆر و تەخوینیان دا پاڵ یەکتر ئینجا درا پاڵ ئیسلامیەکان ،تا وای لیٚهات

وەزارەتی ناوخۆی ئەمریکا هەمویانی خستە لیستی تیرۆر ،ئیستاش بەشیك لە ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدار دەیانەوێ هەمان ئەزمون دووبارە بکەنەوە ،نمونەی داعش بگشتێنن بەسەریانا کە لەناسنامەی ئایدیۆلۆجی و ئینتمای تەیاری لەگەڵ ئیسلامیەکانی کوردستان لێکچیان.

ڕوون :یەکگرتوو:عەلمانیەکانی کوردستان چەندیان ماوە بگەنە عەلمانیە ئەسڵیەکە و لەو فۆرمە ی ئێستایان دەربازبن؟؟

مەسعودعبدالخالق:جیاوازیەکی زۆر لە نێوان بەرپرس وسەرۆك وجۆری حزبایەتی لەکوردستان وڕۆژئاوا هەیە وامان پێدەلێ زۆریان ماوە بگەنە ئەو ئاستە ،هۆکارەکەی ئابووری وکۆمەلایەتی وئاینی نیە وەك ئەو سەرکردە عەلمانیانەی کورد دەیانەوی بیدەنە پاڵ دواکەوتووی کۆمەڵگەکەمان ،بەڵکو دواکەوتەیی خۆیانن ،ئەوەتا سەنگافورا وکۆریاو مالیزیاو زۆری تر ئەو مەسافەیان بە 10 ساڵ بڕی کەچی دەسەلأتی عەلمانی کوردی 20 ساڵ لەدەسەلات خراپتر بووینە ،

ئەو جیاوازیەی لەو خشتەکە هاتوە لە نێوان عەلمانی کوردو عەلمانی رۆژئاوا زۆر فراوانە ،کەی توانیان ئەو جیاوازیە ببڕن ئەوکات پێیان دەگەن .

| بەرپرس و سەرۆك لێرە | بەرپرس و سەرۆکی ڕۆژئاواو وولأتانی یاسا سەروەر |
|---|---|
| 1- لە سەرووی یاسا و لێپێچانەوەو ڕای گشتیە. | 1- پابەندە بە یاساو موئەسەسات وڕای میللەت. |
| 2- دیکتاتۆرەو شایەنی ڕەخنەو بەخۆداچوونەوەو هەڵسەنگاندن نیە. | 2- ئازادانە ڕەخنەی لێ دەگیرێ،دادگایی دەکرێ، لادەدرێ، کارەکانی هەڵدەسەنگێنرێ. |
| 3- ژیانێکی فیرعەونانەو لە کۆشك و تەلار و دەسەلأتێکی ڕەهای سیاسی و مالی و دەستوری هەیە | ژیانێکی سادەو دەسەلأتەکانی بەپێی دەستورەو تەنها موچەی خۆی لەدەستە. |
| 4- حزب و دەسەلات مولکی خۆیەتی. | 4- دەستگۆڕی دەسەلأت هەیە. |
| 5- خەڵك و نیشتمان و پیرۆزیەکان و ئاسایشی نەتەوەیی لە خزمەتی سەرۆکن. | 5- سەرۆك خزمەتکارە. |
| 6- بەرژەوەندی تایبەتی سەرۆك لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکە. | 6- بەرژەوەندی وولأت لە سەرەووی هەموانە. |



# (ئیسلام،عەلمانییەت،شەرعییەت...)

ڕێبەر اکرم فایق

بەدرێژایی مێژوو و لەئێستاشدا بەشێکی زۆری مرۆڤەکان وەك بەئەرك زانین یان پڕکردنەوەی لایەنی ڕۆحی و دەرونی خۆیان یاخود وەك بەرنامەو سیستەمی ژیان،پابەند بوون بەئاین و مەراسیم و سروتی ئاینی جۆراوجۆرەوە،هەرچی بەشەکەی دیکەیە هەندێکیان بەبێ دژایەتی کردن تەنها پابەند نەبوونیان هەڵبژاردووەو هەندێکی دیکەش بەشێوازو ڕادەی جیاواز دژی هەبوون یاخود هەیمەنەی ئاین لەکایە جیاوازەکانی ژیاندا،بۆیە ئەتوانین بڵێین پابەند بوون بەئاین زیاتر سروشتیی و ڕەسەنەو لەگەڵ مرۆڤدا تەباو سازگارە وەك پێچەوانەکەی. بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاین خوازان، ڕەوتی دووەم کە بەڕەوتی (عەلمانییەکان) ناسراون، بەشێکیان زۆربەتوندی دژی وجودی هەموو ئاینەکان بوون وهەوڵی بەتەواوی سڕینەوەیان داوە وەك (شیوعییەکان)لەزۆر کات و شوێنی جیاوازدا بەنمونە لەئەوروپای ڕۆژهەڵات لەسەردەمی سۆڤێتیدا، وە بەشەکەی دیکەیان وا دەردەکەون کە دژی بوونی ئاین نین بەڵام هەوڵی کەنارخستنی ئاین دەدەن لە بواری سیاسەت و دەوڵەتداریی بەتایبەتیی و سەرجەم بوارەکانی ژیان بەگشتی،هۆکاری بەم جۆرە دەرکەوتنەش ئەگەر هەندێك جار لەسەر بنەمای باوەڕو قەناعەت بێت ئەوا هەندێك جاری دیکە تەنها تاکتیکێکی کاتییەو بەهۆی ترسە لەسەرنەکەوتن یاخود کاردانەوەی ئاین خوازانی کۆمەڵگە بەگشتی.

کەواتە عەلمانیەت(سیکولاریزم)ڕەوتێکی فیکرییە کە گرنگی بەلایەنی دونیایی و ماددی دەدات بەدەر لەلایەنی رۆحی یان دواڕۆژ وەکاردەکات بۆ نەهێشتن یاخود کەنارخستنی ئاین لەبواری سیاسەت و دەوڵەتداریی بەتایبەتی و سەرجەم کایەکانی ژیان بەگشتی.ئەم ڕەوتە بە چەمك و ڕیشەو جێ بەجێ کردن ڕۆژئاواییەو چەندین بیریاری ڕۆژئاوایی لەسەدەی سیانزەوە کاریان بۆ کردووە تا لەشۆڕشی فەرەنسی(١٧٨٩)دا خەمڵی و فەرەنسا بووبە لانکەو هەناردەکاری

عەلمانییەت لەجیهاندا،لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەزەقی لەساڵی (١٩٠٨)لەتورکیا لەسەردەستی کۆمەڵەی(اتحادو تەرەقی) ڕیشەی داکوتی.

* پاساوەکانی دەرکەوتنی عەلمانیەت لەڕۆژئاوا:

١-مەسیحیەت خۆی ئاینێکی ڕۆحی یە،وە زیاتر گرنگی بەلایەنی ڕۆحی و دەرونی مرۆڤ دەدات وەك لایەنی دەوڵەتداریی و سیاسەت و ئابوری و ئیدارەو بوارەکانی دیکە،وە دڵنیایی و ساغ بوونەوەیەك لەبەردەستدا نییە بیسەلمێنێت کە پێش بەرزکردنەوەی حەزرەتی عیسا(د.خ) بۆ ئاسمان ئاینی مەسیحیەت بەتەواویی و بەشێوەی شەریعەت دابەزیبێت تاکو بەوشێوە پەیڕەوی لێ کرابێت.

٢-دەستکاری کردنی ناوەڕۆکی ئاینەکە لەدوای حەزرەتی عیسا(د.خ) لەلایەن قەشە و پیاوانی ئاینییەوە، وەك لەقورئاندا هاتووە(یحرفون الکلم عن مواضعه)(مائدە-١٣)،بەم شێوەیەش فرە ئینجیلی پەیدا بوو تائێستاش یەك ئینجیلی برواپێکراو ویەکگرتوو و گشتیی بوونی نییە کەسەرجەم مەسیحییەکان لەسەری کۆك بن،بەو شێوەیە ئاینەکە بەپێی ویست و بەرژەوەنی پیاوانی کەنیسە گۆڕانکاریی گەورەو زەقی تێدا کراو شتی ترسناك و سەیرو سەمەرەی بۆ زیادکرا،چونکە خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی ئینجیلی نەداوە لەکاتێکدا دەربارەی ئەم پرسە سەبارەت بەقورئان دەفەرموێت(انا نحن نزلنا الذکر وانا له لحافظون).

٣-گەندەڵی یەکانی پیاوانی کەنیسە: قۆستنەوەی تەواوی ئاین بۆ بەرژەوەندی تایبەت وئەنجامدانی چەندین کاری نادروست و دژە عەقڵ ودژە زانست و گەندەڵی گەورەو جۆراوجۆر،هۆکاری هەرە سەرەکیی و زیندووی سەرهەڵدانی عەلمانیەت بوون لەڕۆژئاوادا،گەندەڵییەکانیش خۆی لەچەند بوارێکدا دەبینێتەوە:

-گەندەڵی ئاینی/کە خۆی دەبینیەوە لە دەستکاریی کردنی ئینجیل و شێواندنی یەکتاپەرستی خودا،وە فەرمانڕەوایەتی کردنی خەڵك لەسەر بنەمایەکی ناڕاست و نادروست و داتاشراو بەناوی خوداوە وە پیرۆزی بەخشین بەخۆیان و دەسەڵاتیان لەسەر ئەم بنەمایە بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجە تایبەتییە جۆراوجۆرەکانی خۆیان وە خۆڕزگارکردن لە ڕەخنەو هەوڵی لابردنیان لەلایەن خەڵکەوە.خاڵێك کە لێرەدا هەمیشە باس دەکرێت ئەوەیە کە گەندەڵی پیاوانی کەنیسە لەم بوارەدا گەشتبووە ئاستی فرۆشتنی بەهەشت بەڕووبەرو ڕێژەی جیاواز ئەویش لەڕێگەی دەرکردنی (چەکی لێخۆش بوون)وە بۆ خەڵکی کە ئەمەش سوکایەتی تەواوبوو بە خودی ئاینەکەو عەقڵییەتی مرۆڤیش.

–گەندەڵی (سیاسی–قانونی–ئیداری)/ئەم بوارەش خۆی دەبینییەوە لە دەسەڵاتدارێتی و فەرمانڕەوایەتی کردنی خەڵك و بەڕێوەبردنیان سەرپەرشتی کردنی کاروبارە جیاوازەکانیان بەسود وەرگرتن لە پێگە ئاینی یەکەیان وە دانەنانی دەستورو قانون هەرلەبەر ئەمەش قسەو بڕیارەکانیان جێگەی دەستور و قانونی گرتبووەوە،وە هیچ کەس تواناو ئیرادەی لێپرسینەوەو لابردنیانی نەبوو لەسەر گەندەڵی یەکانیان.

–گەندەڵی زانستی/دژایەتی کردنی توندی زانست و داهێنان و دۆزینەوە تازەکان و لێپرسینەوەو سزادان و تەنانەت هەندێك جار کوشتنی زاناو بیریاران خاسیەتێکی هەرە دیاری فەرمانڕەوایەتی کردنی پیاوانی کەنیسە بوو لەئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا،بەشێوەیەك کە بەتوندی دژایەتی هەر زانایەکیان دەکرد کە داهێنان یاخود دۆزینەوەیەکی نوێ ی هەبوایە وکتێبەکانیان دەسوتاند و قەدەغەیان دەکردو هەندێك جار دەیان کوشت یان زاناکەیان پەشیمان دەکردەوە لە دۆزینەوەکەی وەك پەشیمان کردنەوەی گالیلۆ لەوەی کە ووتی زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە لەساڵی(١٦٤٢) وەدواتر کوشتنی،وە دادگاکانی پشکنینیان دانا کە لەماوەی ساڵانی نێوان(١٤٨١ بۆ ١٤٩٩) دادگایی(٩٠٠٢٣) زانایان کردووە.

–گەندەڵی ئابوری/بە سودوەرگرتن لەپێگەی ئاینی خۆیان پیاوانی کەنیسە توانیبوویان دەست بگرن بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی زەویدا سەرەڕای ئەمەش بەناوی ئەوقاف کەنیسەوە دەستیان بەسەر هەندێکی دیکەدا گرتبوو وە ڕێژەی (یەك لەسەر دە)ی دەرامەتی خەڵکیان وەردەگرت،وە هەندێك جار بەزۆر وە بەبێ ویستی خۆیان کاریان بەخەڵکی دەکردو پارەو دیاریی و بەخششیان لێوەردەگرتن.

* ئیسلام و سیکیولاریزم...

بەپێچەوانەی ئەوەی کەلەسەرەوە لەبارەی مەسیحیەت و پیاوانی کەنیسەوە باسکرا،ئاینی ئیسلام ئاینی دونیاو دواڕۆژە نەك یەکێکیان بەتەنها وە دونیا بەکێڵگەی دواڕۆژ دانراوە،وە خاوەنی شەریعەتێکی گشتگیرو هەمەلایەنەو بەتەواوی لەگەڵ سروشت و جەستەو دەرونی مرۆڤی ئاساییدا سازگارو تەبایە،وە هاندەری تێفکرین و گفتوگۆو دانایی وعەقڵ و زانست و داهێنان و بیرو قسەو کرداری چاك و هاوکاریی و تەبایی و پێکەوەژیان و ڕێزگرتنی بەرامبەرەوئەمەش لەچەندەها دەقی جیاوازو سوننەتیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە،بنەماکانی ئەم شەریعەتە بۆ هەموو کات و سەردەم و شوێنێکی جیاواز نەك هەردەست دەدات و شیاوی کارپێکرنە بگرە پێویستیشەو هیچ شوێنگرەوەو چارەسەرێك لەدەرەوەیدا ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە، چونکە شەریعەتی ئیسلام

لەچەند بوارێکی پێویست و کەمدا کە تەنها (هەشت لەسەدا)ی ئەحکامەکان پێك دەهێنێت خاوەن بنەمای جێگیرو چەسپاو و نەگۆڕە کە بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك شیاوی کارپێکردنن بەنمونە بواری (بیروباوەڕ، پەرستش،ئاکار،بەها باڵاکان، باری کەسێتی...) ئیتر تەواوی بوارەکانی دیکە بنەمای گۆڕاون و شیاوی گۆڕان و کارپێکردنن لە ڕوانگەی جیاوازەوە بەپێی کات و شوێن و چۆنێتی و تایبەتمەندی،بەمەرجێك لەگەڵ ئامانج و ئاراستەی گشتی شەریعەتدا بگونجێت لەم بوارەشدا ئیسلام خاوەنی کەلەپورو سامانێکە لە ڕاجیایی و ڕێبازو ڕای فیقهی جۆراوجۆر کەهەموو پێکەوە ئاسانکارو یارمەتیدەری مرۆڤی موسوڵمانن لە جێبەجێ کردنی شەریعەت و ئەنجامدانی کارەکانیدا.

کەواتە ئەو کەسەی کەبەویست و ڕەزامەندی خۆی ئیسلامی هەڵبژاردووە پابەند دەبێت بەبنەما جێگیرەکانی ئیسلامەوە،جگەلەوە ئیتر ئازادە لەکارکردن بەهەر بۆچون و ڕیبازێکی فیقهی دروست و متمانەپێکراو یاخود داهێنانی بۆچونی نوێ بەپێی پێویستیی و بارودۆخی نوێ بەمەرجێك لەگەڵ بنەماو ئاراستەی گشتی شەریعەتدا بگونجێت.

هەرچی سەبارەت بە پیاوانی ئاینییە ئەوا لەئیسلامدا زانای ئاینی هەیە کەبەهیچ شێوەیەك مافی خۆپیرۆز کردن و قۆستنەوەو سودلێوەرگرتنیان لەئاین نییە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان وە ڕادەی ڕێزلێگرتن و پابەندبوون بە ڕێنماییەکانیان بەندە بەڕادەی پابەندبوونیان بەشەریعەتەوە،وە لەسەروی لێپرسینەوەو دادگایی کردن وسزادان نین لەکاتی ئەنجامدانی گەندەڵی یاخود تاواندا،وە قسەکردن لەسەر ئاین و بوون بە زاناو پسپۆڕی ئاینی بۆهیچ کەس و تاقمێك قۆرخ نەکراوەو مافی هەموو کەسێکی شارەزاو شیاوو لێهاتووە.

ئەوەی سەبارەت بە دەسەڵاتدارو فەمانڕەوا لەئیسلامدا پێویستە لێرەدا بوترێت دوو خاڵی گرنگە کە یەکەمیان بریتییە لە شێوازو چۆنێتی هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا یاخود خەلیفە،ئەوەی لێرەدا گرنگەو مەرجە بوونی هەبێت کارکردنە بەبنەمای ڕاوێژو هاتنە سەردەسەڵاتە بە ڕەزامەندیی و ویستی ئازادی خەڵك بەبێ چەواشەو ساختەکاریی و زۆرلێکردن بەمەبەستی هەڵبژاردنی شیاوترین و باشترین کەس واتە گرنگ پشتبەستنە بە شەرعییەتی خەڵك نەك بۆماوە یان زۆرلێکردن یان خۆپیرۆزکردن یان...ئیتر لەکاتی هێنانەدی ئەم ئامانجەدا کارکردن بەهەر شێوازێکی کۆن یاخود نوێ و تازەداهێنراو تەنها میکانیزمەو گرنگییەکی ئەوتۆی نییە.

هەرچی خاڵی دووەمە خۆی دەبینێتەوە لە پابەندبوون و کارکردنی فەرمانڕەوا یاخود خەلیفە بەشەریعەت وهێنانەدی دادپەروەریی و کارکردن بەبنەمای ڕاوێژ لەکاروبارو سادەیی و لەگەڵ

خەڵکدا بوون وخۆبەگەورەو پیرۆز نەزانین و خزمەت کردنی ئاین و خەڵك،وە پێویستی لاچوونی لەکاتی نەتوانینی لەبەڕێوەبردنی کاروباردا،وە ڕادەی پابەندبوونی خەڵك بەڕێنمایی و فەرمانەکانی بەندە بەڕادەی تەبایی و گونجاویی ئەو فەرمان و ڕێنماییانە بەشەریعەتەوە،بەم پێیەش دەسەڵاتدار لەئیسلامدا تەنها وەکیل و بەڕێوەبەری کاروباری خەڵکە بەپێی شەریعەت و هەرکات لەبنەما شەرعییەکان لایدا ئەوا میللەت ماف گۆڕێن و لادان و لێپرسینەوەو سزادانی دەسەڵاتداریان هەیە.بەشێوەیەکی گشتی هەربۆچوون و ڕێبازو داهێنانێکی کۆن ونوێ لەدەسەڵاتداریدا کە ڕەچاوی ئەم دوو مەرجەی تێدا کرابێت هیچ گرفتێك لەکارکردن پێیدا نییە.

*ڕێگاکانی هەناردەکردنی سیکیولاریزم بۆ کۆمەڵگەی موسوڵمانان...

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی سیکیولاریزمەوە لەڕۆژئاوا سەرەتا وەك فکر و دواتریش وەك کیان و دەسەڵات هەوڵی بەبڕشت و بەبەرنامەو دامەزراوەیی لەئارادابووە بۆ گواستنەوەو هەناردەکردنی سیکیولاریزم لەڕۆژئاواوە بۆ ناوچەکانی دیکەی جیهان بەگشتی وە بۆ وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وولاتە موسوڵمانەکان بەتایبەتی، وە لەم پێناوەشدا چەندین کۆنفرانس و کۆبوونەوەو پەیماننامەی نێودەوڵەتی بەستراوەو سەرمایەیەکی زۆری مرۆیی و ماددی و کات بەخەرج دراوە،بەتایبەت لە دوا دووسەدەی دەسەڵاتی عوسمانییەکان کە بەگشتی فەرمانڕەوای وولاتە موسوڵمانەکان بووە،واتە سڵ نەکراوەتەوە لەگرتنەبەری هەر ڕێگەو شێوازو بەرنامەو هۆکارو ڕێبازێك کە ئامانجی دیاریکراو بەتەواویی یان نیمچەیی بەدەست بهێنێت،لەوانەش:

١-داگیرکاری سەربازیی:کەبۆچەندین ساڵ زۆرێك لەووڵاتە موسوڵمانەکان لەلایەن دەوڵەتە سیکیولارەکانی ئەوروپا بەتایبەت فەرەنساو بەریتانیاو ئیتالیاوە داگیرکرابوون بەتایبەت لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان وە لەم دواییەشدا ئەمریکا کە لەمیانەیدا بەخواستی خۆیان جگە لەئامانجی سیاسی و سەربازی و ئابوری،لەبواری فکری و ئایدۆلۆژی و ئاینیشەوە کاریان بۆ ئەم مەبەستە کردووە.

٢-دامەزراندن و دروستکردنی پارتی سیاسی(حزب)و کۆمەڵەو دەستەو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بڵاوکردنەوەی فکری سیکیولاریزم.

٣-کەسایەتی و گروپ و نێردە موژدەدەرەکان(تبشيرييەکان).

٤-کردنەوەی قوتابخانەو زانکۆی بیانی لەووڵاتانی موسوڵمان کە لەمیانەیدا چەندین کەسایەتی وحزب و ڕێکخراوی سیکولار سەریان هەڵدا.

٥–نوێنەرایەتی دبلۆماسی(باڵیۆزخانەو قنصلگەرییەکان)کە لەپەراوێزی کاری دبلۆماسیدا کاریان بۆ ئەم ئامانجە کردووەو بوونی پارێزبەندیی(حصانە)ی دبلۆماسی هاوکاریان بووە بۆهێنانەدی ئەم ئامانجە.

٦–ناردنی خوێندکار بۆ خوێندن لە زانکۆکانی ئەوروپا وە هێنانی کۆمپانیاکان بەناوی وەبەرهێنان و پرۆژەی ئابوری و دەرهێنانی نەوت و سامانی سروشتییەوە.

٧–دروست کردن و دامەزراندنی حکومەت و دەسەڵاتی سەربە ڕۆژئاوا،وە هەوڵی تەواو بۆ ئەوەی کەسی یەکەمی دەوڵەت یان هاوسەرەکەی یان دەسەڵاتی سەربازیووڵات سەربە خۆیان بێت.

٨–هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیی کە لەچاو ڕێگەکانی دیکەدا ڕێگایەکی نوێیە بەڵام دەتوانین بڵێین یەکێکە لە بەهێزترین ڕێگاکان بەتایبەت لەم سەردەمە نوێیەدا.

*ئامانج و ئەنجامی هاتنی سیکیولاریزم بۆ کۆمەڵگا موسوڵمانەکان:

١/کارکردنی بەبڕشت بۆ سڕینەوەی ئاین بەتەواوی(ئەگەر هەلومەرج ڕێگەی بەوەدا)،یاخود سەرەتا کەنارخستنی ئاین لە حوکم ودەسەڵات و پاشانیش هەنگاو بەهەنگاو دارنینی بواری ئابوری و قانونی وپەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و تەواوی کۆمەڵگە بەگشتی لەهەموو حوکم و بەهایەکی ئاینی.

٢/هەوڵدان بۆ دروستکردنی حوکم ودەسەڵاتی سیکولار یاخود دژایەتیکاری ئاین ئەگەر ستەمکارو گەندەڵ و نادیموکراسیش بن ودژی ئەو بنەمایانەش بن کەسیکیولاریزم بانگەشەی بۆدەکات بەمەرجێك دژی ئاین بن و بەرژەوەندی ووڵاتە زلهێزەکان بپارێزن وە هەر حزب و ڕێکخراو و بزوتنەوەیەك داوای چاکسازی و گۆڕانکاری بکات با میانڕەو و مەدەنیش بێت مادەم ئاینی یاخود نزیك لە ئاین بن ئەوا بەشێوەی سەربازی و ئابوری و دبلۆماسی دژایەتی ئەکرێن و تۆمەتی تیرۆرو توندڕەویی و...یان دەخرێتە پاڵ.

٣/ڕوخاندن یان دژایەتی کردنی هەردەسەڵاتێك کە هەوڵی بەتەواویی یاخود بەشەکی جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلام بدات،وە یارمەتیدانی هەر حزب وشۆڕش و بزوتنەوەیەك کەدژی ئەو دەسەڵاتەبێت یان هەر کودەتایەك کەبەسەریدا بکرێت یان دابڕینی بەشێك لە خاکەکەی وەك لە تەیموری ڕۆژهەڵات وباشوری سودان.

٤/هەوڵدان بۆ نەهێشتن و تواندنەوەی ڕەسەنایەتی ئاینی و نەتەوەیی و کاریگەربوون بەشێوازی ژیان و جل وبەرگ و خۆراك وهەڵسوکەوتی ووڵاتانی ڕۆژئاواو تێکەڵکردنی ناپێویستی کوڕان و کچان لەناوەندە جیاوازەکانداو هەوڵدان بۆ ئاسایی کردنەوەی تێکەڵاویی نادروست و دژبە نەریتی کۆمەڵگە لەنێوان کوڕان و کچاندا.

٥/داگیرکاری ئابوری و ڕۆشنبیری و کلتوری و سەربازی و نیمچە سەربازی و سودوەرگرتن لەسامان و سەرچاوەی سروشتی وولاتانی موسوڵمان و ساغکردنەوەی کالاوبەرهەمی وولاتانی زلهێز وە خستنەکاری میدیاو پەیوەندی دبلۆماسی و بازرگانی و کۆمپانیا بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە.

٦/ زەقکردنەوەو هێنانەپێشەوەی کەمایەتییە ئاینییە ناموسوڵمانەکان زیاد گرنگی پێدانیان بەئامانجی ئایدۆلۆژی و سیاسی بەمەبەستی زیاتر تەشەنە کردنیان و کەمکردنەوەی بایەخی ئیسلام،لەکاتێکدا وەك ئاشکرایەلەئیسلامدا هەموو کەسێك لەهەڵبژاردنی ئایندا ئازادەو نابێت کەس بەزۆر بکرێت بەموسوڵمان.

٧/هەوڵدان بۆ نەهێشتنی بەهاو پیرۆزییە ئاینییەکان و وەك شتێکی ئاسایی تەماشا کردنیان و تەنانەت سوکایەتی پێکردنیان(ئەگەر هەلومەرج ڕێگەی بەوەدا).

٨/دەرکردنی قانون یاخود هەموارکردنی بۆ خزمەتی سیکیولاریزم ودژایەتیکردنی ئاین و ئەحکامە ئاینییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە.

٩/لابردنی وانەی ئاین و پەروەردەی ئاینی ومیژووی ئاین لە خوێندن و پەروەردەدا یان کەمکردنەوەی بایەخی وانەکە یاخود مەنهەجەکەی یان ماوەی تەرخانکراو بۆی یان شێوازی وتنەوەکەی.

١٠/داخستن و نەهێشتنی مزگەوت و حوجرەو ناوەندە ئاینییەکان یان مۆڵەت پێنەدانیان یاخود دژایەتی کردن و چاودێری کردنی هەڵسوڕاوانیان و داتاشینی تۆمەتی جۆراوجۆر بۆیان.

*ئەنجام...

– ئیسلام خاوەنی شەریعەتێکی گشتگیرو هەمەلایەنەو بنەمای نەگۆڕو گۆڕاوی تێدایە بەپێیٚ کات و سەردەم و چۆنێتی وە شیاوی کارپێکردنە لەهەموو کات و شوێنێکدا.وە بەپێچەوانەی ئەوانەی کە بانگەشە دەکەن ئیسلام تەنها بۆتاکە و تەرخانە بەپەرستش و پەیوەندی ڕۆحی نێوان تاك و خودا،شەریعەتی ئیسلام خاوەنی چەندین فەرمان و ئەحکامی سیاسیی ودبلۆماسیی و ئابوریی و داراییی و بازرگانیی و ئیداریی و قانونیی دادوەریی و سزاییی...هتد،ە سەرەڕای ئەحکامی تایبەت بە جەنگ و ئاشتی کە بەبیٚ دەوڵەت و کیانی سیاسی ناهێنرێنە دی.

– هەر چەمك وبۆچوون و داهێنراوێکی تازە ئەگەر سودبەخش ودروست بێت بۆ تاك و کۆمەڵگەو بەرژەوەندی گشتی تێدارەچاوبکرێت وە لەگەڵ عەقڵ وسروشتی مرۆڤی چاك و ئاراستەی گشتی ئیسلامدا بگونجێت ئەوە لەئیسلامدا پەسەندکراوە ئەگەر پێشتریش باس نەکرابێت.

– عەلمانییەت بەناسنامەوچەمك و سروشت و جێبەجێ کردن بەرهەمی ڕۆژئاوایە و پەیوەندیدارە بە بەڕۆژئاواوە لەسەردەمێکی دیاری کراودا کەسەدەکانی ناوەڕاستە،کە شۆڕشێکی هەڵگیرساند لە دژی ئاینێکی دەستکاری کراو و شێوێنراو وە گەندەڵی و ستەمکاریی پیاوانی کەنیسە.

– سروشت و ئەحکامی ئاینەکە وە هەڵسوکەوتی پیاوانی ئاینی و دەسەڵاتداران لە ئیسلامدا بەتەواویی لە مەسیحییەت جیاوازە،وە ئیسلام هاندەری عەقڵ و فکرو زانست و داهێنان وعەدالەت و ووتەو کرداری پەسەند و دروستەو بەتەواویی دژی نەفامیی و گەندەڵی و قۆرخکاریی و ستەمکاریی و خۆبەپیرۆز زانین و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە،بۆیە هیچ دروستی و شەرعییەتێك لەوەدا نییە لەڕوانگەی عەلمانییەتەوە بەهەمان شێوەی مەسیحییەتی(شێوێنراو) مامەڵە لەگەڵ ئیسلامدا بکرێت.

–بانگەشەی سیکولاریزم بەوەی کە بوونی سیکولاریزم مەرجە بۆ بوونی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و عەقڵانیەت و پێشکەوتن...جگە لەبانگەشەیەکی ناڕاست و ماسکێکی چەواشەکار زیاتر هیچی دیکە نییە،چونکە لەئیسلامدا هەرچەمك و بنەما و بانگەشەیەك کە لەگەڵ ڕێسای گشتی شەریعەت وعەقڵ و سروشتی مرۆڤی ئاساییدا بگونجێت و بەرژەوەندی تاکو کۆمەڵگەی تێدا بێت ئەوا پەسەندکراوەو بەدیهاتنی نەبەستراوە بە هێنانەکایەی سیکیولاریزم یان هیچ ڕێبازێکی دیکەوە.



# ئـــــــــازادی پـــــێش شـــــــەریعەت

ڕاشد غەنوشی
و:جەمیل عوسمان

بەپێچەوانەی ئەو کۆمەڵەو گروپە ئیسلامیانەی کە بەرژەوەندیان لە دژایەتی و تەکفیری دیموکراسیدایە،وەك بڵێی لە ئیسلام دا ئازادی نیەبەڵك وابەستەی حوکمەکانی شەریعەتە، دکتۆر یوسف قەرەزاوی وەك نوێنەری ئیسلامیی میانەڕەو بەردەوام پەیامی خۆی لە دژی سەرکوتکاری دەربڕیوە و بەئاشکرا داوای دیموکراسی و یەکرێزی جەماوەری بەڕوی دیکتاتۆر وسەرکوتکاری دا کردوە،تائەوەی بێ دوودڵی لەبەرنامەی :(شەریعەوحەیات)ی کەناڵی جەزیرەدا ووتی: خواستی ئازادی ئەولەویەتی بەسەر خواستی جێبەجێکردنی شەریعەت دا هەیە.

بێگومان یەکەمجار بزاڤی ئیسلامی لەم سەردەم و چەرخەدا لەجەنگ دایە بۆ ئازادی،پێویستە لەسەر خەمخۆرانی ئیسلام لە بانگەشەیان بۆ بەرگری لە ئازادی یەکبن،چونکە ئازادی نەبەدیلی هەیە ونە لێی بێنیاز ئەبن، ڕابوونی ئیسلامی ئاتاجی بەو عەقڵیەتە نیە وەبیری بخاتەوە کە ئازادی یەکێکە لەئامانجەکانی شەریعەت،بەڵام لەو لاشەوە بە گوتارێك جەماوەری ئیسلامی ئەدوێنێت کەشەریعەت بریتیە لە سزا و بەربەست و سنوردارکردنی ئازادیەکان.

هەندێك گوتاری ئیسلامی هەیە نەك جێگای دڵنیایی نیە بگرە جێگای ترسە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاڕاستەی گشتی بزاڤی ئیسلامی بۆقبوڵکردن وحاڵی بوونی لەدیموکراسی هەنگاوی باشی ناوە و جێگابۆخۆی لەژێر بەیداخی دیموکراسی دا خۆش ئەکات،ڕەنگە هۆکاری ئەو پێشوازی بەدەمەوە چوونەش ئەزموونی تاڵی بزاڤی ئیسلامی بێت کەلەسایەی دەستەڵاتە سەرکوتکار ودیکتاتۆرەکانا چەشتویەتی .

ئەگەر چی گرفتی سەرەکی ئەمڕۆ لە ئیقناعکردی ئیسلامیەکانا بە دیموکراسی خۆی نابینێتەوە،بەڵکو ئیقناعکردنی دەستەڵاتە بەو پرسە،تا ئەوەی کە کۆمەڵێك دەستەڵاتی سەربازی کە هیچ ڕەگ و ڕیشەیەکیان لە کۆمەڵگادا نیە هەمیشەو بەبێ دودڵی لێدوان ئەدەن کە دان بە

بزاڤ ئیسلامی نەیار دا نانێن،لەگەڵ ئەوەی كە جەماوەری ئیسلامی گۆڕەپان و شەقامیەكانیان پڕ كردبوو،وەك دەستەڵاتەكەی موبارەك بەرامبەر بوزتنەوەی ئیخوان.

لەگەڵ ئەوەی ئەو هێزە سیستەم وهێزە نێودەوڵەتیانەی كە پشتگیری دیموكراسین لەئێستادا تاكە ڕێگرن لەدەستەبەركردنی ئازادی بۆگەلانی موسڵمان وئەو دیموكراسیەی كەجگە لەولاَتانی عەرەبی باڵی بەسەر كیشوەرەكانی جیهان دا كێشاوە،لەملاشەوە بەردەوام بەشێكی گوتاری ئیسلامی میانەڕەو نەك تونڕەو هەمیشە دوودڵەوهەڵوێستی ناڕوونە لە هەنگاونان بەرەو دیموكراسی و قبوڵكردنی ئازادی .

دڕدۆنگی بزاڤ ئیسلامی لەمەڕ دیموكراسی

یەكەم: داننان بە بنەمای هاوولاَتی بوون دا:

1- دوودڵی بزاڤ ئیسلامی میانەڕەو لەقبوڵكردن وداننان بە بنەمای هاولاَتی بوون لەسەرەتاوە تاكۆتایی، هاولاَتی بوون: بەومانایەی كە ڕێسایەكی هاوبەشە بۆ دابەشكردنی ماف و ئەرك و یەكسانی لەبەردەم یاسادا بەپۆشین لە جیاوازی مەزهەب و دین و ڕەگەز، گروپ و ڕەوتگەلێك ی ئیسلامی هەن- كە گوزارشت لە ئیسلامی میانەڕەو ئەكەن - بەردەوام دوودڵن لەداننان بە بوونی حزبی عەلمانی لە دەوڵەتی ئیسلامیا ،وەسیقەی( ئیخوان) بۆ قبوڵكردنی فرەیی بیدەنگ بوە لەوبارەوە،لەكاتێكا كەلەپووری ئیسلامی تایبەتمەندی لەقبوڵكردنی فرەیی دا هەیە ،بەڵكو دەستوری مەدینە پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەت بوو لەسەر بنەمای هاولاَتی بوون،چونكە ئەو نوسراوە(الصحيفة) جیاوازی كردبوو لە نیوان ئاین و هاولاَتی دا،موهاجیر و ئەنسار و موسڵمانانی بەجیا كردبوە گەلێك (گەلی عەقیدە)، هەورەوها جوولەكەكانی بەجیاوازی هۆزەكانیانەوە كردبوە گەلێك (گەلی عەقیدە)، پاشان هەر یەك لەو دوو گەلەی لەچوارچێوەی گەلێك دا كۆكردبوەوە كە گەلێكی سیاسی بوون لەسەر بنەمای هاوبەشی لە هاولاَتی بوون دا.

جگەلەوەش لەدوای هەرەس هێنانی ئەو نمونە مێژووییەی دەوڵەتی ئیسلامی لەبەرامبەر هێرشی داگیركاراندا،هاولاَتیان لەسەرجەم ولاَت وناوچەكانەوە بەجیاوازی پلە و جۆری دینداری وبیروباوەڕیانەوە كەوتنە بەرەنگاربوونەوە ووەدەرنانی داگیركار تاوەك لەجێگای دا لەسەر بنەمای یەكسانی لەهاوولاَتی بوون دا دەوڵەتی ناوچەیی دابمەزرێنن.

هیچ بەڵگەیەك ی ڕاستەقینەیە نیە بۆ پاساودانی ترس لەئیسلام لەبەرامبەر فرەیی و ئازادی گشتی دا،هەمووئەوەی كە بەسەر ئیسلام و موسڵمانان دا گوزەراوە لە غیابی فرەیی و ئازادی دا بووە،ئەگەر ترسێكیش هەبێت لەسەر ئیسلام ئەوە چەقبەستووی عەقڵ و خۆسەپاندن و

سەرکوتکاری سوڵتان ودەستەلآتە،بەلآم ئازادی خێر و بەرەکەتە و یەکێکە لەئامانجە بالأکانی ئیسلام، بێ بوونی ئازادی مرۆڤ بوونی مرۆڤ ئەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی تیاچونەوە،و ئاینی خواش ڕووبەڕووی دژوارترین ترس ئەبێتەوە.

لە کاتێکا ئیسلامیەکان ئامادەنەبن دان بە حزبی عەلمانی دا بنێن کەی ڕێگاپێدراوە داوا لە حزبی دەستەلآت بکەن دانیان پیدا بنێن؟!،، تاکەی هێزو ڕەوتەکانی ئومەتی ئیسلامی لەبری دەستاودەست کردنی دەستەلآت و ئیعتراف کردن بەیەك و یەکناسین ،خەریکی گۆڕینەوەی قین و نەفی کردن و سەرکوتکردنی یەکتر ئەبن؟،ئەوە نەسەلەمێنراوە کە دەوڵەتی مەدینە هیچ کۆمەڵەیەکی بەهۆی جیاوازی دینیەوە سڕیبێتەوە،دەی جیاوازی سیاسی ئەولاترە بوە بەوئازادیە،ئەوەش وەك بەشێك لەبنەمای ئازادی و قبوڵنەکردنی زۆرلێکردن (الاکراه) کەواتە



بەجیاوازی دید و ئاڕاستەیان ئەکرێت لەدەوڵەتی ئیسلامی دا حزب دروست ببێت بەومەرجەی وەلائو دلسۆزییان بۆ خودی دەولەت بێت،ئالێرەوە مەشروعی شارستانیەتی ئیسلامی لەبنیاتنانی پرۆژەی یەکناسینی گەل و ئاین و نەتەواکانا پشکی دیاری ئەبێت،خوای گەورە ئەفەرمێت :

( یا ایهالناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل اتعارفوا ان اکرمکم عندالله اتقاکم

2- بەشداری سیاسی ژن و سەرۆکایەتی (ولاية المراة) :

هەرلەبارەی دوودلّی ڕەوتی ئیسلامی لە هەنگاونان بەرەو پرۆسەی دیموکراسی تاوەك کۆتایی وە جێگیرکردنی بنەمای هاولآتی بوون وەك بناغەیەك بۆ دەولەت و ئیدارەکردنی،هەلۆیستیان لەبارەی پرسی ئافرەت وبەشداری سیاسی و بوونی کاربەدەستی لەپۆست وپلەی حکومی دا،وەبڕوابوونیان بەوەی کەئەو پرسەبەشێکەلەنەگۆڕو وبەلگەگومانبڕەکانی ئاین،لەکاتێکا ئەم باسە ئەچێتەوە بواری بەرژەوەندیە هەلپەسێردراوەشەرعیەکان (المصالح المرسلة الشرعية)،وبەڕێکردنی کاروباری دونیا،هەندێك لایەنی ئیسلامی بەبەرتەسك کردنەوەی مافەکانی ژن وقەدەغەکردنیان لە کاروباری گشتی و تەنانەت بەشداریشیان لە پرۆسەی دەنگ دانا وەك دەنگدەر،خودی کۆمەلگا وبزافی ئیسلامیشیان مەحروم وبێبەش کردوە.

چیرۆکی خانمانی کوەیت و هەوڵ وخەباتیان بۆ فەراهەمکردنی ماف بەشداری سیاسی وە ڕوبەڕوبونەوەیان لەلایەن بزاڤ ئیسلامیەوە بۆ ڕێگاگرتن لە بەشدارییان زۆرلەمێژ نیە، تەنهابڕیارێکی میری بوە هۆی چارەسەری ڕەوشەکە، کە فەرزی کرد ژنانیش ئەبێت لەکاروباری گشتیدا بەشداری دەنگدان بکەن و خۆشیان کاندید بکەن،ئەمە لەکاتێکا بزوتنەوەی ئیخوان موسلیمین هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند بە بەشداری ئافرەت لە پرسی سیاسی لەسەرجەم ئاست وپۆستەکان داجگە لە سەرۆکایەتی دەوڵەت،ئەوەش بە پشت بەستن بە فیقهی تەقلیدی کە ڕێگری ئەکات لە وەرگرتنی پۆستی ویلایەتی گەورە،واتە



فەرمانڕەوای گەل ،بەڵگەش بۆ ئەو ڕێگریە فەرموودەیەکە کە لە صەحیحی بوخاری دا هاتوە و ئەفەرمێت: ( ما افلح قوم ولوا امرهم امراة) ،لەگەڵ ئەوەی فەرمودەکە لە ڕووی دیلالەتەوە گومابڕنیە،جگە لەوەش یەکلا نەبۆتەوە لەنێوان ئەوەی کە گەلی فارس سەرفراز نابن و مژدەیە بۆ موسڵمانان یاخودحوکمێکی تەشریعیە،ئەمە لەکاتێکدا فەرمودەکە باس لەواقیع وحاڵەتێك ئەکات کە تیایدا کچی کیسرا کەسەرکردەی لەشکری فارس بوە،دەی چۆن ئەکرێت وەك ڕێسایەیکی فیقهی دەستوری تەماشا بکرێت و نیوەی کۆمەڵگا دوور بخاتەوە لە ماف و ئەرکی بەشداری کردنی کاروباری سیاسی و گشتی دا،ڕێسایەك کە بە فەرموودە سابت بوە و دلالەتەکەی گومانبەخشە بۆ تەخصیصی دەقگەلێی قەتعی و گومانبڕی قورئان بکات کە بنەمای یەکسانی لەنێوان ئافرەت پیاودا جێگیر کردوە، وەك دەقەکانی ویلایەتی ئەمر بە چاکەو نەهی لەخراپە و چاودێری و سەرپەرشتیاری ژن و پیاو بەسەر یەکتری دا و .تاد،(المؤمنون والمؤمنات بعضهم اولياء بعض يامرون بالمعروف وينهون عن المنكر)التوبة 71.

خۆئەگەر واش دابنێن دیلالەتی ئەو فەرمودەی – کە مەنعی ژن ئەکات لەوەرگرتنی پۆستی ولایەتی گەورە (الولاية العظمى) – گومانبڕە(قطعي الدلالة) یە،ئەوا ئەمڕۆ ئەو پۆستە نەماوە و ئیمارات و ڕیئاسەی ناوچەیی سنور دار جێگای گرتۆتەوە،بەتایبەت لە ئەمڕۆدا دەوڵەت بۆتە

دامەزراوەیەکی مەحکوم بە کۆمەڵێك یاساو تەرتیبات کە ڕێگرە لە تاکڕەوی کردن لەبڕیاردانا،وەپۆستی سەرۆکایەتی خەریکە ئەبێتە دەزگایەکی ڕەمزی ،ئەمەلەکاتێکا بڕیار بەگوێرەی یاسا دەرئەچێت ئەوەش لە دوای ڕاوێژکاری و بە دەنگی زۆرینەی نوێنەرانی هەڵبژێردراو،بەهەرحاڵ باسەکە بەدەوری بەدیهاتنی بەرژەوەندی دا ئەخولێتەوە بەچاو پۆشین لە ڕەگەز،هەروەها بەرژەوەندی گەل پەیوەست نیە بەڕەگەزی سەرۆکەوە،بەڵکو توانا و لێهاتوویی کەسەکە عەدالەت بەدیەهێنێت نەك ڕەگەزی،سیاسەتی شەرعی بەدەوری عەدالەت دا ئەسوڕێتەوە ،لەهەر کوێ عەدالەت هەبوو ئەوە شەرعی خوداش لەوێیە.

ئەبو ئەعلای مەودودی ئەگەر چی لەوانە نەبوو کە بڕوایان بە بەشداری ئافرەت لە ویلاتی پەرلەمانی دا هەبوو،کەچی خۆی لەبەردەم خیارێکی دژواردا بینیەوە،بۆیە لەنێوان دوو کاندیدا کەیەکیان پیاو وئەویتریات ژن بوو،جگەلەوەش زانی کە ئافرەتەکە شیاو ترە ئەوەبوو دەنگی بەژنەکەدا ،((ولیس الذکر کالانثی)) ال عمران 36، ئەو ئایەتە باس لەدڵدانەوەی دایکی مەریەمە سەلامی خوای لیبێت کاتێك چاوەڕێ بوو سکەکەی کوڕ بێت بەلاّم کچ بوو،بۆیە خەفەتی پێ خوارد،خوای گەورە فەرمووی ئەو کچەی بەتۆمان بەخشی شیاوتر و باشترە لەو کوڕەی تۆ ئاواتت بۆ ئەخواست.

ئەم باسە جەدەلێکی بیرهێنامەوە کەپەیوەندی بەباتەکەوە هەیە،ساڵی 1989 لەپاکستان بەشداریم لە کۆنگرەی جەماعەی ئیسلامی دا کرد،ئەوکات (بێنەزیر) لە سەر حوکم بوو وە نەواز شەریف ئۆپۆزسیۆن بوو،ئەوەبوو نەواز ئامادەی کۆنگۆەکە بوو لەگەڵ خۆی نوسراوێکی هێنابوو پیشان ئەو زانایانەی ئەدا کەلەئاست جیهانی ئیسلامیەوە بانگهێش کرابوون،لە نوسراوەکەدا فەتوایەکی تیا بوو کە داوای ئەکرد واژۆی لەسەر بکەن، فەتوایەك بۆ قەدە غەکردنی ژن لەوەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی بەبەڵگەی ئەو فەرمودەی کە باسمان کرد،کاتێك فەتواکە گەشتە دەست من ڕامگرت وئەوە بەلامەوە قورس بوو کەسیاسیەکی عەلمانی کەڵك لەکەلتورمان وەرگرێت پێمان پێکەنێت،پرسیارم لە هاوڕێکانم کرد :باشە ئەو مواسەفات و تاییەتمەندیانە چین، کەمەرجە لە کاربەدەستانا هەبن،ئەی ئێوە دادپەروەر نین؟بۆیە هەرکات لە عەدالت ودامەزراوی و پاکی پالێوراوەکان بێگومان بوون ئەوکات لە تایبەتمەندیەکانی دیکەشی سۆراخ بکەن تائەگاتە ڕەگەزوقەبیلەش.

3–سەرۆکی ناموسڵمان: (ولاية غيرالمسلم):

یەکێکی تر بوو لەو گرفتانەی کە لەناوئیسلامیەکاناجەدەلی دروست کرد،بریتی بوو لەپەیوەندیان لەتەك هاولاتیانی ناموسڵمان،ئەوەش دوای ئەوەی ئیخوانی میسر لە پرۆژەیەك دا کە لەپرۆگرامی حزبەکەیاندائەوەیان ڕاگەیاندبوو،کە لەگەڵ ئەوەدان کە ناموسڵمان سەرۆکایەتی ولات بگرێتە دەست،بەر لەوەی کار بەم پرۆژە بکرێت ڕاوێژی لەسەر کرا،هەرچەندوە لەدەستوری میسردا پێشتر بڕیارلەسەر ئەوپرسەدرابو ،بەبێ ئەوەی هیچ کەس ولایەنێك نەیار بێت یاخود دەنگی لێوەبێت،کەچی تەبەنی کردنی بەرنامەکەی ئیخوان بۆ ئەو پرسە هەرای نایەوە و شەپۆلێکی نارەزایی بەرفراوانی لەدژیان دروست کرد.

ئیخوانەکان لەو هەوڵویستەیان دا بیدعە–داهێنان–یان نەکردبوو،بەڵکو شوێن پێهەڵگری کەلەپوری سیاسەتی شەرعی بوون،بەلام بە بڕوای من باش ڕەوشی دەوروبەریان هەڵنەسەنگاندبوو،بەتایبەت کەوەها شتێك ڕەتکراوەبوو، واقعی ئێستای میسر بەدووری ئەزانێت کەسێکی قیبتی بکرێتە سەرۆك،تەنانەت ئەگەر ئیخوانیش داوای کردبێت قبوڵ نەدەکرا،قیبتیەکان ناتوانن تەنانەت بگەنە ئەندامێتی ئەنجومەنی گەل ،مەگەر لەڕێگەی (تعيين) دامەزراندنەوە بێت و لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوەو بۆ ژمارەیەکی دیاری کراوبێت،تەنانەت حزبی دەستەلاتیش وەك پالێوراوی خۆی بەهۆی ئەگەری دەرنەچونیانەوە قبوڵیان ناکات ،ئیتر چۆن بۆ پۆستی بۆ سەرۆکی ولات ئەگونجێت؟ئەوە بویە جێگای مشت و مڕو بەشێك لە هەڵمەتی دژایەتی کردنی ئیخوان وترساندن ودوور خستنەوەی خەڵك لێیان ،ئەبوا ئیخوان بۆشیان بەدەست نەیارەکانیەوەنەدایە،لانی کەم ئەیانتوانی لەوپرسە بێدەنگ بن،چونکە خۆماندوو کردن بوو لەکارێکی بێ ئاکام،وەك شاتبی ئەڵێت: (خوض فيما ليس تحته عمل).خۆ ئەگەر وا دابنێن کەسایەتیەکی قیبتی خاوەن جەماوەرودڵسۆزی نیشتیمان و لێهاتوبوو ئەوپۆستەوەربگرێت،ئەوە نەکارەساتی نیشتیمانی و نەتاوانی ئاینیە،لەبەرئەوەی ئومەتی ئیسلام پارێزراوە لەهەڵە، ئەگەر بەربەستی نێوان گەل و ئازادی لا ببرێت ئەوا کارەساتی نیشتیمانی نیە،میسر چەندین سەرکردەی بالای قیبتی بەخۆیەوە بینیوە و کە جێگای قبوڵی جەماوەر بوون، لەوانە

موکەڕەم عوبێد،وەك چۆن لەسوریا کەسایەتێکی مەسیحی سەرۆك وەزیران بوو (فارس خورى)، ئەدایەکی باشی هەبوو وە پەیوەندی لەگەڵ ئیسلام وئیسلامیەکانا لەئاستێکی نایاب دا بوو،ولاتی خاپوور نەکرد بەڵکو کۆمەڵێك یادەوەری جوانی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە خۆزگە کودەتا چیە موسڵمانەکان بەهەمان ڕێچکەی ئەودا بڕۆشتنایە.

بۆچی له بری گەڕان بەشوێن كەسی شیاو و گونجاو دا بە شوێن ڕگەزی نێردا بگەڕێین؟ ، (قال اجعلني على خزائن الارض اني حفيظ عليم) یوسف55، یاخود ئایەتی : (قالت احداهما یا ابتي استاجره ان خیر من استاجرت القوي الامین) القصص 26، لەم دوو ئایەتەی قورئاندا باس له بوونی شارەزایی و دەسپاكی و بەهێزیە نەك باسی نێر و مێ،لەگەڵ ئەوەی پرۆژەی بزاڤ ئیسلامی و بزاڤ دیموكراسخوازی بەگشتی بریتیە له ئازاد كردنی سەرجەم ئەووڵاتانە له بەلاَی سەركوتكاری و خۆسەپاندن و تاكرەوی،بەتایبەت لەو جۆرە ویلایەتانەدا دینداری و باشەی كاندید بۆ ئەو پۆستە هەر چۆن و له هەر ئاستێك دا بێت.

ئێمە ئەمڕۆ گرفتمان لەگەڵ فەرمانرەوا موسڵمانە نێرینە دلڕەق و تونوتیژەكانا هەیە ڕەنگە ئەگەر مێینە بونایە بەبەزەیی و دڵنەرمتر بونایە لەتەكمان،خۆ ئەگەر سەرۆك له كەمینەیەكی ئاینی بوایە



نەك له زۆرینەیەكی موسڵمان ئەوا ڕەنگ بوو كەمتر سەركوتی بكردینایە،تاوەك تۆمەتباریان نەكەن بەوەی كە دژی دینی ئێمەن،ڕەنگە هەر ئەو هۆكارەش بوبێت كە خەواریجەكان داوایان ئەكرد كەسێكی نا قورەیشی بكرێتە خەلیفە بۆئەوەی لابردنی ئاسانتر بیبێت،له وڵاتی نێجیریا جنراڵە موسڵمانەكان كە بە كودەتا حوكمیان گرتە دەست،تونو تیژ تر بوون لەگەڵ گەلی خۆیان له مەسیحیەكی مەدەنی كە دیموكراسی بۆ جێهێشتن.

له مێژەوەوە له توراسی سیاسە شەرعی دا ئەو ە هاتوە گە خوای گەورە دەوڵەتێكی دادپەروەر سەرئەخات ئەگەرچی موسڵمانیش نەبێت،وە دەوڵەتی ستەمكار سەرناخات ئەگەر چی موسڵمانیش بێت،چونكە ویلایەت وكاربەدەستی بەدەوری عەدالەت و لێهاتووی و بەدیهێنانی بەرژەوەندی و لابردنی فەساد خراپەكان دا ئەخولێتەوە،ئەگەر لەم جەدەلەوە دابەزینە خوار و برۆینە ناو گۆڕپانی واقیعەوە ئەبینین كە ڕۆچون لەم پرسەدا یەكێكە لەو باسانەی كە هیچ سودێكی تێدا نیە،دەبا ڕوبەڕوی گرفتە حەقیقیەكان ببینەوە و تەماشای واقیع بكەین كە بروادارن له وڵاتانی ئیسلام ( دار السلام) وە كە –موسڵمانان بەستەم حوكمی تیا ئەكەن – هەڵدێن كۆچ ئەكەن بەرەو ئەو وڵاتی كوفرەی كەفەرمان ڕەواكانیان گوزارشت له ئیرادەی گەل ئەكەن .ئەو واقیعەی لەگەڵی

دا ڕوبەڕوو ئەبینەوە زۆر ئالۆزە وبە فکری تاکلایەنەی کۆنکرێتی چارەنابێت،ئایا ئیسلامیەکانی سۆدان واقیع ناچاری نەکردن لەپێناو پاراستنی یەکڕیزی نیشتیمانی داسازش بکەن کە دەرکەوت قورس بوو،وەك داننان بەجیابونەوەی باکوری سۆدان و بەشکردنی داهات وسەروەت وملدان بە بنەمای هاولاتی بوون وەك بناغەی ماف و ئەرکەکان،تاوە گەشتە ئەوەی کە غەیری موسڵمانیش ماف ئەوەی هەبێت هەر پۆستێك وەربگرێت بەسەرۆکایەتی کۆماریشەوە،

بۆئەگەر لەبەر ناچاری نەبێت نەتوانین بجولێینەوە؟

،بۆچی لەخواستەکانی جیهانی خۆمان تێناگەین تا وەك سودی پێبگەیەنین وبەکاری بهێنین لەبری ئەوەی شوێن ڕوداوەکانی بکەوین یان ئەوەتابەسەر جەستەمانا تێپەڕێت؟

هەروەها ترس و تەحەفوزاتی هەندێك لە ئیسلامیەکان لەسەر دیموکراسی بەمانای ملکەچ بوون بۆ ئیرادەی گەل لەڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە ،لە پرۆژەیەکی ئیخوان دا هاتوە بۆ پێشنیارکردنی دەستەیەك لە گەورە زانایان بۆئەوەی ئەرکی پێشکەش کردنی شورای گەل بگرێتە دەست لەهەرشتێك کە پەیوەندی بە ئاینەوە هەبێت،بەبێ ئەوەی ئەم بۆچونەیان مولزیم بێت لەناو ئەنجومەنەکەدا،لەبەر تیشکی ئەو پێشنیارەی ئیخوان دا خراپترین خوێندنەوە ی چەواشەکارانەو کوێرانەی بۆ کراو والێکدرایەوە کە ئەمەنمونەیەکە لە ویلایەتی فەقیهـ.ئیخوان بەم پێشنیارە هەلیان دابە ناحەزەکانیان بۆئەوەی زیاتر لێیان بخوێنن و خەڵکیان لێبتۆقێنن و وایان پیشان بدەن کە ئەمانە ئەیانەوێت لەسەر حسابی دەسکەوتەکانی کۆمەڵگەی نوێ بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی حوکمی پیاوانی دین،

پێویستی نەئەکرد ئیخوان لەپێناو زامن کردنی ڕێککەوتنی یاساکان لەگەڵ دەستور دا ئەو پرۆژە بخاتە بەرباس،چونکە لەدەستووردا هاتبوو(: شەریعەت سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە)،

بۆیە ڕەوانە کردنی ئەو پرۆژە گرنگە بۆ مەجلیسی دەستوری هەڵبژێردراو یاخود بۆ مەجلیسی دەوڵەت و دادوەرە شارەزاو بەتواناکانی زۆرباشتر ئەوکارەیان ڕائەپەڕاند تائەوەی بیدەیتە دەست کۆمەڵێك

مەلاوشێخی ئەزهەری دەزگایەکی کۆڵەوارولەپەراویزداکوژراو کە مەلاو مامۆستاکانی بونەتە جێگای گاڵتەجاڕ .

ئایاواباشتر نەبوولەبری ئەوە هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی ولەناو ئەویش دا ئازادی ڕۆژنامەنوسی و هەوڵدان بۆبنەبڕکردنی ساختە وگزی لەهەڵبژاردنەکانا تاوەك گوزراشت لە ئیرادەی ڕاس

# نامۆبوونی کەسێتی
# لاوی کـــــــورد



**مەریوان عەلی خوارەحم**

ئەم بەرهەمە لێکۆڵینەوەیەکی هزریە بۆ ڤیستیڤاڵی (گوڵ عەنبەر) ئامادەکراوە و پلەی سێیەمی بەدەست هێناوە ساڵی 2006 ، جێگای باسە (مەریوان علی) وەك گەنجێکی چالاك و ڕۆشنبیر خۆبەخشانە خزمەتی بەرچاوی بە توێژی گەنح و بواری پەروەردە کردووە ، مامۆستای کۆچ کردوو کە یەکێك بووە لە ئەندامە هەرە چالاك و گەنج دۆستەکانی ئۆفیسی سیدصادقی سەنتەری گەشەپێدان ، ئێمەش وەك وەفایەك بۆ خزمەت و ماندووبوونەکانی ئەو ،لە دوای سێ ساڵ لە کۆچی دوایی بەڕێزیان بەباشمان زانی ئەم بەرهەمەی بە نەبینراوی نەمێنێتەوە،شایەنی باسە خەڵاتێکی ساڵانە بەناوی بەڕێزیانەوە لەلایەن ئۆفیسی سیدصادقی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان، دەبەخشرێت بە چالاکترین گەنجی شار.

## چەمکی کەسێتی :

کەسێتی بابەتێکی هێندە گرنگ وئاڵۆزە کەتائێستا بەشێوەیەکی تێروتەسەل ئەم چەمکە روون نەکراوەتەوە،هەنوکە جێگەیەکی مشتومڕی نێوان زانایان ودەروناسەکانە ، هەرئەو ئاڵۆزییە یە کەچەندین لێکۆڵینەوەو چەمکی گرنگی لەخۆگرتووە هەتا ئێستا نەتوانراوە پێناسەیەکی گشتی بۆبکرێت، کەهەموو لایەنەکانی کەسێتی بەشێوەیەکی فراوان لەڕووی زانستەکانی (سایکۆلۆژیا و

سۆسیۆلۆژی و بایلۆژی .....هتد) بۆ بگەڕێتەوە . هەربۆیە ئێمە لێرەدا سەرەتا ڕوو لەزاراوەی کەسێتی دەکەین و هەوڵی دیاریکردنی چەمکەکەی دەدەین .

* زاراوەی کەسێتی(Persanality)

زاراوەی کەسێتی(Persanality) کە لەرەچەڵکدا لەوشەی (Persan)ی لاتینیەوە وەرگیراوە کەواتای دەمامك یان ڕووی خوازراو دەگەیەنێت ئەکتەر دەیخاتە سەر روی خۆی ، بۆخۆدانەپەنا بۆئەوەی کەس نەیناسێتەوەو رۆڵی خۆی لەشانۆییەکاندا بگێڕێت)[1]

ئەم زاراوەیە لەرەچەڵەکدا زاراوەیەکی شانۆیی یە بۆکاری شانۆیی بەکاردێت،چوونکە زیاتر جەخت کردنە لەسەر ڕووی دەرەوەی کەسەکان بۆدەرخستنی کارو رەفتارەکانیان ،بەبێ ئەوەی گرنگی بەناخی کەسەکان بدات،هەروەك (د.سەلام فەرەج) دەڵێت



((ئەم واتایە کەلەواتای فەرهەنگی کەسێتییەوە وەرگیراوە بۆپێناسەی زانستی کەسایەتی ناشێت،چونکە تەنها ئەولایەنە دەخاتە ڕوو کەدەبینرێت) .[2]

بەڵام ئەم زاراوەیە لای رۆمانیەکان باوبووە ،مەبەست ئەو ڕووەی کەسێتی بووە کەلای خەڵك پێیناسراوبووە ، نەك ڕووە راستەقینەکەی ئەوکەسەخۆی ((بەوماناية ئەکتەر کار لەئاوەزەی بینەران دەکات،لەرێگەی ناوەڕۆکی ئەم واتایەی (Persana)وە کەدەتوانێت لەکاریگەری کەسێتی بەسەر کەسانی دیکەدا بگەین ،راستیەکەی ئەوەیە کەسێتی شتێك نیە لەوکەسەخۆی جیابێت ،بەڵکو روالەت وناوەرۆکییەتی و دوا ئامانجی ورۆشتیەتی بەهەموو لایەنەکانی بۆماوەیی (ویراسی) و ژینگەییەوە))[3]

کەواتە ئەم چەمکەش لای رۆمانییەکان هەرمەبەست لەڕووە خوازراوەکەیە لەوەشەوە سەرچاوەی گرتووە کەلەزمانە لاتینیەکەدا بەکارهاتووە،دیارە ئەمەش مەبەست لێ هەر ڕووی دەرەوەی کەسەکانە نەك ناوەوە واتە ئەو ڕووە راستەقینەی لەکەسەکاندا هەیە.

*پێناسەی کەسێتی

لێکدانەوەی واتا جیاجیا کانی کەسێتی دەبێتە هۆی پەیدابوونی چەندین پێناسەو لێکۆڵینەوەی زانستی جیاجیا بۆئەم چەمکە ،بۆیە ئێمە لێرەدا هەندێك لەوپێناسانەدەخەینەروو.لەرووی زانستییەوە کەسێتی مرۆڤ بەگشتی بەوە پێناسە دەکرێت کەبریتی یە لەپێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی ولەکۆمەڵێك سیماو رەفتاری جیاواز پێکهاتووە مەیلی خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ کولتور وباری رۆشنبیری کۆمەڵگاکەی دەبینین هەموو مرۆڤێك کەسێتێکی تایبەت بەخۆی هەیە لەرەفتار وهەڵسوکەوتیدا لەکەسانی دەوروبەر و کۆمەڵگا جیادەکرێتەوە،هەموو کۆمەڵگایەك کولتورو خەسڵەت وتایبەتمەندی خۆی هەیە لەجۆری رەفتارو کەسەکانیشدا واتە ژینگەی دەوروبەر کاریگەری هەیە لەسەر رەفتارو سیمای تایبەتێتی تاکەکەس ،هەروەك زانای ئەنترۆپۆلۆژی (دالف نستۆن)لەکتێبەکەیدا بەناوی (بنچینەی کولتوری کەسێتی) بەئاشکرا کاریگەری کولتورو باری رۆشنبیری لەسەر کەسایەتی مرۆڤ دیاری دەکات و دەڵێت : ((بنچینەی پێکهاتەی کەسایەتی بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری جۆری کولتورو باری رۆشنبیری وشارستانی وکۆمەڵگاو نەتەوە کەمرۆڤ تێدا دەژین ،

بەلآم جیاوازی کەسایەتی ئەندامانی هەرگەل ونەتەوەیەك بۆهۆکاری جیاوازی رۆڵ وپلەو پایەیی کۆمەلآیەتی مرۆڤەکە دەگەڕێتەوە)) (4)

هەروەها پێناسەیەکی تر ئەوەیە کەبریتیە لەکۆی ئەو خەسڵەت وتایبەتیەتی وتوانای جەستەیی ودەرونی وسۆزداری وهزرییە بۆماوە وەرگیراوانەی مرۆڤ لەپرۆسەی گەشەکردنی مێژوویدا بەدەستی هێناوە ولەکەسانی دی جیادەکاتەوە ئەوکاتە دەتوانین بڵێین کەسێتی دیاردەیەکی مێژوییە و لەلایەك بەپێی کات وشوێن لەگۆڕاندایە لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵە تایبەتێکە لەمرۆڤدا،کەهەندێکیان بۆماوەن ولەنەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە و هەندێکی تریش لەوتوانا وتایبەتمەندیانەی مرۆڤ لەتاقیکردنەوەی مرۆڤ وەریدەگرێت،بەم پێیەش کۆمەڵ وبەهاکانی رۆڵێکی گرنگ ولەبەرچاو لەنەخشەکێشانی کەسێتی مرۆڤدا دەبینن.

(دنکن میشیل)یش لە پێناسەکردنی کەسێتیدا دەڵێت (( کەسایەتی بریتییە لەکۆمەڵێك رەگەز و جیاکەرەوەی بایلۆژی وکۆمەلآیەتی کەرەفتاری تاکێك لەتاکەکانی دیکە جیادەکاتەوە و ئەورەگەز وجیاکەرەوانەش لەلایەن تاکەوە لەڕێگای بۆماوە و دەورو بەری کۆمەلآیەتیەوە بەرجەستەدەبن)) (5)

دکتۆر (محمد سعيد فرج)یش دەڵێت: ((کەسایەتی پێکهاتەیەکی دەروونییەو ڕەگەزە کۆمەڵایەتیەکان لەخۆدەگرێت تەنها لەهەڵوێستەکانی ئاوێتەبوون لەگەڵ پێشەی کۆمەڵایەتی وکولتووری نەبێت هەستی پێناکرێت کەبەشداری بۆدیاریکردنی کردەیی مرۆیی دەکات)) [6]

ڕای ئەم دوانە زیاتر پشت بەناوەوەی تاك دەبەستێت لەدەست نیشانکردنی کەسایەتیدا ،ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاوبۆچوونانەی کەکەسێتی لێکچڕەژانە دەرونیەکانە کەهەڵوێستی خۆی دەردەخات.

(گۆردن ئۆڵپۆرت) کەزانایەکی سایکۆلۆژی ئەمریکیە پەنجا پێناسەی زانا باوەڕپێکراوەکانی لەمەڕ کەسایەتیەوە کۆکردۆتەوە ،پاش ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەم زانایە بەم جۆرە پێناسەی کەسێتی دەکات ودەڵێت ((کەسایەتی ڕێکخستنێکی داینەمیکانەی ئەوسیستەمە سایکۆفیزیکیانەی ناوەوەی مرۆڤە کەلەشێوازە تایبەتەکەی خۆراهێنانەکەی لەگەڵ شوێنەواردا دەردەکەوێت)) [7] ((گوردن)) مەبەستی لەشێوازێکی تایبەتی خۆراهێنانە کەلەلایەن کەسێتیەوە بەپێی ڕێکخستنە جەستەیەکانی کەلەگەڵ کولتوور وکۆمەڵگادا دەیگونجێنێت ئەوهەڵس وکەوتەی کەلەگەڵ خەڵکدا دەردەکەوێت،یاخود لەچەند سیفەتێکی جیاجیای ئەوتۆ پێکهاتووە کەئەو مرۆڤە لەمرۆڤی دیکە جیادەکاتەوە بەتایبەتیش لەروانگەی گونجاندن لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکاندا . پێناسەی کەسایەتی لەلای (کاتل) ((کەسێتی ئەوەیە کەدەتوانین بەهۆیەوە پێشبینی کرداری کەسێك بکەین لەهەڵوێستێکدا)) [8] لەپێناسەیەکی تردا دەڵێت: ((ڕێکخراوێکی داینەمۆی سیستەمە لەناخی یەکێکدا پێك دێت و دەبێتە هۆی دیاریکردنی شێوازێکی دەگمەن لەگونجاندنی ئەوژینگەو یەکەیەدا)) [9]

واتە کەسایەتی پێویستە بەرادەی گونجاندنی نێوان یەکێك وژینگەی،بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کەتێگەشتن لەچەمکی کەسێتی کارێکی ئاڵۆزەو لەگەڵ ئەوەش بەردەوام هەوڵی دیاریکردنی چەمکەکانی دەدرێت ،چونکە باسێکی گرنگ وبایەخدارە بۆکۆمەڵایەتی وزانستی وەك (سۆسیۆلۆژی ودەرونزانی وفەلسەفەو ئەدەب) وەك بابەتێکی سەرەکی وتایبەت بەخۆیان تەماشایان کردووە وەلێکۆڵینەوەیان لەسەرکردووە. هەرزانستێك بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو دیدوبۆچوونی تایبەت بەخۆی هەوڵی داوە پێکهێنەرەکان ولایەنە ئاڵۆزەکانی دەستنیشان دەکات.
ئەم چەمکە مەودایەکی فراوان و کەرەستەیەکی چڕوپڕە سنورەکەی بەپێی بارودۆخ وئاستی ڕۆشنبیری ودەوروبەر دەگۆڕێت ،تەنانەت لەمرۆڤێکەوە بۆمرۆڤێکی تر ولەخێزانێکەوە بۆخێزانێکی تر دەگۆڕێت وجیاوازی تێدەکەوێت.خۆبەدەستەوەنەدانی ئەم بابەتە لەژێر تیشکی زانستێك یان

بۆچونێكدا دەگەڕێتەوە بۆسروشتەئالۆز وجیاوازیەكانی خودی مرۆڤ ،چونكە پێكهاتەی مرۆڤ سروشتێكی گۆڕاو و پەرەسەندووی هەیەو هەموو فاكتەرە دەرەكی وناوەكییەكان كاریگەریان بەسەر دروست بوونی ئەو گۆڕانەوەهەیە ، بەم پێیە مەحاڵە جۆرو پێكهاتەی كەسێتی بەپێی پێناسەیەك یان بۆچونێك سنوردار بكرێت.

*كەسێتی نامۆ

یەكێك لەگرفتە سەرەكیەكانی كەسێتی مرۆڤ نامۆبوونە،كەوەك مۆتەكەیەك سەرسنگی دەگرێت وكوشەندەترین دەری كۆمەڵایەتیە كەكەسێتی دادەبڕێت لەهەموو بەهرەو تواناو كایە كۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری وسیاسیەكان وبەرەو لاوازی ودارمانی لەهەموو ئیرادەیەكی كەسێتی دەبات.كەسێتی لاو بەهۆی ئەوپرەنسیپ ویاسایانەی تایبەتن بەخۆی جۆرێك لەنامۆبوونی پێوەدیارە وناتوانێت لەگەڵ كۆمەڵگەدا بگونجێت ،هەمیشە تەنیایی بۆتە بەشێك لەكەسێتی نامۆو بەئازارو ژانێكی زۆر ئەوتەنیاییە وە دەژین،تائەوئاستەی كەئاكارو رەوشت وزمانی قسەكردنیان بەكۆمەڵ نامۆیە ((ئەوان كەشتێك بەمێگەل ورەوشتی باوی كۆمەڵەوە نایان بەستێتەوە ،بەناچاری ڕوو لەگۆشەگیری وتەنیایی دەكەن ،بەرەوناخی خۆیان دەگەڕێنەوە وبەردەوام لەگەڵ خۆیاندا دەپەیڤن)) [10] گفتوگۆیی ئەوان تەنیا لەگەڵ ڕۆحی خۆیاندایە وڕۆحێكی پرلەژان وخەون ئەندێشەو خەیاڵێكی ئینسانی وهۆشیارانە بیردەكەنەوە ، بەڵام لەگەڵ كۆمەڵدا ئەوبیركردنەوانە نامۆیە. فرۆید لەزۆربەی توێژینەوەكاندا ئاماژەبەنامۆبوون وگرێدانی ئەونامۆبوونە بەسروشتی مرۆڤەوە دەكات ،نامۆبوون لای فرۆید بریتی یە لە(( لەپەك كەوتنی مرۆڤ بۆخۆقوتاركردن ولەومەینەتییە كەبەسروشتی مرۆڤەوە بەستراوە لەئەنجامی ئەوكۆسپانەی دێنە پێشی بۆڕێگا چارەیەكی نێوان هەوڵەكان بۆگەیشتن بەمەیل ومەرامە غەریزەكان بەشێوەیەكی سەربەست ورەها لەلایەكەوە لەنێوان زەروورەتی كۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری وشارستانیەتییەكان لەلایەكی ترەوە ) [11]ئەم نامۆبوونەشە دەرهاویشتەی باوی كۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری وكۆمەڵگایە،كەئەم جۆرە كەسانە نازانن لەكۆمەڵگەدا

کەسانێکی ئاسایی ناوکۆمەڵگابن،کەئەمانەش شێوەیەك لەحاڵەتی دەرونزانی خۆیان ووەرگرتووە ،پرۆسەی نامۆبونیش لەواقیعێکی کۆمەڵایەتیدا رودەدات،چونکە کۆمەڵ ناتوانێت پێداویستیەکانی رۆحی تاکەکەس بەدی بهێنێت بەڵکو لەڕێگای چەندەها سیستەمی کۆمەڵایەتی وکولتووری وسیاسی کەسێتی مرۆڤ تووشی نامۆبوون وتێکشکان دەکات.ئەم نامۆبوونە لای فرۆید هەرلەسەرتایی منداڵییەوە دەستپێدەکات و،دەیگەڕێنێتەوە بۆئەو داب ونەریتەی کەهەرلەدایك بوونی مرۆڤەوە کاتێك چاوی هەڵدێنێ لەسەر زەوی ،کۆمەڵێك یاساو داب ونەریت خۆی قوت دەکاتەوە لەبەردەمیدا،نامۆبوون لەسەرەتاوە دەست پێدەکات بەوشەی (ئەمرونەهی) بکەو مەکە دەبێت وئەمەش دەبێت خاڵی سەرەتا بۆچەسپاندنی ترس ودڵەراوکێ لەدڵ ودەرونی ئەوکەسانەدا،هەمیشە هەست بەوئازارو ترسەدەکات ودەبێتە ڕێگری سەرەکی لەبەردەم حەزو خولیاکانیدا،بۆیە ناتوانێت وەك پێویست گوزارشتیان لێ بکات ولەناوخودی خۆیدا دادەمرکێتەوەو ،لەم گۆشەوەیە رۆحیەتی داهێنانکاری لەئەو کەسانەدادەکوژێت وئەم پابەندبوونەش بەکۆمەڵگاوە مرۆڤ توشی گۆشەگیری دەکات ،چونکە مرۆڤ وەك تاکەکەس لاواز بێدەسەڵاتە نەیاساو نەکۆمەڵ یاسا بنچینەیەکانی مرۆڤیان دابین نەکردووە،مرۆڤ بەدەیان برگەی یاسایی جۆرەها داب ونەریت پابەندە و کۆنترۆڵکراوە،کەتێکڕایان شێوە دەسەڵاتێکی مادی وئەخلاقی وەردەگرێت،ئازادی وخەونەکانی مرۆڤ وەك تاکەکەس دادەپۆشێ و((فشارێکی توندی مادی ومەعنەوی دەخەنەسەر قارەمانەکان ودیانەوێت جڵەودەستەۆیان بکەن)) [12]

بۆیە فرۆید پێی وایە کەهیچ فەلسەفەو رێگا چارەیەکی فکری وکۆمەڵایەتی ناتوانن نامۆبوون ریشەکێش بکات ،بەڵکو تەنیا کەمی دەکاتەوە..

*چەمکی نامۆبوون

دیارە چەمکی نامۆبوون کەباسمان لێوەکرد لەسەرەتاو،دەکرێت بڵێن دیاردەنیە بەڵکو حاڵەتێکی نوێ وکۆمەڵگای مرۆڤایەتیە ولەهەموو کۆمەڵگا پێشکەوتوو دواکەوتوەکانیشدا بەدەر دەکەوێت نامۆبوونیش بەبابەتێکی گەلێك ئاڵۆزو لێکچڕژاوە وجێگەی مشتومڕی زانستەکان و نێو زانایان وپەلی بۆزۆرشت کوتاوە،بوونی لێکدانەوەیەکی زۆری جیاجیا بۆئەم چەمکە لەلایەن زانایان ودەروناسەکانەوە کارێکی ئاسایی وسروشتییە،بەتایبەتی بۆئەو کەسانەی کەشتێك دەرباری ئەم مەسەلەیە دەزانن ئەم چەمکەش بەهۆی گەشەسەندنیەوە لەچەند زانستێکی وەك (ئەدەب وفەلسەفەو دەروناسی وتادەگاتە سیاسەت وئابوری و...هتد) باسی لێوە کراوە ، (دیارە دەرك کردن بەسنوری نامۆبوون لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕێت وهەست پێکردنی پشت بەهۆشیاری ئەو مرۆڤە دەبەستێت) [13]

*زاراوەی نامۆبوون

نامۆبوون لەزمانی کوردیدا بەکارهێنراوە ، کەزیاتر مەبەست لەوکەسانەیە کەلەپەراوێزی کۆمەڵگەدان وئارەزووی هیچ جۆرە هاوبەشێك ناکەن لەکایە کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابوری ...هتد دا ، بەڵام لەزمانی عەرەبیدا کەوشەی (اغتراب) بەکارهێنراوە کەلەفعلی (يغترب) وەرگیراوە ، کەبەکەسێك دەگوترێت کەرێوشوێنی لێ گۆردرابێت ، یان لەدەست چوونی دەسەڵات وگۆشەگیری وتورەیی ورق هەستان وتێکشکان لەواقعی ژیاندا .

هەروەها لەزامنی ئینگلیزیدا بەمانای (Alienation)ئەلیناشین ولەزمانی فەرەنسی کەبەوشەی (Alienation)ئەلیناسیۆن دێت،کەهەردوو وشەکە لەرەچەڵەکدا لەوشەی لاتینی (Alienation)ئەلیناتۆ وەرگیراوە ) [14]

1–چەمکی نامۆبوون لەرووی زاراوەوە لەبواری یاسایدا لەزمانی ئینگلیزی وفەرەنسی دا بەمانای گواستنەوەی موڵکداری لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگەیەنێ.

2–لەبواری پزیشکیدا بەمانای تێکچوونی عەقڵدێتز

3–لەبواری پەیوەندی نێوان کەسەکاندا لەهەردوو زمانەکدا بەتێکچونی پەیوەندی ودۆستایەتی نێوان دووکەس دەوترێت.

هەروەها زاراوە نامۆبوون لەزمانی ئەڵمانیدا واژەی (Wntfremduag )بەمانای نامۆبوون دێت کەبەرامبەر واژەی (Alienation)ی ئینگلیزی وفەرەنسی دەوەستێ کەبەمانای گواستنەوەی موڵکایەتی لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر نەك لەرێگای یاساییەوە بەڵکو لەریگای دەست بەسەرداگرتن ودزی کردن،نامۆبوونیش لەزمانی ئەڵمانیدا بەمانای تێکچوونی عەقڵدێت،وەمانای تریشی نابەدڵبوونی پەیوەندی نێوان کەسەکان،بەلاّم لەفەرهەنگی نوێدا بەمانای نەمانی پەیوەندی مرۆڤایەتی وپەیوەندی مادەو شوێنی دەگرێتەوە.زاراوەی نامۆبوون زۆر مانا هەڵدەگرێت و بەزۆر شێواز لێکدراوەتەوە ، سەرەتای ئەم چەمکەش دەتوانین بگەرێینەوە بۆسەردەمی یۆنانیەکان.هەندێك لەفەیلەسوفە یۆنانیەکان لەم دیاردەیە دووان وتەنانەت هەستیان بەنامۆبوون کردووە ،ئەفلاتوون لە (کۆمارەکەیدا) ئەم حاڵەتەی تیا رەنگگراوە،لەخەیاڵدانی ئەفلاتوندا پێویستە زانایان وفەیلەسوفان هەڵبێن لەداب ونەریت ودەسەلاّتی کۆمەڵگاکەیان،شوێنێك بۆخۆیان بدۆزنەوە کەخەونەکانیانی تێدا بەدیبهێنن ((هەروەها ئەفلۆتین)یش لەتیوەری (الفیض)دا باسی لەم دیاردەیە کردووە.بەلاّم زۆربەی زانایان لەوبڕوایەدان کەبۆیەکەم جار بەشێوەیەکی میتۆدی وزانستی رێك وپێك لەلایەن (هیگڵ) ی ئەڵمانیەوە لەکۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتایی سەدەیی نۆزدەیەم بەکارهاتووە،هەرچەندە لەسەدەکانی ناوەراست لەلایەن لاهوتیەتی مەسیحی یەوە ئەم زاراوەیە بەکارهێنراوە (بەلاّم زیاتر هیگڵ لەکتێبەکەیدا بەناوی (ضاهیریات الروح)کە لەساڵی 1805 بلاّوکراوەتەوە فەسڵێکی دوورو درێژ کەلە (100)لاپەرەیە باسی رۆح دەکات کەنامۆیە لە زات وکەسایەتی خۆی وبەناوی رۆشنبیری کەلەدوای ئەم فەسڵە فەسڵێکی تری هەیە باسی رەوشت دەکات کەئەویش لایەنێکی نامۆبوونە). بەلاّم هیگڵ زیاتر سود لە (عقدة الجتماعیة) کەی جان جاك رۆسۆ وەرگرتووە،رۆسۆ لەبارەی ئەم چەمکەوە دەڵێت (ئەگەر نامۆیت ،پێویستە شتێك بدەیت یان بفرۆشیت،کاتێك مرۆڤێك دەبێتە کۆیلەی کەسێکی دی ،خۆی ناداتە ئەو کەسە بەڵکو بەلایەنی کەمەوە خۆی دەفرۆشێت لەپێناو مانەوەیدا،بەلاّم ئەی گەل لەپێناوچیدا خۆی دەفرۆشێت؟))زاراوەی نامۆبوون لای مارکس بەشێوەیەکی تەواو رەنگی دابویەوە و گرنگیەکی باشی دابوو بەنامۆبوون بەتایبەتی لەنوسراوە ئابوری ورامیاریەکانی لەساڵی 1844 نوسیبووی.زاراوەی نامۆیی لای مارکس لەیەك ماناوە هاتووە وەك (جیابوونەوە لەکاتی خۆبەدەستەوەداندا).ئەگەر چی ئەم مانایە لەزۆر مانای تر نزیکە،بەلاّم بڕوای وایە هەموو جیابوونەوەیەك بەهەرشێوەیەك بێت،لەهەر حاڵەتێکدابێت خۆبەدەستەوەدانێکە لەئاست تەسلیم کردنی بەرهەمی کارەکەیدا ، یاخود دەڵێت : (بەرهەم ، نامۆیی بۆبەرهەم هێنەر

دەخولقێنێ)،چونکە کاتێك بەرهەم هێنەر یان کرێکار ئەچەوسێنرێتەوە لەژێر سایەیی یاسای ئابووری وسیاسی دەوڵەتەکاندا بێگومان توشی نامۆیی دەبێت ،ئەمەش دوو هێزە کەبەرهەم هێنەر توشی نامۆیی دەکات ویەکەمیان بەرهەم دووەم ئەو کۆمەڵە یاسا ئابوری وسیاسی یەکەلەکۆمەڵگادا کاری پێدەکرێت بەدەست دەسەلآت دارو سەرمایەدارانەوەیەکەئەوانیش هێزی بازارو یاسایی ئابورییە) [15] هەروەها (ئەریك فرۆم)چەمکی نامۆیی وەك خاڵێك بۆلێکۆڵینەوەی کەسایەتی وکۆمەڵایەتی هەڵبژاردووە و گرنگی پێداو. (فرۆم) براوی وایە کەیەکەم کەس چەمکی نامۆیی دارشتووە (هیگڵ) بووە و هەروەها دەڵێت (هیگڵ ومارکس) توانیویانە ینەمایەك بۆتێگەشتن لەکێشەی نامۆیی دابرێژن،هەروەها خۆشی هەوڵی داوە کەچەمکی نامۆیی گەشەدار تر بکات وبەهەموو رویەکی ژیانی مرۆڤەوە ببەستێتەوە،بەتایبەتی لای مرۆڤی هاوچەرخ وشارستانی وسەرمایەداری ئەمرۆ. هەروەها پاش ئەمانیش چەندین زانای وەك (مارکۆز و لوکاتش وگۆڵدمان وفیورباخ وهایدگرو سارتەری فرنسی وسیمان) لەم دیاردەیە دوواون و گۆتەو شیللەر فیختەرو نیتشە سیمیل وبیکیت ویونسکۆ وکافکا لەشانۆگەری ورۆمانەکانیاندا رەنگی داوەتەوە وباسی ئەم کێشەیان کردووە ، چونکە نامۆبوون بەهایەکی ئیستاتیکی بەهەموو کارێکی هونەری دەبەخشێت وکاریگەری سەرەکی داهێنانە)) زۆربەی زانایانی کۆمەڵایەتی زاراوەو چەمکی نامۆیی پابەند دەکەن بەبارودۆخی رامیاری وئابوری وکۆمەڵایەتی ودەسەلآتی زەمەنیەوە و ، لەسەر بنەمای هەڵوێست ومەشاعیری مرۆڤ دایدەرێژن و تەنانەت کەس بەنامۆدانانێن ئەگەر شعور بەحاڵەتی نامۆیی نەکات ، ئەوەی گرنگە بەلای ئەمانەوە ئەوەیە کەنامۆیی رۆشنبیری ) گشت ئەمانە دەگەرێتەوە بۆئەو هۆیەی کەزاراوەی نامۆیی چەندین ماناو لەچەندین حاڵەتدا کاریگەری خۆی بۆژیانی مرۆڤایەتی دەسەلمێنێ [16]




*پێناسەی نامۆبوون

لێکدانەوەی واتا جیاجیاکانی نامۆبوون لەروی چەندین زانستی فکرو فەلسەفی،لەلایەن چەندین زاناوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی چەندین پێناسەی جیاجیا بۆئەم چەمکە.

لەرووی زانستیەوە کەسێتی نامۆ بریتی یە لەوەی کەتاك هەست بەبێ دەسەلاَتی خۆی دەکات وگەیشتۆتەئەو بروایەی کەتوانای هیچ گۆرانکاریەکی نیە ، تەنانەت ناشتوانێت چارەنوس وپاشە رۆژی خۆشی دیاری بکات و سەرەرای ئەمەش ناتوانێ بەشداری بریاروەرگرتن ویەکلاکردنەوەی ئەوکاروچالاکیانە بکات کەپەیوەندی راستەوخۆیان بەخودی کەسەکانەوە هەیە...

هەروەها نامۆیی بریتیە لەگواستنەوە یان وازلێهێنان لەومافانەی کەهەتە،ئەم مانایە بریتیە لەدەست بەسەرداگرتنی مافی تاك وگواستنەوەی بۆکەسێکی تر ، کەبەهۆیەوە گرژی وئالۆزی پەیدادەبێ،لەپاش یان بەخۆبەدەستەوەدان وملکەچی وەك سزایەك تووشی کەسی مافی زەوت لێکراو ئەبێ،بەناچاری تووشی نامۆیی دەبێت.ئەریك فرۆم بەم جۆرە پێناسەی نامۆیی دەکات ودەلّێ: ((بریتی یە لەخۆبەدەستەوەدانێك تاخەلّکیت لیرازی بێت کەلەسەر بنەمای ساویلکەیی وتێکەلاَوبوونی خوودی حەقیقی) بەم جۆرە فرۆم پێناسەی نامۆیی خودی ئەکات،کەونبوون لەخودی حەقیقەتی خۆت بەهۆی ساویلکەیی وونبوونی زانیاری وهونەری وهۆشەویستیەوە توشی مرۆڤ دەبێت)) دیارە کەخۆشەویستی بەرهەمی ئازادی مرۆڤی رەسەن وکاتێك ئەوخۆشەویستی یە هیچ مانایەکی نامێنێت لەناو تاکەکانی کۆمەلّگەدا،چونکە خۆشەویستی ئەوهێزە زیندووەیە کەئەتوانیت ببەخشیت ، لەخەم وخەون وئازارە رۆحیەکان ئاشنای بکەی ،تێگەشتنی خۆتی پێ ببەخشیت هاوبەشی بکەیت ، بەپێی ئەم پێناسەیەی (فرۆم) کاتێك مرۆڤ ئەوخۆشەویستیە حەقیقی یە لەمانای پیرۆزی خۆی دابەزی،ئەوە کەسیەتیەکی نامۆبەرهەم دەهینێت،بەلاَم ئەم نامۆبوونەش لای فرۆم لەکۆمەلّگای هاوچەرخ وسەرمایەداردا دەگەرێتەوە بۆ هۆی دابەش بوونی کۆمەلّ لەروی کارو ئەرك ولەروی رۆشنبیری ولەروی بونیادی ئەوکۆمەلّەوە،مرۆڤ لەکارو هاوریکانی ولەخودی خۆی ولەسروشت نامۆئەکات.بەلاَم (سیمان) بەشێوەیەکی زانستی ئەم چەمکە بەکاردەهێنێت ولەبواری کۆمەلاَیەتی ودەروونیەکەوە بەم جۆرە پێناسەی بۆدەکات ودەلّێ: (نامۆبوون مانای ئەوەیە تاك بەهیچ شێوەیەك هەست بەتام وچێژی ژیان ناکات و ولەجیاتی ئەوە هەست بەبۆشایەکی دەروونی وکۆمەلاَیەتی بەرفراوان ولەرادەبەدەر دەکات وهیچ فەلسەفەو رێبازێکی تایبەتی لەژیاندا نیە وخۆشی نازانیت ،بۆچی دەژی وئامانجەکانی کامانەن)) (17). سیمان لەرووی کۆمەلاَیەتی ودەرونیەوە زۆر جوان پێناسەی کردووە،کاتێك کەسێتی نامۆ هیچ هەست بەخۆشی ولەزەتەکانی ژیان ناکات،ئەوکاتە هەست بەدورە پەرێزی خۆی دەکات لەگەلّ دەوروبەرەکەیدا وناتوانێت وەك پێویست هاوکاری هاورێیەکانی بکات لەکایە کۆمەلاَیەتی وسیاسی وئابوریەکان بەشداربێت وخۆی بەچاوێکی کەم سەیردەکات وهەمیشە بیرکردنەوەکانی تایبەتە بەخودی خۆی وناتوانێت وەك

پێویست هێڵە فكری وئایدۆلۆژیەكانی ژیان لەیەكتری جیابكاتەوە ، وەهیچ ئامانجێكیشی نییە تاوەكو بۆی بژی ، هەربۆیە ئەم جۆرە كەسانە زوو بریاری یەك لاكردنەوەی خۆیان دەدەن بەجۆرێك لەجۆرەكانی خۆكوشتن. (هاجدا) دەڵێت ((كەسی نامۆ ئەوەیە كەهەست بەدابران وهاوبەشی نەكردنی كۆمەڵەكەی دەكات ، بەهۆی هۆشیاری ئەوكەسە وكەهەست بەجیاوازی خودی خۆی وكەسانی دەوروبەری دەكات)) [18]ئەم نامۆبوونەش بەهۆی بیروبۆچوونی خۆیەوە دەبێت ،یان بەهۆی ئاستی رۆشنبیربێت كەهەست بەوجیاوازیە دەكات لەگەڵ كۆمەڵدا،لەبەرئەوە لەم جۆرەنامۆییدا گرژی وئاڵۆزی لەنێوان كەسی نامۆو كۆمەڵگادا رونادات بەهۆی ئەو هۆشیاریەی كەكەسی نامۆ هەستی پێدەكات. بەڵام (فیورباخ)ی ئەڵمانی بروای وایە كەكاتی مرۆڤ بێبەش دەبێت لەبەرهەمی مادی كۆمەڵگا تووشی ئەوحاڵەتە دەروونییە دەبێت ، یاخود بەهۆی ستەمی مادییەوە ئەو گیروگرفتەی لادروست دەبێت. هەروەها (سارتەر)ی فەرەنسی دەڵێت ((نامۆبوون ئەوكاتە دروست دەبێت كەمرۆڤ زۆربیر لەچواردەوری دەكاتەوە ئاگای لەخۆی نابێت،واتەتاك لەناوكۆمەڵگادا دەتوێتوە دەبێتە بەشێكی تەواوكەری ئەوان))بەڵام (سیمان)ی زانا كەبەشێوەیەكی زانستی ئەم زاراوەیە و لەبواری كۆمەڵایەتی ودەرونیەكاندا بەكارهێناوەو دەڵێت ((نامۆبوون مانای ئەوەیە تاك بەهیچ شێوەیەك هەست بەتام وچێژی ژیان ناكات ولەجیاتی ئەو هەست بەبۆشایەكی دەرونی وكۆمەڵایەتی بەرفراوان ولەرادەبەدەردەكات وهیچ فەلسەفەو ریبازێكی تایبەتی لەژیاندا نیە وخۆشی نازانێت بۆچی دەژی وئامانجەكانی كامانەن)).

*نیشانەكانی نامۆبوون

دیارە لەسەرەتاو باسكردنی ئەم چەمكەدا زۆرباس لەسیفات ونیشانەكانی بەشێوەیەكی تایبەتی كراوە،ئیستا لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەوسیفەتەسەرەكیانەی كەكەسی نامۆتێیدا رەنگیداوەتەوە باسی لێوەبكەین ، كەزۆرێك لەم سیفاتانە بەئاشكرا لەناوخودی ئەوكەسانەدا دیارە،وەك:

1–لاوازی ئیرادە ،واتا تارادەیەك ئیرادەی بێهێزە ناتوانێت بەشداری لەچالاكییە كۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووریەكان بكات.

2–بروانەكردن بەخودی خۆی ، سوك سەیركردنی خود وهەروەها سووك سەیركردنی خەڵك وكۆمەڵگا وئەوداب ونەریتەی كەئەمی پیٚ پەروەردەبووە.

3–رەشبینی لەژیان وبروانەبوون بەئایندەو پاشەرۆژ.

4–پابەندنەبوونی بەهیچ ئاینێك وبەها كۆمەڵایەتیەكان.

5–كەمی بەرهەمی جەستەو عەقڵی وهونەری وئەدەبی.

6–باوەرنەبوون بەهیچ فەلسەفەو ئایدۆلۆژیا و ریبازێکی تایبەت لەژیاندا.
7–بەشدارینەکردن لەچالاکییە سیاسی وکۆمەلآیەتیە چارەنووس سازەکانی کۆمەلگا کەلەبەرژەوەندی کۆمەلگاو نەتەوەکەی بێت.

*هۆکارەکانی نامۆبوونی لاوی کورد

دیارە هەرلەسەرەتای باسەکەدا باسمان لیوەکرد کەنامۆبوون دیاردەیەکی کۆمەلآیەتی ودەروونیە کەکەسێتی تاك بەهۆی ئەوکۆمەلگاو ئەو ژینگەی تێدا پەروەردەدەبێت گەشەدەکات وهەنگاو بەرەو ئاییندە دەنێت،بەلآم کاتێك بەها کۆمەلآیەتیەکان ودام ودەزگاکان دەبنە ریگر لەبەردەم حەزو خولیاکانی تاکدا،ئەوکات تاکەکەس تووشی ئەوحالّەتەدەبێت،بەتایبەتی هەرلەسەرەتاوە کەوەك فرۆید(دەلێت کاتێك مندالّ چاوهەلدێنێ لەسەرزەوی کۆمەلێك یاساو داب ونەریت خۆی قووت دەکاتەوە لەبەردەمیدا،هەمیشە بەپیێ حەزی ئەوان دەبێت کاربکات (ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی زانستیانە ، باس لەهۆکارەکانی ئەم چەمکە بکەین ئەوا دەبێت بگەرێینەوە بۆخێزان وقوتابخانەو برادەرو جێگاکانی خودا پەرستی وئامرازەکانی راگەیاندن و ...هتد) [19]

هەمووماں باش دەزانین کەخێزان قوتابخانەی یەکەمی مندالّەو ئەگەر مندالّ بەشێوەیەکی دروست وباش پەروەردەبکرێت وبتوانرێت تارادەیەکی زۆر لەسۆزی دایك وباوك پەروەردەبکرێت وبەشێوەیەکی فسیۆلۆژی گەشەبکات ، بەلآم هەنووکە تائێستا خێزان لای ئێمە نەبووتە ئەوقوتابخانەیە وکەپێداویستیەکانی مندالّ وگەشەکردنی بەشێوەیەکی باش بەریوەبچێت وبۆیە لاوی کورد تائێستا لەناوخێزانێکی تارادەیەك نەخویندەوار و دوور لە هەستکردن بەچێژی خۆشەویستی وسۆزی دایك وباوك پەروەردەدەبێت،ئەویش زۆرێکی بەهۆی ئەوبارە نالەبارەی کەبەسەر ئێمەدا هاتووە پاشان قوتابخانەش ناتوانێت ئەوهەست وخۆشەویستیەی پێ ببەخشێت کەلەخێزان ومندالّیدا لەدەستی چووە،هیچ تام وچێژی لەپرۆگرامە کلاسیکیەکانی ناوقوتابخانەش وەرناگری وناتوانی لەوێشدا حەزو خولیەکانی لاو وەك پێویست پڕبکاتەوە ،هەربۆیە نامۆبوون و دوورە پەرێزو گۆشەگیری دەبنەبەشێك لەرەفتاری وبیرکردنەوەی،سەرەرای ئەوەی کەلاوی کوورد لەناو کۆمەلگایەکدا گەشەدەکات کەتائێستا ستەم لێکراو و بێ ناسنامەیە وهیچ جۆرە خۆشبەختیەك هەست پێ ناکات،هەمیشە مافەکانیان بەتاك وبەکۆمەلّ پێشێل دەکرێت وەگومانی تێدا نیە کەئەو کەسەش لەئاوینەی ئەو وولآتەو کۆمەلّەدا خۆی دەبینێتەوە وەهەست بەبێناسنامەی زولّم وستەم دەکات،هەمیشە بوون ونەبوونی خۆی وەك یەك دادەنێت ، هەربۆیە کاتێك لاوی کوورد لەناو خێزانێکی شپرزەو قوتابخانەیەکی بێ مەعریفە بێ رۆشنبیری وبێ هۆشیاری وکۆمەلگایەکی

پڕلەئاژاوەو شەڕو ستەم بێ ناسنامە...هتد، خۆی دەبینێتەوە و گوێنەگرتن لەراو بۆچوونەکانیشی کۆمەڵێك فاکتەرن کەمرۆڤ بەرەو نامۆبوون دەبات . ئەوژینگە سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری ودەروونی ورۆشنبیری لاوی کوورد هەڵبسەنگێنین ئەوا دەگەینە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە.

یەکەم/ دیارە خێزانی کوردی بەرێژەیەکی زۆر نەخوێندەوارەو دیاردە عەشایەری وخێڵەکیەکانی بەسەرەوە زاڵە وەك پێویست تائێستا نەیتوانیوە لەگەڵ رەوتە شارستانیەکدا هەنگاوی جدی هەڵبنێت ووەرێژەیەکی زۆر کۆیلەی داب ونەریتی کۆمەڵایەتیەکانن ولەناوخێزانێکی هەژارو دەست کوردا لاوی کورد گەشەدەکات،ئێستا کاتێك منداڵ ولاوی کورد لەناوژینگەیەکی لەم شێوەدا گەورە دەبن و وەك پێویست مافەکانی تیا بەدەست ناهێنرێت ،وەناشتوانی وەڵامێکی دەسکەوێت بۆپرسیارەکانی وتوشی گرفتی دەروونی وکۆمەڵایەتی ...هتد دەبێت وەلاویش هەمیشە بەچاوی گومان ودووڵیەوە سەیری ئەم دەزگادەکات وەهیچ کاتێك خۆشبەخت نیەپێی .

دووەم/هەروەکو باسمان کرد قوتابخانەش ژینگەیەکی تەندروست وباش نیە،تاوەکو لاو لەوێدا سەربەست وئازاد بێت لەرادەربرین و وەڵامی شتەنهێنیەکانی ژیانی خۆی بزانێت وهەمان عەقڵیەتی خێزانە کەزاڵە بەسەرقوتابخانەدا وهەمان پەیرەو یاساو دەستورە کەلەقوتابخانەدا جێبەجێ دەکرێت ، چونکە تائێستا قوتابخانە نەیتوانیوە ئەو دەستورەی خێزان کەباوە سنورداربکات وبیبەزێنێت.

سێ یەم/ ئەو دوفاقیزمەی کە راگەیاندنی کوردی پیادەی دەکات لەنێوان خەو خەیاڵی لاوان وداب ونەریتی کۆمەڵگادا ، واتە کەزۆر لەکەناڵەکان هۆکاری سەرەکی یە بۆنامۆبوونی لاو لەکۆمەڵگادا،چونکە تاوەکو ئێستانەتوانراوە وەك پێویست ئەوخەونەو کەلاوی کورد لەخەیاڵدانیدایە،فەراهەم بکات وگەشەی پێبدات ولەبەرئەوەی رۆژانە لەناو پەرتووك و رۆژنامە وراگەیاندنەکاندا شتێك دەبینی ودەخوێنێتەوە،بەڵام لەو واقیعە شتێکی تر دەبینی ئەمانەش رۆژانە لەناو پەرتووك و رۆژنامە وراگەیاندنەکاندا شتێك دەبینی ودەخوێنێتەوە،بەڵام لەو واقیعە شتێکی تر دەبینی ئەمانەش رۆژانە بەبەرچاویدا دوبارە دەبێتەوە،ئەمەش ئەوحاڵەتە لەسەردەرونی تاکەکەس دروست دەکات کەهەمیشە بەگومانەوە سەیری شتەکان بکات وپرسیارەکان بەگومانەوە بکات،بەم شێوەیە لاو هەمیشە لەبازنەیەکی داخراودا دەژی، چونکە ئەوفەنتازییایە دوبارە دەبێتەوە کەلەواقیعدا نییە وبەردەوام جیاوازییەکی زۆر لە نێوان واقیع وخەیاڵدا هەیە،لێرەوە لاوی کورد تووشی (گۆشەگیری ونامۆبوون وهەستکردن بەکەمی وپەراوێزبوون ...هتد) دەبێت.

چوارەم/واقیعی وبارو زروفی کوردستان ، ئەوحاڵەتە نائاساییە کەهەرلەدێرزەمانەوە توشی تەنگ وچەڵەمەو شۆرش ونسکۆوشەروکوشتار بەهەمو جۆرەکانی بۆتەوەو، حاڵەتێکی ناتەندروست وناٸاسایی لای تاکی کورد دروست کردوەو بەتایبەتیش لاوان،کەهەمیشە ئاواتەخوازی داهاتویەکی خۆشە،بەڵام نادیاری داهاتووی‌سیاسی وباروزروفی کوردستانن ودروست بوونی ئەوحاڵەتە نادیارییەو کەلاو هیواخوازە هەنگاوی خێرای بۆبنێت وحەزو خولیاکانی تیا بەدی بهێنێت وئامانجەکانی تێدا پراکتیزە بکات ، بەڵام تائێستا ئەم بارە نالەبارە وەك شتێکی نادیار هەرماوە ، لاوانیش توشی شۆکی وناجێگیر ژیان وخەیاڵ دەکات بەوپێیە کەلاو زیاتر سۆزی زاڵتر بەسەرعەقڵیدا زیاتر ئەم بارودۆخە کاری تێدەکات وبەرەوئەم حاڵەتی نامۆبوون ودورەپەرێزییەی دەبات.

پێنجەم/سیستەمی سیاسی یەکێکی ترە لەوهۆکارانەی کەهەموو مرۆڤێك لەژیانیدا تارادەیەك پەیوەست دەبێت پێوەی وبۆئەوەی لەکاروبارەکانی ژیانیدا هاوسەنگیەك وهەماهەنگییەك دروست بکات بەسیستەمێکی دیاری کراو کارەکانی بەرێبکات،لەکۆمەڵگای ئێمەشدا هەریەکەو ئارەزووی سیاسەتێکی هەیەو بەڵام کاتێك ئەوسیاسەتە لەگەڵ خولیاو ئارەزووەکانی یەکناگرێتەوە یان ناتوانێ بەرژەوەندیەکانی خۆی تیادا بەدەست بهێنێت،یاخودبە شێوەیەکی ناتەندروست لەگەڵ سیستەمە سیاسیەکانی تردابەپێچەوانەوە هەنگاودەنێن ودەکەونە سەنگەرگرتن لەیەکتری وبەرەنجام لەبەرامبەردا تاك دەستەوستان وبێ هەڵوێست دەبێت و دواتریش بێ هیواو نامۆیی دەبێتە بەشێك لە وتاکەکەسە.

شەشەم/بواری مادی بازارو گەشەی ئابوری ورەونەقی کاڵا وشمەکی نوێ ی جۆراوجۆر وکردنەوەی بازارەکانی جیهان بەسەرتاکەکانداو ئەوگۆرانکارییە خێرایانەی کەرۆژانە لەنێو بازارو کۆمەڵگادا رودەدەن و،دروستبوونی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو کەمرۆڤ بوەتەبەشێك لەونەگەشتن بەهیواو خواستەکان کەبازاردەیهێنێ ونزمی ئاستی بژی ودارایی وکەم برستی وبێکاری وزۆرینەی لاوی کوردو،دەوڵەمەندبوونی رێژەیەکی تری خەڵکی بەشێوەیەکەچاوەروانەنکراو سەرسورهێنەر،وای لەلاوان کردووە نەك هەرهاوتەریب وهاوزەمان لەگەڵ گۆرانکاریەکاندا برۆن،دواجار لاو گۆشەگیرو کەنارگیردەبێت ولەناخیشدا هەست بەتێکشکان ودابران ودواکەوتووی وپاشکۆیەتی وکەساسی ونەداری دەکات بەرەو ونبوون ونامۆیی هەنگاودەنێت.

*ئەنجام

بەگشتی کەسێتی نامۆ لای لاوی کورد پەیوەستەبەو بارودۆخ و ژینگەیە کەکەسێتی لاوی تیادا گەشەدەکات وئەوداب ونەریت ویاساو دەستوە کۆمەڵایەتی وسیاسیانەی کەلەکۆمەڵگاداهەن ،راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەرییان دەبێت لەسەر لاوان،چونکە هەمیشەکەسانێکن کەزۆر حەزبەگۆرانکاری وپێشکەوتن دەکەن وهەمیشە کەسانێکن کەپرسیاری جدی لەداب ونەرێتی کۆمەڵگا دەگرن. هەروەها هەموو ئەوهۆکارانەی کەلەناوخێزان وقوتابخانەو داموو دەزگاکاندا هەن،کەکاتێك بەخواست وویستی لاوان نابێت،لاو بەرەو هەڵدێرو نامۆبوون دەبات وهەست بەدورکەوتنەوە ولەکۆمەڵگاو یاساکانی کۆمەڵگا دەکات ، شێوازێك لەتاك گەرایی بۆخۆی دروست دەکات هەربۆیە بەچارەسەرکردنی هەموو ئەوگرفتانە دەتوانرێت لاوی کورد لەوحاڵ تی نامۆبوون وگۆشەگیرییە دور بخرێتەوە.

سەرچاوەو پەراوێزەکان


1-کەسایەتی لەدرامای کوردیدا،سەلام فەرەج کریم،نامەی ماستەر،1989.ل43

2-هەمان سەرچاوە. ل 44

3-گرنگترین تیۆریەکانی کەسایەتی،ریزان علی ئیبراهیم:گۆڤاری رامان،ژ47،ل230

4-کەسایەتی مرۆڤی کورد،پ،ی د.عبدالحمید بەرزنجی،گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژ26،ل235

5-کەسایەتی کورد وچەندتێبینیەك ،سەعد عبدالله،گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژ26،ل7

6-هەمان سەرچاوە،ل18




# خەڵاتی ساڵی 2015 ی (مەریوان عەلی)

ئۆفیسی سەیدسادقی سەنتەری گەشەپیدانی چالاكی لاوان، خەڵاتی ساڵی ( مەریوان علی ) بەخشی بەگەنجی چالاك ( م. هیلال صابیر).

بەهۆكاری ئەوەی بەڕێزیان خاوەنی زیاتر لە(12) كتێبی وەرگێڕانە، ئێمەش بەناوی ستافی گۆڤاری ڕوون پیرۆزبای لێدەكەین بەڕێزیان یەكێكە لەهاوكارانی گۆڤارەكەمان دووبارە پیرۆزبای لێدەكەین.

كورتەیەك دەربارەی (هلال صابر) و كارەكانی لەبواری وەرگێڕاندا

ناوی تەواو: هلال صابر محمد لەدایك بووی: 1986/2/20 دەرچوی: كۆلێژی پەروەردە – بەشی زمانی عەرەبی

وەك مامۆستا دامەزراوە لە (ئامادەیی كوردستانی نوێ)یە لە سیدصادق. دەستی بەكاری وەرگێڕان كردووە. ئەو بوارانەی كاری وەرگێڕانی تێدا ئەنجام داوە:



یەكەم : پەرتوك

ئەو پەرتوكانەی لەزمانی عەرەبیەوە وەریگێڕاوە و بەچاپ گەیەنراون:

1– كەسایەتی كاریگەر..

2–چۆن دەبیتە سەركردەیەكی سەركەوتووی داهێنەر.... دیل كارنگی....

3- هێزی بیرکردنەوە...ابراهیم فەقیە....

4- چۆن گەشە بەبیرت دەدەیت..

5- چۆن ئامانج و ئارەزوەکانت بەدی دەهێنتیت.......

6- چۆن دەبیتە کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی.....

7- توانا هزریەکانت گەشە پێ بدە.....

8- هونەری ڕوو خوێندنەوە و دەرخستنی نهێنیەکانی دەرون..

9 – ڕوخانی مارکسیەت و تەنگژەی سەرمایەداری....

10- کتێبی ژن (ئۆشۆ)... .

11- هێزی عەقڵی شاراوە : نوسینی : دکتۆر جۆزیف مێرفی............

ئەو پەرتوکانەی وەری گێڕاون و ئێستا لەژێر چاپدان:

1- پیس بوونی ژینگە و ڕێگاکانی ڕوبەڕوو بوونەوەی...

2- کۆتایی دونیا....

3- نهێنی ژیان..بۆ منداڵان...

4- قاموسی وێنەیی منداڵان.. بۆ فێربونی وشە سەرەتاییەکانی زمانی ئینگلیزی بەعەرەبی و کوردی....

5- ڕۆمانسیات لەژیانی هاوسەریدا......

دووەم: وێب سایت و دەزگا و ناوەندەکانی هەواڵ و گۆڤارەکان: وەك (سایتی خەندان) و دەزگا و سایتی (باس نیوز) و گۆڤاری (ڕون).... ئەم چەند بابەت و توێژینەوەی بۆ ئەم ناوەند و دەزگا و گۆڤارانە وەرگێڕاوە: 1- سەرکردەکانی داهاتوی ئیسرائیل کێن؟ (توێژینەوە)..... .2- دۆسیەی ئەتۆمی ئێران لەنێوان واشنتۆن و تەل ئەبیبدا لەخولی دووەمی سەرۆکایەتی ئۆباما‌دا (توێژینەوە)... .3- ئایا گۆڕانکاریی دەکرێت لە ئەولەویاتە ستراتیژیەکانی ئیدارەی ئۆباما‌دا.... .4- ئەردۆگان و گۆلن شەڕێکی سیاسی بە دۆسیەکانی دادوەری... .5- عەلمانیەت... مێژوو و کات و شوێن و هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم بیرە.. .6- میانەڕەوی لەئیسلام دا...... لەگەڵ چەندین بابەت و سەرچاوەی زانستی بۆ قوتابیانی کۆلێژ وپەیمانگا و قوتابخانەکان...



# ئەو شەوەی کە پاریس خەڵتانی خوێن کرا...

**عادل باخەوان**

لە یاریگا جوانەکەی ناوچەی پاریسدا، لە شاری سانت دونی، کە لەبەر دەرگای پاریسدایە، یاری نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا تەنیا پازدە خولەکی بەسەردا تێپەڕیبوو. ئەو 80 هەزار بلیتەی کە بۆ ئەم یارییە تەرخان کرابوون، بە خێرایی فرۆشرابوون و تەنانەت یەك جێگاش بە خاڵی نەمابووەوە. یارییەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن کەناڵی یەکی فەرەنساوە دەگوێزاریەوە.

فرانسوا هۆلاندی سەرکۆمار و بێرنار کازنۆڤ وەزیری ناوخۆش پێکەوە هاتبوون بۆ سەیرکردنی یارییەکە و هاندانی هەڵبژاردەی فەرەنسا. دوور لە جەنجاڵیەکانی سیاسەت و دڵداری و ململانێی نێوان ژنەکانی سەرۆك، هۆلاند بەتەما بوو کاتێکی خۆش لەگەڵ یاریەکەدا بەسەر بەرێت.

لەبەر دەرگا جیاوازەکانی یاریگادا، چەندین پۆلیس باری ئاسایش دەپارێزن و هەموو ئامادەکارییەك بۆ پاراستنی گیانی جەماوەر و یاریزانەکان و سەرۆك کراوە، بەتایبەتی لە 7ی ژەنیوەری ئەمساڵەوە، کاتێك کە تیرۆریستەکان پاریسیان کرد بە گۆمی خوێن.

لە گەرمەی هاواری جەماوەر و هەڵچوونەکانی سەرۆك و مەستبوون لەبەردەم یارییە جوانەکەی هەڵبژاردەی فەرەنسادا و لە سەعات 9:20 خولەکدا، تەقینەوەی یەکەم لە دەرەوەی یارگاکە ڕوو دەدات و پاشان تەقینەوەی دووهەمی بەدوادا دێت. لەناوەوەی یاریگاکەدا کەس هەست بە کارەسات ناکات، بەڵام لەدەرەوە دێڕی یەکەمی تراژیدیاکە دەنووسرێتەوە و ئەوانەی لەبەر دەرگان تووشی شۆك دەبن. پیاوێك بەدەم گریانەوە هاوار دەکات: اهەی بێ..ب ! لاشەی چوار کەس

لەبەردەمیدا کەوتووە تو نازانێت سیان لەو چوارە کەس نین خودی تیرۆریستەکان نەبێت کە خۆیان تەقاندووەتەوە!

لە کابینە گەورە و جوانەکانی یارگاکەدا کە لە سەری سەرەوەدان و سەرۆك و وەزیری ناوخۆ لەوێن، بەپەلە سەرۆکی دەزگای پۆلیس دێت و بێرنار کازنۆف و هۆلاند ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێت: لەدەرەوە کارەساتێك ڕووی داوە و دەبێ هەر ئێستا سەرۆك بۆ جێگایەکی ئارام بگوێزینەوە. لە ماوەی چەند خولەکێکدا، سەرۆك و وەزیر دەگەیەنرێنە ئۆتۆمۆبیلەکانی سەرۆکایەتی و بەرەو کۆشکی ئەلیزێ بەڕێ دەکەون. ئەوەی کە لێی دەترسن، پرسی فێڵکردنی تیرۆریستەکانە، واتە تەقینەوەکانی یارگاکە تەنیا بۆ ئەوە بووبێتن کە سەرۆك یاریگاکە بەجێ بێڵێت، بۆ ئەوەی لەدەرەوە پەلاماری بدەن. لێرەوە تا کۆشکی ئەلیزێ، هەلیکۆپتەرێکی جەنگی هاوڕێیەتیی ئۆتۆمۆبیلەکانی سەرۆك دەکات و پاریس تارمایی جەنگی لێ دەنیشێت. بۆ ئەوەی فەوزایەکی گەورە دروست نەبێت و دۆخەکە لە کۆنترۆڵدا بێت، دەزگا بەرپرسەکان بڕیار دەدەن کە یارییەکە بەردەوام بێت، گەر نا کۆنترۆڵکردنی هەشتا هەزار کەس زۆر زەحمەتە. بەتایبەتی لەکاتێکدا کە هەواڵ دەبیسن کە چەند هێرشێکی دیکە لەنێو جەرگەی پاریسدا بەڕێوەیە و سەدان کەس وەك بارمتە گیراون و تیرۆریستەکان لە چەندین قوڵەوە پەلاماری پاریسیان داوە، بەتایبەتی پاریسی دەهەم و یازدەهەم.

ئەم دوو گەڕەکەی پاریس، دوو شوێنی هەرە جوانی ناوشارن، لەنێوان سەعات 9 تا 12ی شەودا، پاریسیەکان دێنە دەرەوە و لە قاوەخانەکاندا دادەنیشن و لە جوانیی شار و گەشتیاران ورد دەبنەوە و پێکەوە گفتوگۆ دەکەن. لە گەرمەی نانخواردن و قاوەخواردنەوەدا، دوو تیرۆریستی پڕچەك دەگەن و گوللەبارانیان دەکەن. لاشەی گەنج، ژن، پیاو، منداڵ، گەورە، فەرەنسی، بێگانە، مەسیحی، موسوڵمان دەکەون بەسەر یەکدا و پێکەوە خەڵتانی خوێن دەکرێن. لەناکاودا، بێدەنگییەکی ترسناك ناوچەکە دادەپۆشێت، دوو تیرۆریستەکە بەرەو کۆڵانەکەی سەر دەڕۆن و لە پاش خۆیان قەسابخانەیەك بەجێ دەهێڵن. ژنێکی چاوشینی قژزەرد، سەرنووسەری گۆفارێکی فەرەنسی کە مەوعیدی نانخواردنی لە یەکێك چێشتخانەکانی گەڕەکدا هەبوو، کاتێك دەگات دەڵێت: هیچ جوڵەیەك نەبوو، ئەوانەی لەوێ بوون یان مردبوون، یان ڕاکشابوون و نەدەجوڵان، نەوەك دەسرێژیان لێ بکرێت، خوای من... چ دیمەنێکی تراژیدی بوو!

لە قوڵێکی دیکەوە، تیرۆریستەکان پەلاماری هۆڵێکی گەورەی کۆنسێرت دەدەن، هەر لەگەڵ چوونەژوورەوەدا، دەستڕێژ دەست پێدەکات، نە یەك نە دوو نە سیان، لاشە لەدوای لاشەی

مرۆڤی بێ گوناه دەکەوێت. لە کۆتاییشدا تیرۆریستەکان خۆیان دەتەقێننەوە و چەندین کەسی دیکە لەگەڵ خۆیاندا دەکوژن و پێش کوشتنیان هاوار دەکەن: ئەوەی ئێوە لە سووریادا دەیکەن، ئێمەش لێرە دەیکەین.

کۆی هێرشەکان: 6 کۆی کوژراوەکان تا ئێستا: 128. کۆی برینداره‌کان : 200.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بپرسین: بۆچی فەرەنسا؟ ئەو هۆکارانە چین کە لەپشت ئەم هێرشانەوەن؟ لە چ چوارچێوەیەکدا ئەم هێرشانە شرۆڤە بکەین؟ چۆن لەم داتایانە تێ بگەین؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و بە شێوەیەکی خێرا من 7 ئاستی سەرەکی دەستنیشان دەکەم و پێموایە هەر یەکێك لەم ئاستانە دەکرێت ببن بە بابەتی گۆشەیەکی تایبەتی.

ئاستی یەکەم: ئامادەیی سەربازیی فەرەنسا لە چەندین وڵاتی جیهاندا. لە ڕووی سەربازییەوە، فەرەنسا یەکەم هێزی ئەوروپایە و لە چەندین وڵاتی جیهاندا، هەر لە ئەفریقای ڕەشەوە تا دەگاتە سووریا و عێراق و بە میسری ماریشاڵ سیسیشەوە، سوپای فەرەنسی ئامادەیی هەیە و بە چەندین فۆرمی جیاوازەوە دێتە پێشەوە و دەست وەردەداتە دۆخ و هەلومەرجە لۆکالییەکان. ئەمەش وا دەکات کە فەرەنسا وەك دوژمنی چەندین هێزی نەیار دەربکەوێت و بکرێت بە نیشانەیەکی گەورە بۆ پێکان.

ئاستی دووەم: ئامادەیی بەهێزی گەورەترین ڕەوەندی موسوڵمان لە فەرەنسادا. لە کۆی ئەو 26 ملیۆن موسوڵمانەی کە لە ئەوروپادا هەن، بەتەنیا فەرەنسا زیاتر لە 6 ملیۆنی بەردەکەوێت. ئەوانەی کە لە 7 ی ژەنیوەری و 13ی نۆڤەمبەردا پەلاماری پاریسیان دا، خۆیان وەك نوێنەری ئیسلام و موسڵمانان دەخەنە سەر شانۆکان. بەڵام لەڕاستیدا ئەوان هیچ نین تەنیا نوێنەری چاپێك لە چاپەکانی ئیسلام نەبێت کە لەلایەن هەموو چاپەکانی دیکەی ئیسلامەوە ڕەت دەکرێتەوە و دژایەتی دەکرێت.

ئاستی سێهەم: مێژووی سیاسیی فەرەنسا بە وڵاتانی ئەفریقای باکوورەوە. زیاتر لە سەدەیەك فەرەنسای کۆلۆنیال، جەزائیری داگیر کردبوو، تونس و مەغریب لەنێوان هەمان پرۆسێسدا بوون. لەنێو ئەم مێژووەدا، چەندین نەوەی جیاواز و چەندین خوێندنەوەی جیاواز دروست بوون. یەکێك لەو نەوە و خوێندنەوانە بریتییە لە نەوەی حیقد و تۆڵەسەندنەوەی ڕابوردوو لە فەرەنسای ئێستا.

ئاستی چوارەم: بەرەڵاکردنی نەوەیەکی کۆمەڵایەتیی مەحروم لەنێو کۆڵانەکانی مۆدێرنیتێدا. لە فەرەنسای سەدەی دوو هەزاردا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مەودای نێوان خواری خوارەوەی کۆمەڵگا و سەری سەرەوەی کۆمەڵگا فراوان و گەورە دەبێت، بە ڕادەیەك کە لە ناوچەی پاریسدا، هەزاران

هەزار گەنجی تازەپێگەشتوو، هەست بە حیرمان، پەراوێزخستن، دوورخستنەوە و تەماشانەکردنیان وەك بەشەر دەکەن. بەشێکی زۆر لەمانە پەنا بۆ مادە بێهۆشکەران و بەشێك بۆ وەرزش و بەشێکی دیکەیان بۆ ڕادیکالیزم دەبەن.

ئاستی پێنجەم: ترسی جمهوریەتی فەرەنسا لە تەشەنەکردنی ئیسلامۆفۆبیا. ئەم ترسە وای لە جمهوریەت کردووە کە زۆر بە حەزەرەوە لەگەڵ پرسی تیرۆریزمدا مامەڵە بکات. فەرەنسا نایەوێت هەستی ئیسلامۆفۆبیا لە کۆمەڵگای فەرەنسیدا قوڵ بکاتەوە، بەپێچەوانەوە هەموو ڕێگاکان دەگرێتە بەر بۆ سنووردارکردنی، بەتایبەتی ئەو حکوومەتە چەپەی کە ئێستا لە دەسەڵاتدایە. ئەمەش وای کردووە کە مامەڵەکردنی واقیعیانە لەگەڵ تیرۆریستەکاندا ڕووبەڕووی چەندین گرفت ببێتەوە.

ئاستی شەشەم: یەکلایی نەکردنەوەی قەیرانە تراژیدیەکانی دنیای ئیسلام، بەتایبەتی سووریا و فەلەستین و یەمەن و لیبیا و عێراق. چەند ئەم قەیرانانە درێژە بکێشن و فراوان بن، هێندەش وڵاتانی ئەورووپا بەگشتی و فەرەنسا بەتایبەتی، وەك یەکەم هێزی سەربازیی ئەورووپی، دەبن بە ئامانجی پەلاماردن، چونکە لە خەیاڵدانی هەزاران ئەکتەردا وێنەی بەرپرسیاریان بۆ دەکێشرێت.

ئاستی حەوتەم: هەژموونی ئایدۆلۆژیای سەلەفیزمی جیهادی بەسەر کێڵگەی ئیسلامیزمدا. چەند تەوژمە عەقڵانی و کراوە و میانەڕەوەکانی نێو کێڵگەی ئیسلامیزم کاڵ ببنەوە، هێندەش هەژموونی سەلەفیزمی جیهادی تۆخ دەبێتەوە، چەند ئەوان لە پاشەکشەدابن، هێندەش ئەم ئایدۆلۆژیایە بەرز دەبێتەوە. ئێستا لەسەر ئاستی جیهان، ئایدۆلۆژیای سەلەفیزمی جیهادی هەژموونی خۆی بەسەر ئەو سیستەمەدا دەسەپێنێت کە کێڵگەی ئیسلامیزم بەڕێوە دەبات. ئەم ئایدۆلۆژیایەش، کە لە چەندین جێگای دیکەدا شرۆڤەمان کردووە، دنیا بەسەر وەلائ و بەرائدا، بەسەر کوفر و ئیماندا، بەسەر داری ئیسلام و داری حەربدا دابەش دەکات. لێرەوە ئەم ئایدۆلۆژیایە خۆی وەردەگێڕێتە سەر جەنگێکی کراوەی خوێناوی تا لەناوچوونی سەرتاسەری یان سەرکەوتنی سەرتاسەری.

ئەم حەوت ئاستە ئەو چوارچێوە چەمکگەراییەن کە ئێمە بۆ خوێندنەوەی ئەم پەلاماردانە تیرۆریستییانە پێشیاریان دەکەین و بەدڵنیاییەوە لە داهاتوودا دەگەڕێینەوە سەریان.



# بومەلەرزەی ئیسلامی و ئەوروپا

عومەر عەلی غەفوور

گۆڕانە گەورەکان و وەرچەرخانە مێژووییەکان، چ بە باری باشەدا بێ یان خراپە، تەنیا بە قسەی تیۆری و زمانی وەعز و ئیرشاد و نووسینی ناو کتێب روونادەن، بەڵکو پێویستیان بە بومەلەرزەیەك هەیە خاکی ژێر پێ بهەژێنێ، کە تاك و کۆمەڵگە و دەسەڵات لە غەفڵەتی دەقگرتن بە تەرزێکی تایبەتی بیرکردنەوە و سیاسەت و بەڕێوەبردن و مامەڵە بەهۆش بێنێتەوە و دەست بە سەرەتایەکی نوێ بکەن.

هەر کۆمەڵگەیەك کۆمەڵێ بەهای باڵای خۆی هەیە کە بە ئاسانی پەیدای نەکردوون و بەئاسانیش ناتوانێ دەستبەرداریان ببێ و نادیدەیان بگرێ، بەڵام لە هەندێ هەلومەرجدا دەکرێ پابەندبوون بەو بەهایانە ببێتە مایەی مەترسی و هەڕەشە بۆ خودی بەهاکان و ئەو ئەزموونە یاسایی و شارستانیەی لەسەریان بیناکراوە.

بەهای باڵا لای رۆژئاوا، لانیکەم لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتانیان، دیموکراسی و مافی مرۆڤ و رێزگرتنی ئازادییە بنچینەییەکانە، لێرەوەیە بەبێ سڵەمینەوە و جیاکاری، مافی مانەوە و نیشتەجێبوون و پاشتریش رەگەزنامەی بەتەواوی مافەکانی هاووڵاتیبوونەوە بە ملیۆنان کەس لە وڵاتانی دیکەی دنیا، بە دنیای عەرەبی و ئیسلامییشەوە، بەخشیوە، کە لە سایەی ئەو سیستەمەدا ئازادانە دەژین و پەیڕەوی لە رێوڕەسمی ئاینیی خۆیان دەکەن و کۆڕ و کۆبوونەوە و بانگەشەش دەکەن.

رەخساندنی ئەم دەرفەتە چاکەیەکی گەورەیە کە چ بە دین چ بە ئەقڵ و عورفی ئینسانی، هی ئەوەیە ئەو خەڵکە داڵدەدراوە خۆیان بە منەتباری بزانن و بینرخێنن، بگرە ببێتە بزوێنەری گۆڕانکارییەکی گەورە لە هزر و هۆشیاندا بەئاراستەی قبوڵکردن یان لانیکەم رێزگرتنی ئەو فەلسەفە ئینسانیەی ئەو سیستەمە جوانەی بەرهەم هێناوە. بێمنەتی لەئاست ئەو چاکەیە و بێنرخکردنی، یان لەوە خراپتر دژایەتیکردن و هەوڵدان بۆ بنکۆڵکردنی لەرێی جۆشدانی ئایدیۆلۆژیانەی خەڵك لەدژی ئەو سیستەمە، نیشانەی شێوان و شۆرانەوەی ویژدان و مێشك و لەدەستدانی پێوەرە بەڵگەنەویستەکانی مرۆڤایەتییە، لەوانەش وەڵامدانەوەی چاکە بە چاکە، نەك

بە خراپە، ئەوە ڕێك پێچەوانەی پرنسیپە قورئانیەكەیە كە دەڵێ: (ئایا پاداشتی چاكە چاكە نییە؟!) (هل جزاو الاحسان الا الاحسان– الرحمن:60).

لەوە تێدەگەم وڵاتانی خۆرئاوا لە ڕوانگەی پرنسیپ و یاساكانی خۆیانەوە دەرگا بۆ كەسایەتی و سەركردە و بانگخوازە ئیسلامییەكان –بە نەرم و توندیانەوە– دەكەنەوە و داڵدەیان دەدەن، بەڵام لەوە تێناگەم كە چۆن چۆنی وا بەبێ هیچ سڵەمینەوە و كۆت و بەندێك ڕێگەیان پێدەدەن بانگەشە بۆ ئایدیۆلۆژیا توندڕەوەكانیان بكەن، كە سیكولاریزم و لیبرالیزم و دیموكراسی و كۆی سیستمی فەرمانڕەوایی ڕۆژئاوا بە هەرتەقە و دوژمنی سەرسەختی ئیسلام و موسڵمانان پیشان دەدەن و ئامانجی ستراتیژییان لە ڕەگەوە هەڵتەكاندنی ئەو سیستمانەیە!

چۆن داڵدەی كەسانێكی ئایدیۆلۆژیی توندڕەو دەدرێ كە بەسوودوەرگرتن لە پارەی مشەی سەرمایەدارە ڕەسمی و ناڕەسمیەكانی كەنداو، ڕۆڵەكانی ڕەوەندی موسوڵمان لە ڕۆژئاوا لەسەر ئایدیۆلۆژیای ڕق لە خۆرئاوا و دیموكراسی گۆش بكەن و بیانكەنە بۆمبێكی تەوقیتكراو و جەنگاوەرێكی ئامادە بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو كۆمەڵگەیە و تۆقاندن و تەفروتوناكردنی؟! نەك هەر ڕەوەندە موسڵمانەكە، بگرە سەدان و ڕەنگە هەزاران كەس كە لەبەر نالەباریی هەلومەرجی ڕۆحی و ڕەنگە ئابووریی وڵاتەكانیان یان هەر هۆیەكی دیكە دەبنە موسوڵمان، هەر لە سەرەتای ئەزموونەكەیاندا بە كولتووری ڕق و توندڕەوی و زەبر و زەنگ پەروەردەیان دەكەن.

من پێم خۆشە ژمارەی موسوڵمان لە خۆرئاوا زۆر بێ، بەڵام بەو مەرجەی بە ئاین موسوڵمان و بەئەقڵ و هۆش ئەوروپی بن، واتە ببنە ئەزموونی ئیسلامێكی ئەوروپی –بەمانا مەعریفی و ئینسانیەكەی نەك بەمانا جوگرافیەكەی– لەبەرامبەر ئیسلامی سعودی و پاكستانی و ئەفغانستانی و یەمەنی و ئێرانی كە ئێمە لێرەوە چاویان لێبكەین، هەروەك شانازی دەكەم بەوەی ئاینەكەم ببێتە جێسەرنجی گەنجانی ئەوروپی و ئەمەریكی و موسڵمان بن، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە، ڕابەرانی ئیسلامی لە ئەوروپا ئەقڵیەتی شەڕەنگێز و دواكەوتووی ئێرە بۆ ئەوێ بگوازنەوە و لە ناوجەرگەی سوید و نەرویج و فەرەنسادا گەڕەك و شار و ویلایەتێكی هاوشێوەی ئیمارەتەكەی مەلا محەممەد عومەری ئەفغاستان بەرهەم بێنن و ئەقڵی لاوانی ئەوێ لە فەلسەفە مرۆڤدۆستانەكەی بشۆرنەوە و ئەقڵیەتێكی سەلەفیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا بچێنن و بیانكەنە سەلەفییەكی توندڕەو، ئەوا بەندە نە ئەوەم پێ خۆشە و نە شانازیشی پێوە دەكەم، بگرە ئەوە مەترسییەكی گەورەیە بۆ ئایندەی ئەوروپا و مرۆڤایەتی.

خۆرئاوا بە پاڵنەری لەخۆڕازیبوونێکی زیاد لە حەد بێ یان مرۆڤدۆستییەکی زیاد لەحەد کە هەردووکیان هەڵەن، هەڵەیەکی گەورەی کرد جادەی بۆ چالاکیی ئەو دەستە و تاقمانە تەخت کرد، بەشێوەیەك بوێرانە لە ناوجەرگەی ئەورووپادا نەفرەت لە خۆرائاوا و بەهاکانی بکەن و داوای پیادەکردنی سیستمە عەقائیدیەکەی خۆیان بکەن، بگرە بگاتە ئەوەی بە ڕۆژی نیوەڕۆ دەست لە پۆلیس و ڕۆژنامەنووسان و دواتریش –وەك لە 2015/11/13 لە زنجیرە تەقینەوە خۆکوژییەکەی پاریسدا ڕوویدا– لە خەڵکی مەدەنی و بێگوناهی ئەوێ بکەنەوە و شیرازەی ئارامی و سەقامگیریی بێوێنەی وڵاتانی تێکبدەن.

دەمێك بوو دەمگوت ڕۆژێ دێ ئەو ساویلکەییەی دەسەڵاتدارانی خۆرئاوا سەری سیستمەکەیان دەخوات و بەدەست ئەو توندڕەوانەوە کە خۆیان قەڵەویان دەکەن، گیر دەخۆن و ریسی چەندساڵەیان دەبێتەوە بە خوری. سەرئەنجام وا سەرەتاکانی ئەو دۆخە نالەبارە دەردەکەون. زنجیرە هێرشەکانی داعش لە پاریس بوو بەو بومەلەرزەیەی دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوای بەگشتی و ئەورووپی بەتایبەتی ڕاچڵەکاند و وا ئیتر تێدەگەن سیستم و یاساکانی ئەوان لەلایەن دوژمنانیانەوە لەدژی خۆیان ئیستیغلال کراون، هەربۆیە سەرقاڵی پێداچوونەوەی ریشەیین بەکۆی سیستمەکەدا بەئاراستەی سنووردارکردنی ئازادییەکان تا بەر بەو شەپۆلە بگرن.

سەرۆکی فەرەنسا فرانسوا هۆلاند لە وتارێکیدا لەبەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەی لە 16ی ئەم مانگە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەسەر خاکی فەرەنسا کەسانی توندڕەو دەژین و ئاشکرای کرد کە پێداچوونەوە بە دەستووری وڵاتدا دەکرێ تا بتوانن بەخێرایی بجوڵێن و ئەوانەی هەڕەشە لە ئاسایشی وڵات دەکەن دەربکرێن و ڕەگەزنامەیان لێ بسەنرێتەوە با لە فەرەنسایش لەدایك بووبن، هەروەها داوای لە پەرلەمان کرد یاسایەك بۆ درێژکردنەوەی باری نائاسایی بۆ سێ مانگ پەسەند بکا.

وەزیری ناوخۆی فەرەنسایش بێرنار کازینۆف ئاشکرای کرد لە سەرەتای 2015ەوە شەش کەس ڕەگەزنامەیان لێ سەنراوەتەوە و 34 کەسیش دوور خراونەتەوە کە پەیوەندییان بە گرووپە جیهادییەکانەوە هەبووە و برەویان بە کولتووری ڕق و کینە داوە. هاوکات لیستێك بەناوی ئەو مزگەوت و خەتیبانە ئامادەکراوە کە تۆمەتبارن بە بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوی بەمەبەستی داخستن و قەدەغەکردنیان، ئەمە لەکاتێکدا فشارە جەماوەرییەکان بۆ وەرنەگرتنی پەنابەران زیادیان کردووە، چونکە گومان دەکرێ یەکێك لە ئەنجامدەرانی تەقینەوەکانی پاریس لاوێکی سووری بێ کە لە ریزی پەنابەراندا لە یۆنانەوە پەڕیوەتەوە بۆ فەرەنسا. لە ئەمەریکایش حاکمی

ژمارەیەك ویلایەت ڕایانگەیاند کە ئامادە نین لە ویلایەتەکانیاندا پێشوازی لە پەنابەرانی سووری بکەن. تەنانەت کۆل ڕاین سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا پێشنیاری کردووە بەشێوەیەکی کاتی وەرگرتنی پەنابەر ڕابگیرێ.

ڕۆژئاوا دەبوو بەرلەوەی کورد گوتەنی برینەکە بگاتە سەر ئێسقان، پلانی بۆ جڵەوکردنی توندڕەوان دابنایە تا ڕۆژی بەم ڕۆژە نەگا، بەوە قەبارەی قوربانییەکان کەم دەکرایەوە و ڕەنگە زۆر لەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی ئێستا ڕوودەدەن، ڕوویان نەدایە. ئەوکات دەکرا بەبێ ڕاگەیاندنی باری نائاسایی و بەسەربازگەکردنی کۆمەڵگەیش —وەك کە ئێستا ڕوودەدا— ئەو کارەیان بکردایە، بەڵام هەرچۆن بێ ئەمڕۆیش دەست بەوە بکەن لە سبەی باشترە، چونکە دەشێ سبەی ئیتر جڵەوەکە بەتەواوی لەدەست دەربچێ.

بەدڵنیاییەوە ئەم پەرەسەندنانە لە بەرژەوەندیی ڕەوەندی موسوڵمانی ڕۆژئاوانشین نییە نە لەسەر ئاستی ڕەسمی و نە لەسەر ئاستی میللی، چونکە لەسەر هەردوو ئاستەکە دەکەونە ژێر پاڵەپەستۆ و ماف و ئازادیەکانیان لەقاڵب دەدرێ، ئەوە دیسان پیشانی دەدا موسوڵمانان، کە تائێستایش بەشی هەرەزۆریان چ لە ڕۆژئاوا و چ لێرە بێوەی و بێزیانن و ژیانی ئاسایی خۆیان دەژین، قوربانیی یەکەمی توندڕەویی ئیسلامین کە بەخەیاڵی خۆیان پرۆژەکەیان بۆ خزمەتی ئیسلام و موسوڵمانانە.

# ئیبلاس و جەنگاوەرانی لەڕۆمانێکی کوردیدا

خوێندنەوەی : وریا باقر

( حزب گەورەی هەموومانەو ئێمەش بچووك و هیچ شتێکیش نییە، بەردەم حزووریی گەورەیی ئەومان پێ چۆڵ بکات، هەتا هەبین دەستەو نەزەر لەئاست حزبدا هەر بچووکین و بچووکین و بچووك.. هەر بژی ژیناو هەموو ئەو مێینانەی لەپێناو داکۆکی لەشەرەفی هەموومان گیانی خۆیان بەختکرد...)لاپەڕە-133-ی رۆمانی" وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان"




بۆ ئەوەی جەنگاوەرانی "ئیبلاس" یان" ئیبلیس" لەدوو توێی ئەدەبیاتی کوردیدا بناسینەوە یان بدۆزینەوە، ئەوە بێگومان پێویستیمان بەخوێندنەوەی یەکێك لەنموونە دیارەکانی ئەم ئەدەبیاتەمانە، ئەویش ڕۆمانی (وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان ) ی (یوسف عزەدین )ە.

تاوەکو ئێمەی مرۆڤ پارێزراو بین لەخراپەی ئیبلیس و ئەبالیسەکان، دەبێت سەرەتا جەنگاوەرەکانیان بناسینەوەو لەماهییەتی کارکردن و هەڵسووڕانیان تێبگەین و پاشان هەوڵی خۆ قوتارکردن بدەین لەشەڕی جەنگاوەر و خزمەتکار و دەست و پێوەندەکانی، کەکۆمەڵێکی زۆرو

زەوەندەن لەشێوە وفۆرم و دەمامكی جیاوازدا بەدرێژایی مێژووی بەشەرییەت خۆیان مانفێست كردووە !

"یوسف عزەدین" ی رۆماننووس لەڕێگەی ڕۆمانێكی فانتازیی مێژوویی"میتا واقیعی" بەتێكشكاندنی هەردوو ڕەگەزی (شوێن و كات) دەست پێدەكات و هەر لەدەسپێكەوە پێمان دەڵێت مرۆڤ لەگەڵ چ (كۆمەڵە ڕەفتار و خوویەكی خراپ)دا كەوتۆتە ململانێ و كێشەوە، دەبینین هەموو ئەو ڕەفتار و هەڵسووكەوتانەی ئەو جەنگاوەرانە بەكاری دەهێنن، بۆتە مایەی كارەسات بۆخۆیان و سەرتاپای كۆمەڵگە و چواردەوریان.

خوێندنەوەی من بۆ ئەم ڕۆمانە جودایە لەهەموو خوێندنەوەكانی تری "تێكۆشەر خالید و داستان بەرزان و ڕابەر فاریق و كۆشان عەلی "و ئەوانی تر كە بۆ ڕۆمانەكەیان كردووە، ئەوان زیاتر ویستویانە لایەنە ئەدەبی و فانتازی و ئیستاتیكاییەكەی تاوتووێ بكەن و بەندەش مەبەستیەتی كەمێك لەلایەنە رۆحی و ئیمانییەكەی ڕۆمانەكە، لەقوولاییەوە بهێنێتە دەر و بەیانی بكات.. بۆیە دەڵێم گرنگی ئەم ڕۆمانە لەوەدایە كەئاگادارمان دەكاتەوە لەسەرجەم جەنگاوەرانی ئیبلیس و ڕەفتار و كردارە خراپەكانیان و ڕاماندەكێشێتە ناو جەنگێكەوە كەمرۆڤ پێویستە لەم ژیانە فانییەدا وریابێت بەرامبەریان .

سەرەتای ڕۆمانی"وێڵگەی یادەوەرییە گریمانكراوەكان" بەكەسی دووەم دەست پێدەكات ، نەك كەسی یەكەم بۆئەوەی لای خوێنەر ئەوپرسیارە دروست بكات ئەی كەسی یەكەم چكارەیە، بۆ بەكەسی یەكەم دەست پێناكات لەپێشدا؟

وەك لەڕۆمانەكاندا هاتووە (من "فەرهاد تانجووری دووەم" ، گەرچی لەمنداڵییەوە هەوڵمداوە بە"فەرهاد تانجووری یەكەم " بناسرێم ) ل7

كەواتە سەرەتای ڕۆمانەكە خۆی گرفت و كێشەیە بۆ كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانەكە، لەڕاستیشدا كێشەی گشت مرۆڤایەتی هەر ئەوەیە كەهەموو مرۆڤێك لەناخی خۆیدا دوو لەتە یان دوو كەسایەتی و دوو بەشە (خووی باش ، خووی خراپ ).. یان ئەوەی كە (عەلی وەردی) كۆمەڵناسی ناسراوی عێراقی پێی وایە مرۆڤ (ئیزدیواجییە)و بەمەش لەڕووكەش و ناخیدا جیایە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە كەئەم خووانەی مرۆڤ "باش و خراپ" هەریەكەیان بۆخۆیان داوای سەركەوتن دەكەن و مرۆڤ بۆلای خۆیان پەلكێشدەكەن.

بەبڕوای من كاراكتەری ( هەردوو فەرهاد)ەكان یەك كەسن بەڵام دابەشبوون بەسەر دوو كاراكتەری ( فەرهادی خێر و فەرهادی شەڕ)داو هەردووكیشیان جیاوازن ، بۆیە مرۆڤ هەمیشە

لەناو ناخی خۆیدا لەجەنگێکی گەورەدایە، تا ئەو کاتەی بەسەرکەوتنی هێزی چاکە یان سەرکەوتنی هێزی خراپە ململانێیەکە یەکلایی دەبێتەوە، هەرچۆن هەر دوو (شەهرام ) ەکەش یەکێکن لە ڕۆمانەکەداو ئەویش (شەهرامی سۆفی وشەهرامی ساحیر )ە.

"یوسف عزەدین" زۆر جوان توانیوویەتی گومانەکان بکاتە پرسیاری جەوهەریانەو لەخودی مرۆڤەکان خۆیان بپرسێت؟.. هەرئەوەی کەدەروونناسی بەتوانا ( سیگمۆند فرۆید) باسی دەکات ( من و منی باڵا ) لەململانێی "من"ی بەردەوام چ بەداکەوتنی بۆ نێو دنیای ویست و ئارەزووە کاتییەکان و چ بەبەرز بوونەوەی بۆ ئاستی "منی باڵا" ئەویش لە"تسامی–بڵند بوون"دا دەگاتە چڵەپۆپە.

هەر ئەمەش بۆتە هۆی کێشەو گرفت بۆمرۆڤەکان، چونکە لەپێناو خۆدەرخستندا هەرچی هەیەتی لەدەستی دەدات و هۆکارەکەشی ئەو ویستە زاتییەی هەموو کەسێکە بۆ مانەوەی لەبەرزی و شکۆمەندیدا، کەئەمەش زۆر کات لەلوت بەرزی و یستی خۆ بەزل زانینیدا بەرجەستە دەبێت.

هەر ئەمەش کەبۆتە هۆی دەرکردنی ئیبلیس لە ڕەحمەتی خودای تاك و تەنها، خۆبەزلزانین و لووت بەرزییەکەی بوو!

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەم ڕۆمانەدا بیناسێنین و قسەی جیاوازی لەسەربکەین، ناساندنی جەنگاوەرانی ئیبلیسە، کە نووسەر ڕەمزی ( سێگۆشە) ەیان بۆ بەکاردەهێنێت ، ڕەمزی سێگۆشە لەڕۆمانەکەدا تایبەتە بە (ئیبلیس و جەنگاوەرانی) وەك "فەرهاد" دەیگێڕێتەوە:

( هەڵگری هەمیشەی ئەو باجە سێگۆشەییە بوو ، چونکە هەر لەمنداڵییەوە ئەوکەسێکی بەدڕوشت و خراپ بوو)ل8.

وەك نووسەری ڕۆمانەکە باسی دەکات (بەو پێیەی سێ گۆشە چەقی نییە، کەواتە بۆی هەیە لەهەر سوچێکیدا شتێك هەبێت، لەم ڕووەوە بێکۆتابوونی خۆی لەڕێگەی سوچەکانییەوە دەپارێزێت ) دەبینین جل وبەرگی ژنەسۆزانییەکانی شەقامی " مسیۆ دۆبریێ"، جل وبەرگی ژێرەوەیان شێوە سێگۆشەیە. سێگۆشە ڕەمزی ڕێکخراوی ماسۆنییەتەو کە هێمایە بۆ پووچکردنەوەی واتا ئیمانییەکانی ژیان و زیاتر ئیش بۆ ئەوە دەکات کەدوا ڕۆژی ئینسانیمان هیچ ڕۆشناییەکی تێدا نەمێنێت.

بەرامبەر بەوەش (بازنە) دەکاتە ڕەمز بۆ ئیمانداران کەهەموویان بەدەوری چەقێکدا دەسوڕێنەوە.. لای "یوسف عزەدین" (خولانەوە بەدەوری چەقێکدا پیرۆزە )ل46 ، هەر بەوێنەی تەوافی

حاجیانی ماڵی خودای تاك و تەنها بەدەوری کەعبەدا. جیاوازی سێگۆشەو بازنەش لەوەدایە (سێگۆشە دەتوانرێت گۆشەکانی درێژ بکرێتەوە کەڕەمزە بۆ گوناه وتاوان بەشێوەی ستونی ) بەلاَم ( بازنە بەشێوەی ئاسۆیی فراوان دەبێت و هێمن ترە و ئاسوودەیی دەبەخشێت، هەروەك ئەو ئاسوودەییەی لەتەوافی کەعبەدا ئیمانداران هەستی پێدەکەن).

لەوەدەچێت خولقاندنی هەموو ئەو دونیا سەرسامکەرەی ناو ئەم ڕۆمانەی"یوسف عزەدین" ئیمانێکی قووڵی لەپشتەوە ڕاوەستابێت، کەڕەنگە خوێنەری ئاسایی زۆر هەستی پێنەکات.

بەلاَم حەقیقەتی دەربڕینی ڕۆمانەکە لەوەدایە کەلەڕێگەی گومانەکانییەوە هەوڵی باسکردنی نەگریسی و ناشرینییەکانی شار و خەڵکەکانی دەدات، وەك نموونەیەکی هەموو شارەکانی دنیا و وا لەخوێنەر دەکات بگەڕێتەوە بۆ ناو بازنەکانی ناسینی جوانییەکانی ئیمان و خوداناسی.

ئەم ڕۆمانە هەوڵێکە بۆ ناساندنی دنیای تێکچڕژاوی پاڵەوانەکانی شار و مەدەنییەت و وێناندنی جموجۆڵی ئەوان لەنێوان مەعسییەت و گوناهدا.

بەکارهێنانی کۆمەڵێك دەستەواژەی ئاینی لەنێوان ڕۆمانەکەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت، وەك :(حەج ، بوراق، زولقەرنەین ، حەلاج ، قورئان، سۆفی ، پیرمەنسوور ) و بەتەسەووری منیش ڕەنگە لەپشت ئەم دێڕانەوە ئیمانێکی خەفی خۆی حەشار دابێت، ئەوەتا "فەرهاد تانجووری دووەم" باسی وێنە کێشانی باوکی دەکات:

(کەوێنەی بوراقەکانیشی ناموسڵمانی دەکردە موسڵمان ).ل10

نووسەر لەیەکەم گێڕانەوەی-دا دەمانخاتەوە یادەوەری ( حەللاج ) کەچۆن جەنگاوەرانی ئیبلیس فەتوای کوشتنی بۆ دەردەکەن و چوار پەلی دەبڕنەوە ، جێی پرسیارە بڵێین تۆ بڵێی ئەو هێز و دەسەلاَتەی ئەو کارەی کردووە بەرامبەر بە سۆفی و عارفێکی خوداناسی وەك(حەللاج) خۆی بەهێزی خێر بزانێت؟

کاتێك "شەهرامی بازرگان" داوای تابلۆی ئیبلیس لە"فەرهاد" دەکات و پێی دەڵێت بەهەرنرخێك بێت دەی کڕین! "فەرهاد" نازانێت چی بۆدروست بکات، مەجبوور وێنەی یەکێك لە"جەنگاوەرانی ئیبلیس " وێنادەکات، ئەویش وێنەی "شیڤا" ی خواوەندی کۆنە شارەکەی باوانی بووە.

ئەوەی شایەنی باسکردنە نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا "ئیبلیس" بە"ئیبلاس" ناو دەبات و لەوە دەچێت ویستبێتی ڕاستەوخۆ ناوی کارەکتەرە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە دەرنەخات و خوێنەر بەرەو گەڕان بەشوێن واتاو دەلالەتەکاندا ڕابکێشێت، یان ڕەنگە ماناو دەلالەتی تر لەخۆ بگرێت،

بەتایبەت بەگۆڕینی ئاین و شوێنەکان گۆڕان بەسەر ناوی "ئیبلیس"دا دێت، وەك عەزازیل و ئەهریمەن و شەیتان و مەلەك تاووس و...تاد.

لەڕۆمانەکەدا یەکێك لەجەنگاوەرانی ئیبلیس خودی کەسایەتی کاریگەر و ناسراو "مسیۆ دۆبریٚ" یە کە(شەیتان دەچێتەجەستەی کەسێکەوە بەناوی مسیۆ دۆبریٚ)ەوە"( ئەو پیاوە وەك سیحربازێك سەرنجی هەمووخەڵکی ئەم شارە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت )ل26

پاشان شەقامێکی بەناوەوە دەکەن کەشەقامەکە دەبێتە شوێنێك بۆ فەساد و خراپەکاری کەپڕە لە ( بارِ و مەلهاو نادی شەوانەو شوێنی سۆزانی و هەڵپەڕکێی شەوانەو جل وبەرگی ژنانەی شێوە سێگۆشە )، ئەو وەسفەی بۆ ئەو شەقامەکراوە لەڕۆمانەکەدا هەمان ئەو جۆرە شوێنانەیە کەلەشارەکانی دنیادا گەڕەك و شەقامی بۆ تەرخان دەکرێت.

لەسەر زاری قەشە ( ئوگستین)ەوە کە بەزمانێکی توندو توڕەوە لەکتێبە بە ناوبانگەکەیدا دەڵێت : (ئەوانەی کەگوێم لێ دەگرن ، ئەگەردەتانەوێت مەسیح پاش هەڵسانەوەی بە نێو شارەکەتاندا گوزەربکات دەبێت ئەم شەقامە بسوتێنن).ل 27

یەکێکی تر لەجەنگاوەرانی ئیبلیس، ئەو "شەهرام " ناوە بوو کەخۆی پەیکەرتاش بوو، پەیکەری بۆچەند کەسێکی خراپ دروستکردبوو، ڕەمزی خراپەکاری بوون، وەك ئەو پەیکەرەی کە بەناوی "شەهرام"ەوە بەریتانیا بۆ"مێجەرسۆنی" دروست دەکەن کەڕەمزی نێربازی بووە لەشارەکەدا.

هەروەها پەیکەری "شێخی سەنعان وبەرازەکانی" لەشارەکەدا دادەنرێت.. (شێخی سەنعان ئەوپیاوە باوەڕ دارەیە لەپێناو کچێکی فەلەدا لەئاینی خۆی هەڵگەڕایەوە ،بەڵکو ئامادەش بوو ببێتە شوانی بەراز ،....لەسەرداوای "کڵێسەی کوردزمان" ئەم پەیکەرەمان بۆ ئەوپیاوە و بەرازەکانی دروستکرد ،بەهیوای ئەوەی لەمەودوا هەمووکەس ئامادەبێت ...).ل75

کەئەمەش هێمایە بۆ گۆڕینی ئاینی لەکوردستاندا و ئێستاشی لەسەربێت بەردەوامی هەیە؟

نووسەر باس لە کارەکتەرێکی سیاسی دەکات، کەهەندێك سیفات و خەسڵەتی حەقیقی و مێژووییەو هەندێکیشی خەیاڵی و ئەدەبیی وەك (شێخی سپی)، دەشێت هەندێك سیفاتی لە"شێخ مەحمود"ی نەمر بچێت، وەك قارەمانێتی و بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیزەکان و بەڵام لەزۆر ڕووی تریشەوە زۆر جیاوازە، چونکە "شێخی سپی" کاراکتەرێکی ئەدەبی خوڵقێنراوی نێو مێژوویەکی گریمانکراوی کوردە، نووسەر قسە لەسەر ناخی "شێخی سپی" دەکات، کەبەهۆی (حەزی خۆدەرخستنەوە و بوون بەقارەمان و شۆڕش گێڕو ناوبانگ پەیداکردنەوە کەوتۆتە هەڵەی

کوشندەوە ) و دەست لەگەڵ ئینگلیزییەکان تێکەڵ دەکات و دواجار ئەوەی لەمێژووی گریمانکراوی ڕۆمانەکەدا ڕوو دەدات هەموی سیناریۆیە بۆ بەناوبانگ بوونی"شێخی سپی"..نووسەر، لەسەر زاری مێجەرسۆن وە دەڵێت:

( بەلاَم نابێت ئەوە لەیاد بکەیت ئەوەی ئێمە دەیکەین گەر بەڕاستی ژمارەیەکی زۆریش لەهەردوو لاماندا بکوژرێت ، بەلاَم لەڕاستیدا گەمەیەکەو تەنها خۆم وخۆت دەی زانین و سیناریۆی ئەوەی کە ڕووشدەدات پێشوەخت دانراوە، بۆئەوەی بتکەینە ئەفسانەو حیکایەتی ئازایەتی تۆ بلاَو دەکەینەوە )ل72

نوسەر لەم ڕووەوە لە "جەمیل سائیب" توندتر ڕەخنەکانی لە"شێخی سپی" دەگرێت، ئەگەر وایدانێین لەهەندێك ڕووەوە ڕەمزە بۆ کەسایەتی "شێخی حەقیقی" کەئەویش ڕەخنەگرتنە لەخودی هەڵە مێژوویە گریمانکراوەکانی کەسەکە. وەك لەزاری شێخ مەحمودەوە دەڵێت:

(حەشامەتەکە ئەمە دەبینن و هاوار دەکەن: شێخ شەهیدە،بەلاَم گەرچی لەڕاستیدا شەهید نابم بەلاَم وەك مەجازێك دەبمە شەهید، جێگەی داخیشمە هەموو ئەوەی کەدەوترا ڕوودەدات پێشتر زانراوە ).ل81

هەروەها نووسەر سەرهەڵگرتنی کەسایەتییەکی گەورەی زانا و خواناسی وەك "مەولانا خالیدی نەقشبەندی "ئەخاتە ئەستۆی بنەماڵەی "شێخی سپی" کەئەوان خاوەن تەریقەتی قادری بوون و وەك لەسەر زاری شەهرامی سۆفییەوە باسی دەکات:

( تۆمن ناناسی نەك ناوم شەهرامە بەڵکو کوڕەزای ئەوشەهرامەشم کەکتێبە سانکریستییەکەی بۆشێخی سپی وەرگێڕاوە ،................... دواتر باپیرم لەتاو موریدو پیاوەکانی ئەو هەڵهاتووە).ل85

ڕۆمانەکە باسی گەورەترین جەنگاوەرانی ئیبلیس مان بۆدەکات، ئەویش فەسادی ئەخلاقییە کەچۆن تەنگیان بەکۆمەڵگە هەڵچنیووە، بەتایبەتی لەلایەن مەسئول و دەسەلاَتدارانی کۆمەڵگەوە، نووسەر لەسەر زاری (ژینا)وە بۆمان دەگێڕێتەوەو ئەو وێنە زۆر تاڵ و سامناکەی فەسادکردنی کچان و ئافرەتانمان دەخاتەوە بیر، کەبەداخەوە بۆتە باجێکی بەردەوامی خۆجێکردنەوەی ئافرەتان، لەسیستمی بژێوی و نان پەیداکردندا ! ؟

یەکێك لەشتە سەرنج ڕاکێشەکانی تری ناو ڕۆمانەکە، ئەوەیە کە باسی دووکەسایەتی جیاواز دەکات کەدووانیان پیاون بەناوی (فەرهاد و شەهرام ) کەهەریەکەیان دوو ڕۆڵی تر دەبینن کەدەوری (خێر و شەڕ) ە ، هەروەك چۆن کەسایەتی "ژینا"ش دوولایەنەیە،

ژینا–یەك لەگەڵ هەردوو كەسایەتی ناو ڕۆمانەكە(جوت دەبێت )، بەڵام یەكێكیان بەخۆشی خۆی و ئەوی تریان بەئارەزووی پیاوانی هەوەس باز و شەهوانی كەدەیانەوێت پۆست و پلەی دەسەڵات و ئیدارییان لەپێناو تێركردنی غەرائیزە ئاژەڵییەكانی خۆیاندا بەكاربهێنن، بەبێ گوێدانە ئەو بەها كۆمەڵایەتییانەی كۆمەڵگەی كوردی، كەدەسەڵاتی دوور و درێژی فاشییانەی بەعسیش نەیتوانی بەو شێوەیەی كەسایەتییە دەسەڵاتدارە گریمانكراوەكانی نێو ڕۆمانەكە، كچان و ژنانی كورد داماڵێت لەمافی سروشتی پاكیزەیی و بوونی شەرەف و كەراماتی مرۆییان.. بەدرێژایی ساڵانێك بەعس نەیتوانی تەنانەت كەمترین ژمارەش لەكچان و ژنانی كورد ئالوودەی لەشفرۆشی و سێكسبازی بكات؟!

لەزاری"ژیناوە"باسی "فەرهاد تانجووری یەكەم " دەكرێت، وەك مەسئول و دەسەڵاتدار ، دەڵێت:

(هەر دوا بەدوای ئەوە سەدانجار سوارم بوو ، بەوەش ڕانەوستاو منی گەیاندە لای كەسانی لەخۆی باڵادەست ترو لە هەموو شاردا بەسۆزانی ناسراوم و خەڵكی تریش پێم فێربوو...)ل103.

نووسەر لە ڕۆمانی"وێڵگەی یادەوەرییە گریمانكراوەكان"دا دووجەنگاوەری هەرە ترسناك بەخوێنەر دەناسێنێت ..ئەم دوو جەنگاوەرەش خۆشەویسترین جەنگاوەرانی ئبلیس–ن ئەوانیش : ( میجەرسۆن–ی جاسوسی ئینگلیز و ژنی توجارباشییە) كەدەیەوێت كاری بەد ڕەوشتی لەگەڵ "مێجەرسۆن" بكات ، (مێجەرسۆن ) هەم جەنگاوەری شەیتان و هەم كاراكتەرێكی سیاسیشە ، وابەستەبوونی ژنی تووجارباشییەكەو مێجەرسۆن لەكردەیەكی سێكسیدا و بەرجەستەكردنی لەبەشێكی ڕۆمانەكەدا، بەكارێكی تەسادووفی ناچێت ، چونكە هەمیشە (سیاسی و بازرگانەكان ) دوو دیوی یەك دراوون و ئەشێت ئەم ژنەی تووجارباشییەكە ئەم كارەی بەئاگاداری یان چاوپۆشی مێردەكەی لەگەڵ"مێجەرسۆن" كردبێت و مەبەستیش مەیسەركردنی مامەڵەو ئیش و كارە بازرگانییەكانە كەلەو سەردەمەدا ئینگلیز تێیدا باڵادەست بووە..

مێجەرسۆن لە ڕۆمانەكەدا دەبێتە گێڕەرەوەو باس لەوە دەكات چۆن ژنی تووجارباشییەكە بەگیری دەهێنێت و دەڵێت:

(كاتێك ویستم لەدەستی هەڵبێم توند زەكەری گرتم و گوتی لەدەعبا خەتەنەنەكراوەكەت دەترسیت، نەدەكرا لەوە زیاتر منجڕی بنوێنم ، هەربۆیە خۆم تەسلیم بەمێینەیەكی ئالۆشاوی كرد، ئاوەڵكراسە شین باوەكەی داكەندوو كەواو كراسەكەی هەڵدایەوە لەدواوەڕا سوار خۆی كردم ، هەرلەیەكەم ساتەوە هەستم كرد سواری هەموو مێینەكانی شارەكە بووم و هەرچەندە گرتنی ئەو شارە ئاسانترین كارێك بوو، كاتێك سووپاكەمان مەبەستی بووایە بیگرێت، بەڵام هەر لەو ساتەوە

هەستمکرد شارمان گرتووەو تازە بۆ هەتا هەتایە هی خۆمانە. زۆر بەئاستەم ئالۆشیم بۆ دامرکایەوە، شێتانە پەلاماری زەکەرمی دەداو شوێن گۆرکێی پێدەکرد، تابرِست و هێزی تەکاندانم تێدا مابوو دەستبەردارم نەبوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت سێکسی لەو چەشنەم نەکردووە، چێژێکی سیحرییانەی پێبەخشیم، دەیان جار سوپاسی "شەهرام"ی ساحیر دەکەم، کەتوانی بەگاییني چەندین مێینەی ئەم شارە دەرکەی گۆڕانکارییەکان بخاتە سەرپشت، سوپاس بۆ ئەو کەپێش ئەوەی ئێمە خەڵکە بنەڕەتییەکەی شارەکە بگۆڕین و بەزەحمەتێکی زۆر مێینەکانیان بهێنینە ژێر خۆمان ئەو هێنایە ژێرمان، دەبێت خاترجەم بین لەمڕۆوە شار لەژێرماندایە )ل57_58

ئەوەی کە نووسەری ڕۆمانی"وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان" لە ڕۆماننووس و نووسەرەکانی تری کورد جیادەکاتەوە ئەوەیە بەپێچەوانەی ئەوانەوە کەباسی سێکس دەکات دەیەوێت سێکس لە بەرچاوی خوێنەر ناشرین بکات.

ئەگەر بڕوانیتە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف و بەختیار عەلی و شێرزاد حسن ) دەبینیت لادانە سێکسی و کردارە ناشەرعییە سێکسییەکان لای تۆی خوێنەر شیرین دەکرێت، بەناوی ڕۆمانسیەت و فانتازیاوە مێشکی خوێنەر بەرەو شوێنێکی غەریزی و شەهوانی دەبرێ.

هەموو ئەمانەش لەفەرهەنگی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا شوێنی نابێتەوە، تۆ چەند بڵێیت و بڕێسیت و ژنان و ئافرەتان بەرەو سێکسی ئازاد بانگ بکەیت، دواجار کۆمەڵگە بەسووك سەیریان دەکات یان دەیانکوژێت، تازەترین نموونەش کوشتنی ئافرەتێك بوو، لەناو جەرگەی پایتەختی ڕۆشنبیری و لەپارکێکدا کەناوی "پارکی دایك"ە، کەڕەمز بوو بۆ جوانترین سیفاتەکانی ئافرەت کەدایکایەتییەو ئێمە هەموومان لەدایك بووین، دایك–ێك کەدەبێت قەناعەتمان بەپاراستنی بوونی مرۆییانەی بێت، هەر لەیەکەم ڕۆژی لەدایك بوونییەوە تا مردنی.. ئیتر لەم سەفەری لەدایك بوون تا مردنەی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی، تاوانە حەزە سێسکییەکانی نەوەی ئادەم بکرێتە وەسیلەی بازرگانی و هەوەس بازی، لەکاتێکدا بەپێی عورف و عادەت و ئاینی کۆمەڵگەکان ئەوەی پێویستە بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی ئینسان لەڕووە شەرعییەکەیەوە ڕێپێدراوە.

هەر کوشتنیشە چارەنووسی پاڵەوانە ئافرەتی ناو ڕۆمانەکە، لەزاری( ژینا) وە:

(چەند مێینەی وەك من کوژران ، ئێمە ئیختیارێکمان نەبوو لەوەی کە ڕویدا نەدەکرا بەپێچەوانەی ئەوشەپۆلانەوە مەلەبکەین کەئێمەی بەرەو مەرگ برد).ل111

پاشان( ژینا) باس لەشێوە کوشتنەکەی دەکات :



(ئەوەی دوای کوژرانم نیگەرانی کردم شێوەی کەوتنەکەم بوو بەچەشنێك ئەوانەی بینیانم تێر ڕوانییانە دەرپێکەم ، ئەودەرپێیەی کەدەبوو بە پێی زەوقی ئەوانەی لەگەڵیان ڕادەبوێرم زوو زوو بیگۆڕم...)ل111

لە پاشکوژرانم: ( زۆر شتم لە بارەوە گوترا، زۆر شتم لەبارەوە نووسرا، زۆرشتم لەبارەوە خوێنرایەوە کەهیچیان پێوەندییان بەڕاستییەکانی ژیانی منەوە نەبوو، کاتێك پۆستەرەکانی خۆم دەبینی بەهەموو شوێنێکی شاردا هەڵواسراون، زۆر نیگەران دەبووم بەو هەموو درۆیەی لەبارەی منەوە نووسرابوو). ل133

لە کۆتایدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کەئەم ڕۆمانە کۆمەڵێك پرسیار و گومانی تێدایە کەخوێنەر پێویستە خۆی وەڵامی خۆی بداتەوە، بەردەوامی پێدەدات تادەگاتە یەقین و ماهییەتی بوون، هەرچەندە ئینسان کردەوەکانی دابەشی دووبەرە دەبن(خێر و شەڕ)، ئەمەش ئەوکاتە جیادەکرێتەوە کەئینسان دەگاتە مردن و(یەقین) کەلە ڕۆمانەکەدا زۆر جوان باسی مەرگ دەکات و زیاتر پاش دیمەنە سێکسییەکان دەیهێنێتەوە بەرچاوت، واتە هەمیشە دەرچوون لەدنیاو فەنابوونت پیشان دەدات و بەمەش مۆرکێکی عیرفانی لەخۆدەگرێت، چونکە یەکێك لەخاڵە سەرەکییەکانی ئەدەبیاتی عیرفانی باسکردن و بارزکردنی مەرگ و فەنابوون و پووچگەرایەتی ئارەزووە کاتییەکانە.

ڕۆمانی "وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان" بەڕای شەخسی خۆم، بەئەدەبیاتێکی عیرفانی جوانی کوردی دادەنێم.. گەشتی مرۆڤە لەگومانەوە بۆ ئیمان.. بەبڕوای من دەبوو ناوی ئەم ڕۆمانە (ئیبلاس و ماجەراکانی) بووایە کەچەندین کاراکتەر بەشدارن لەگێڕانەوەیدا و بەمەش دەبێتە ڕۆمانێکی فرە دەنگی.

ئامانجی ڕۆمانەکە :

نووسەر سەرباری ئەوەی کە بەشێکی زۆری ڕۆمانەکەی تەرخان کردووە بۆگەمەکانی ئیبلیس "ئیبلاس " ، بەڵام ئەم ڕۆمانە لەئەدەبیاتی کوردیدا یەکەم ڕۆمانی "تەسەووفە" کەنووسرابێت

چونکە لەسەر زاری "حەلاج"ەوە ، دنیابینیمان بۆمەرگ و بۆ ژیان وماهییەتی بوون دەگۆڕێت، "ئیبلیس" مان لەڕوانگەی سۆفییەکانەوە بۆ شی دەکاتەوە.. کەبەتەسەووری ئەوان دواجار ئەوە ئێمەین بەخراپەکانمان ئیبلیس–ەکان تێپەڕدەکەین و خۆبەخشانە ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین، تا ببینە جەنگاوەرێکی ڕێگەی تاریکی و خراپەکارییەکانی ئیبلاس.

ڕۆمانەکە کۆمەڵێك پرسیاری حەقیقی و گوماناوی هەڵدەداتە ناومێشکی خوێنەرەوە، کۆمەڵێك بۆچوون دەوروژێنیت کە ئەساسیاتی بوونی مرۆڤ پێك دەهێنێت.. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە با بگەڕێینەوە بۆ ڕۆمانە کە لە بەشی (پێنجەمی گێڕانەوەکانی فەرهاد تانجوری دووەم ، لە لاپەڕە 104 بۆلاپەڕ 110 کەتەواوی ئامانجی ڕۆمانە کە ڕوون دەکاتەوە لە سەر زاری هەر دووکارەکتەری "چاك و سۆفی " واتە "فەرهاد تانجووری دووەم و شەهرامی سۆفی" شەهرام، فەرهاد بەموریدی خۆی دەزانێت و پێی دەڵێت:

(تۆ بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانیت باشترین موریدی ڕێگەی دۆزینەوەی شتە نەزانراوەکانیت، توانیت دوورترین ڕێگەی سەفەر بگریتەبەر و بەچەشنی سۆفییەکان دنیا بگەڕێیت، تۆ ئەو کەسەی لەنێو وشەکاندا بۆ مانا ناگەڕێیت، وشەکان وەهمن و ڕاستییەکان لەنێو وێنەکاندان، بەبێ بینین هیچ شتێك بوونی نییە، خۆشەویستییەکی نەبینراو خۆشەویستی نییە، خۆشەویستی لەنێو وشەکاندا وەهمە...)105

ئەوەی گرنگی ئەم ڕۆمانە زیاتر دەکات ئەوەیە کەتوانیوویەتی زۆر بەباشی زاڵبێت بەسەر تێکشکاندنی "شوێن و کات"دا بەچەشنێك توانیوویەتی هەموو ڕووداوەکان لەشارێکی بچووك–گەوەرەدا جێ بکاتەوە، ئیتر خوێنەر دەتوانێت بەکەیفی خۆی تەسەووری ئەو شارە بکات، لای من شتێکەو لای خوێنەرێکی تر شتێکی تر.. ئەمەش گەورەترین دنیا بینی تەسەوف و سۆفییەکانە بۆ ژیان و تەماشاکردنی گەردوون و بینینەوەی لەجووڵەی بەردەوامدا.. سۆفییەکان بەچاوی دڵ دەڕواننە بوون و گەردوون.

لەڕۆمانەکەدا ئەو ڕاستیە دەردەکەوێت، بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ بەناوی خوای گەورەوە چ کارەساتێکی گەورەی خوڵقاندووە، وەك نوێنەری خوداو دنیای غەیبیی لە هەوڵی کوشتن و بریندارکردن و ڕووخاندندا بووە، ئەمەش بەناوی یاساگەلێکەوە کەبۆ خۆی داناوە..ئاخر حاموڕابی یاسا بۆ دەربکات لە کاتێکدا خۆی خوێنڕێژترینە کەچی یەکەمین کەسە لەمێژوودا قوتابخانە بنیاد دەنێت و یاسا تەشریع دەکات و لەسەر بەرد بۆ هەتا هەتایە بەفەرمانی ئەو دەنووسرێتەوە.

( ئێمەیەك کەبەفیترەت وغەریزە بارگاوین بەشەڕەنگێزی بەچی دەستەمۆ کەوی دەبین )ل107

دەبێت بەشوێن ڕێگەچارەیەکدا بگەڕێین  لە بەدبەختی و کلۆڵی ڕزگارمان بکات، ئەویش  لای نووسەر بەو مەرگەوە بەستراوەتەوە کە حەللاج  داوای دەکات و لەڕۆمانەکەیدا لە زۆر شوێن نزیک دەبێتەوە لەو مەرگەو پرسیاردەکات و دەڵێت:

( کەئێمە مەحکوم بین بەمەرگ بۆدەبێت بژین  بۆدەبێت هەبین و ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیە بکێشین، چ وەهمێکە ئەو ژیانەی ئێمە تێیدا دەژین )ل104.

ئەمەش هەمان قسە بەناوبانگەکەی حەللاجە کەدەڵێت :

اقتلوني ياثقاتي ان في قتلي حياتي
ومماتي في حياتي و حياتي في مماتي

بمکوژن بمکوژن ئەی متمانە پێکراوەکانم (نەك دووژمنەکانم ) چونکە لەکوژرانیشمدا ژیان هەیە.

************************************************

سەرچاوە: وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان- یوسف عزەدین-ڕۆمان-بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی-چاپخانەی شڤان-2009

ڕوونکردنەویەکی پێویست:

لەگەڵ ئەوەی بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەمان توانیوە وە (ڕەنگە نەتوانین) وەرزانە و لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا ژمارەی نوێی ئەم گۆڤارە بخەینە بەر دیدەی خوێنەران ، بەڵام بە پشتیوانی خوا بەردەوام دەبین ، وە دلوا لە نوسەران و ڕۆشنبیران دەکەین کە بابەتەکانیان بنێرن بۆ ئەم ئیمەیل ئەدرەسە: (Rwn2010@yahoo.com)

## سوپاسنامە

سوپاسی سەرجەم ئەودەزگاو کەسایەتییانە دەکەین کەهاوکاری گۆڤارەکەمانیان کردووە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت .

1- ئۆفیسی گشتی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان .

2- مەڵبەندی 10ی شارەزووری یەککرتووی ئیسلامی کوردستان .

3- بەڕێز ( وریا کریم ) کەهاوکارێکی گرنگمان بوو وە بەردەوام لەڕوی دیزاینەوە هاوکاری کردووین بێ بەرامبەر.

4- بەڕێز (محمەد عەقراوی) دەکەین کەچەند لۆگۆیەکی (گۆڤاری ڕوون) ی بەدەستەجوانەکانی بۆ نەخشاندووین.

5- بەڕێزان (گەشتیار کەوڵوسی و نەوزاد علی ) دەکەین کەهاوکار جدیمان بوون و لە دەستەی نوسەران بوون بەڵام بەهۆکاری سەرقاڵ بوون نەیان توانی بەردەوام بن .

6- ئوفیسی سەیدسادق و سەرجەم ئۆفیسەکانی تری سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان دەکەین کەئەم پرۆژەیان بەهی خۆیان زانیوە و هاوکاری مادی و مەعنەویمان بوون.

7- هەمووئەوبەڕیزانەش کە بەبابەت وتێبینییەکانیان گۆڤارەکەمانیان دەوڵەمەندکردووە.